# له داوێنی ئاربەبا

## ژمارە ٥٦



سەرنووسەر و بەڕێوەبەر : ک.د.ئازاد    کاناڵی تێلگرامی : @Le_Daweni_Arbebawe    ژمارە ٥٦ ـــ ڕێبەندانی ٢٧٢٤



بۆکان ــ هاوینی ١٣٩٢ ی هەتاوی ــ نووسەران، شاعیران و هونەرمەندانی شارەکانی سەقز، بۆکان و بانە
عەباس ئەیووبی ــ مستەفا شێرزاد ــ فتاح ئەمیری ــ ساڵە سووزەنی ــ ک.د.ئازاد ــ ئەحمەد مەولانی ــ ئاسۆ ــ مستەفا ئیلخانی زادە ــ کەریم حیکمەتی ــ چیا نەجاڕی ــ سەعدی ئەیووبی
دانیشتوان: ئەحمەد چاک ــ هێمن عەبدوڵڵاپوور

# پێڕست

مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان / فەرهەنگی زارەکیی موکریان و دواگوژمەکانی گەمییەوانانی زەریای زمانەوانی ..... ٣
هەورامان. هۆمەر نۆریاوی/ پێنووسێکی پاراو بۆ زمانێکی غەدرلێکراو ..... ٤
مەهاباد. تاهیر عەزیزی/ بەیداخی بەرخۆدان ..... ٥
سنە. عیسا ئەحمەدی ــ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی ــ بانە. فەتاح ئەمین زادە/ ڕۆحێکی هارپاو ــ کاریکاتۆر ــ مافی هـەژاران ــ سەرچاوە ..... ٦ــ٧
پیرانشار. خ. ئەویندار ــ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی / یاسا، سروشت، ئازادی ــ کاریکاتۆر ..... ٨
سنە. موحەمەدهادی مورادی ــ مەهاباد. سووتاو/ وەرگێڕانی شێعر بە کوردی ــ شێعر و پەخشان ..... ٩ــ١٠
ئیلام. کەیوان داودیان ــ ئیلام. وەلیمحومەد ئومیدی ئیلامی / شێعر ..... ١١
سنە. عەلی سوهرابی / پێکهاتەی داستانی ــ شانۆیی «دارەپیرە»ی جەلال مەلەکشا ..... ١٢
بۆکان. جەعفەر نەوبەهار ــ سەقز. عەتا ساڵح پوور / شێعر ..... ١٦
بۆکان. سەعید سەلیمی بابامیری/ وەرگێڕانی شێعری هێمن بە ئینگلیسی ..... ١٧
بۆکان. سەید یاسین قورەیشی"بێ‌لان" ــ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی / شێعرێکی تەنزاوی شەوی یەڵدا ــ کاریکاتۆر ..... ١٩
بانە. سۆران حوسێنی ــ مەهاباد. جەعفەرمەعروف(ژیار)/ شێعر ..... ٢٠
بڕووجرد. زانا کوردستانی/ ژیاننامە و بەرهەمی گۆران مەریوانی ــ ڕێباز سالار ــ ڕێبوار تەها ــ غەمگین خدر ــ بڵاوەو بۆ! ..... ٢١ــ٢٤
دێولان. ڕەنجبەر / مێژووی پیر شالیار و بیر و بۆ چوونەکان ..... ٢٥
مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی ــ سەردەشت. سەلام پارسا / شێعر ..... ٢٦
ئیلام. رودوس فەیلی (مستەفا بەیگی)/ شێعر ..... ٢٧
ئیلام. کامران ڕەحیمی / باڵندەیەک لە گەرووی‌دا دەچریکێ ..... ٢٨
بانە. ف. هەتاو ــ ئیلام. جلیل صفربیگی "واران/ شێعر ..... ٢٩
بۆکان. سەلاح نیساری ــ بانە. ک.د. ئازاد ــ ئاودانان (ئاونۆ ــ آبدانان ایلام) .نەبی ئەحمەدی / شێعر ..... ٣٠
هەولێر. ئومێد قەرەنی/ وەرگێڕانی شێعری یۆنانی بە کوردی ..... ٣١
سەقز. نارین ئەڵلامورادی(پرۆشا) ــ سەقز. لقمان ئەڵلامورادی(مانگەشەو) ــ مەریوان. حەمید فەتحی / پەخشان ــ شێعر ..... ٣٢
شنۆ. د.عەلی ڕەزا محەممەدنیژاد/ چاوخشاندنێکی ڕەواناسانە بە سەر کەسایەتی ناو کورتە چیرۆکی «کوردستان» ی مارف ئاغایی ..... ٣٣
سەولاوا. ساسان مۆنفەرێد[بێوەر] / ژیاننامە و شێعری سیاوش زەبێحی کوڕی عەدنان ناسراو بە "بۆران" ..... ٣٦
مەهاباد. ســـەلاحـــەددیـن ئـاشـــتـی/ فـەرهـەنـگی نـاو، ئـاوێـنـەیـەکی تـرووسکـەدار ..... ٣٧
ئیلام. موحسن زارعی/ شێعر ..... ٣٨
بانە.ف.هەتاو/ مەهاباد نقێمی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ..... ٣٩
بانە. حسێن بەگ ــ سنە. زەمان/ شێعر ..... ٤٠
مەهاباد. ڕەزا یارئەحمەدی (کارزان) / چاوڕەش ..... ٤١
بانە. ئامینە ءەزیزی" سروور" /چەند کورتە چیرۆک ..... ٤٤
بانە. حسین حکیمی / خۆزگەکان ..... ٤٥
مەهاباد.قادر حوسێن شەریفی/ ئاژەڵە ئازاکەی شاخ ..... ٤٦
مەریوان. محەممەد محەممەدپوور/ شێعر ..... ٤٧
تیکاب(هەوشار). مەهناز شەمسی / کۆمەڵێک شەونەخوونی ..... ٤٨
ڕەحیم‌خان. نادرمستەفازادە ــ سنە. پژمان حەبیبی/ وەرگێڕان ــ کورد و ئەردۆغان؛ دوو ڕوانگە و دوو مێژووی جیاواز ..... ٤٩
مەهاباد. ڕ.ش هاوڕاز ــ سەقز. بەفراو ــ سنە. عەلی سوهرابی ــ مەهاباد. ئاڕگەش/ وەرگێڕان ــ شێعر ..... ٥٠
مەهاباد . ئاڕگەش/ سنە پێتەختی کتێبی ئێران ..... ٥١
سەردەشت. ئەوین ڕەحمانی/ شێعر ..... ٥٣
بانە. بەیان خدری ــ جوانڕۆ. فەلاح وەیسی ــ پاوە. ئالان ڕەحمانی/ شێعر ..... ٥٤
بانە. حەمید رفاعی / چوارەمین ودوایین بەش، لە مێژووی حەکیمانی سەبەتڵووی بانە ..... ٥٥
پاوە. عوسمان ڕە حیمی هەجێجی/ شێعر ..... ٥٧
سەقز. فەریدەکاکی ــ سنە. گولاڵەسەڵواتی" گوڵیار" ــ سەقز. ژاڵە سەفییاری/ شێعر ..... ٥٨
سەقز. مریەم یەتیمی ــ بۆکان. ناتق مەجیدی(سۆران) ــ هەولێر. ڕەمەزانی ئەحمەد میرزا(بێدەر)/ شێعر ..... ٥٩
سەقز.غەفور کەسنەزانی" ژاکاو" / حاجی مەلا موحەمەد ڕەسووڵ ڕەشیدی حەمامیان ..... ٦٠
هەورامان. ئامینە ڕەحیمی "ژوان"ــ هەورامان. عەباس غەریبی ــ خانەگای پاوە. سەیید ڕەحمان مەحموودی/ شێعر ..... ٦١
سەقز. ئەوین ئەڵلامورادی(کچۆڵەی مانگ) ــ ڕەحیم‌خان. نادرمستەفازادە / شێعر ــ وەرگێڕان ..... ٦٢
بۆکان. خاڵند ئەحمەدی/ شێعری مناڵان ..... ٦٣



# فەرهەنگی زارەکیی موکریان و دواگۆژمەکانی گەمییەوانانی زەریای زمانەوانی

[بە بۆنەی چاپ و بڵاوبوونەوەی، بەرگی ١٥، وەک دوایین بەرگی فەرهەنگی زارەکیی موکریان]

مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان



لەم دواییانەدا دوایین بەرگی پڕۆژەی پڕپیت و فەڕی خەرمانی «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» لە لایەن «خانەی موکریانی» چاپ و بڵاوبۆوە و چاو و دڵی هەموو نووسەران و وێژەران و توێژەران و فەرهەنگدۆستان و مشوورخۆرانی ڕاستەقینەی زمان و کەلتوور و کەلەپووری کوردی پێ ڕوون بۆوە.

پڕۆژەی فەرهەنگنووسی زارەکیی موکریان تا ئێستا سەرجەم ١٥بەرگی فەرهەنگی ئەلفوبێیی لێ بڵاوبۆتەوە(هەروەها دووبەرگی سەربەخۆی دی، واتە: «فەرهەنگی زارەکیێ موکریان، خورد و خۆراک» و «فەرهەنگی زارەکیی، بەشی ژنان» لە ٨٥٦ لاپەڕەدا).

پڕۆژەی فەرهەنگی زارەکیی موکریان بە چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم دوایین بەرگە دڵئەنگێوەی، هەنگاوی ناوەتە قۆناغ و وارگەی کۆتاییی دڵئەرخەیانکەر و جێگرتوو و سەقامگیر کە وەک هەتاوی پڕتین و تاوی هاوینانی سارا و گەرمێنان تیشک و پڕشەنگی زێڕینی هاویشتووەتە گشت قەد و لاپاڵەکانی گەرمێن و کوێستانی کوردستان و لق و پۆپی داکوتاوەتە ناو هەناوی دڵبزوێن و ڕۆحهەژێنی جەستەی فەرهەنگنووسیی کوردیی سەردەمەوە.

مامۆستا سەلاح پایانیانی ورەبەرز و لێهاتوو و بەئەزموون، وردەوردە و وارگەوارگە پێی سەلماندین کە دەکرێ زمانی کوردیش وەک زمانانی تری خاوەن پلەوپایەی گەردوون، دەراوی ڕوون بەخۆیەوە ببینێ و ببێتە خاوەنی فەرهەنگێکی زانستیی وڵامدەر و کارا و داگر و تەکووز، لەسەر بنچینەی ماکە زمانییەکانی زمان - وێنەی زارەکیی ئەم بەشەی کوردستان.

گەر بە چاوێکی وردبینانە و شڕۆڤەکارانە و لێزانانە و پێزانانەوە بڕوانینە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی، لە سەردەمی ئەحمەدی خانییەوە تا چاخی ئێستا، تاکوتەرا بیرۆکەی وەگەڕخستنی پڕۆژەی فەرهەنگنووسیی کوردی لە بیرگەی زمانناسان و زمانزانانی کورددا گەرای خستووە، بەڵام تاقە پڕۆژەیەکی فەرهەنگنووسیی کوردی کە تا ئێستا توانیبێتی لە وارگەی بیرۆکەی گەرا خستنەوە بۆ قۆناغی کردەیی، وەگەڕ و گەڕیان کەوتبێ و بەو جێگەوپێگە دڵئەرخەیانکەر و سەقامگیر و جێگرتووە گەیشتبێ، تەنیا پڕۆژەی تاک و بێمیناکی فەرهەنگنووسیی زارەکیی موکریان -ە و بەس؛ بەتایبەت کە ئەم فەرهەنگە هەرماوە گەیشتۆتە قۆناغی دوایی و کۆتایی و وارگەی دڵنیایی و بستووی دڵئەرخەیانی، لە بەستێنی داهێنان و ڕۆنان و ئافراندن و خوڵقاندنی فەرهەنگنووسیی گشتگیردا. بەئەوپەڕی دڵخۆشی و گەشە و نەشەوە دەبێ ڕایگەیێنم کە گەمییەوانی فەرهەنگی زارەکیی موکریان بەم دوایین گوژمە، گەمییەکەی لە زەریای بێبنی فەرهەنگنووسی و کەلتوورناسی و زمانەوانیدا و بەسەر شەپۆلە فیتەر و زەبەلاح و باڵکێشەکانی ئەم زەریا زراوتۆقێن و پیرۆزەدا گەیاندە ڕۆخی دڵنیاییی کۆتایی و کەناری ئاکامی پڕپیت و فەڕی دوایی .

ئەو دیاردەیەی وا جێی تێڕامان و ئاماژەیە ئەوەیە کە ئەم پڕۆژەیە هەتا هاتووە هەم لە باری ناوئاخن و کاکڵەوە و هەم لە بواری توێکڵ و ڕواڵەت و دیمەنەوە بەرەژوورتر چووە و هەنگاوی تەرز و بەرزی ناوەتەوە و گەشەونەشەی بەردەوامی بەخۆیەوە بینیوە، بەو نێونیشانەیەی وا لەم دوایین بەرگەشدا هەر وەک هەشت بەرگەکەی پێشوو( واتە بەرگەکانی ٧و ٨و ٩و ١٠و ١١و١٢و١٣و(١٤، جیا لەوەی بەهۆی بەئەستۆگرتنی ئەرکی تاقەتپڕووکێن و دژواری «پێداچوونەوەی زانستی» لەلایەن مامۆستا عەزیز ئالی، وەک پێداچۆڕەوەیەکی لێهاتوو و شارەزا و وردبین و پسپۆڕ، نرخ و بایەخی ئەم ئاسەوارە بەپێز و بەهێزە، هێندەی تر بەرزبۆتەوە، هەروەها مامۆستا عەزیز ئالی لە ژێرەوەی بەشێکی زۆر لە ماکە و نێرتکە زمانییەکانی ئەم دوایین بەرگەدا تێبینی و شرۆڤە و لێکدانەوەی وردبینانە و زانستیانە و ڕوونکەرەوە و بەراوردکارانەی لە بواری ڕێزمان و وشەناسی و ڕەچەلەکناسی و ئێتیمۆلۆژیی وشەکان و زاراوەکان بەدەستەوەداوە کە بەبێ پیاهەڵگوتن و «مُجامله»، جیا لەوە کە نرخ و بایەخ و ئاستی ئەم ئاسەوارەی فرە پێ چۆتە بان، لەلایەکی تریشەوە پتر لە پێشوو ئاستی بەرزی زمانزانی و زمانەوانیی خۆی بە خوێنەری زیت و لێزان و وریا ناساندووە و سەلماندووە. مامۆستا عەزیز ئالی لە ڕاستیدا ئەو بۆشاییەی لەو فەرهەنگەدا پڕکردووەتەوە کە ماوەی نیوسەدە دەبێ لە فەرهەنگە پێشکەوتووەکاندا لە ژێر سەردێڕی «بەکارهێنانی کردەیی» (=practical usage)، وەک بەشێکی پێویستی ڕێزمانی و وشەناسی و ڕەچەلەکناسی، لە ژێر تاقمێک لە ماکە و نێرتکەکان کە پێویستییان بە تێبینی و لێکدانەوەیە، تۆمار دەکرێ.

شوکرانە بژێریی خۆمان ئاراستەی دەرگانەی خوای تاک و پاک و بێمیناک دەکەین کە ئەم گەمییە شکۆدار و پیرۆزە بە دواگوژمەکانی ئەم دوو گەمییەوانە لێزان و شارەزا و بوێر و ورەبەرز و چاونەترسە، گەیشتە کەنار و ڕۆخی کۆتایی و ئاکامی دوایی و مەڵبەندی هەرمان و هەتاهەتایی.



# پێنووسێکی پاراو بۆ زمانێکی غەدرلێکراو

(فەتتاح ئەمیری لە یادگەی مندا)

هەورامان. هۆمەر نۆریاوی












ئەو بزاوتەی دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران(١٩٧٩ی زایینی)بۆ نووسین بە زمانی دایک دەکەوێتە ڕێ،ئەمجارە لە چاو ڕابردوو بە شێوازێکی بەرفرەوانتر و زۆر خێراتر هەر هەموو شار و شارۆچکە و گوند و لادێیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە و گۆمە مەنگەکە دە هێندە دەشڵەقێنێت.هەوڵەکان وەک هەمیشە سەرەتا ڕووی لە تاکی خەمخۆری چاند و زمانی کوردی دەبێت و پێشڕەوکان دێنە نێو مەیدانەکە و گوڕ و تینێکی تایبەت بە بزاوتەکە دەبەخشن.

یەک لەو سیما و کەسایەتییە ناوئاشنا و زمانپاراوانەیش"فەتتاح ئەمیری"یە کە لە ڕێی دنیای بەرینی ڕۆمانەوە پێ دەنێتە نێو مەیدانەکە و پێنووسەکەی دەخاتە خزمەت بڵاوکردنەوە،گەشەبەخشین و پێشخستنی زمانی دەوڵەمەندی کوردی. سەرەتا ساڵی ١٩٩٠،ڕۆمانی"هاوارەبەرە"،وەک نۆبەرە،لە لایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی،ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەییووبی لە ورمێ بڵاو دەکاتەوە کە زۆر زوو جێی خۆی لە دڵاندا دەکاتەوە و خوێنەرێکی فرە دەدۆزێتەوە. نووسەر ئەوەندە بە کوردییەکی سادە و ساکار و پاراو و زەنگین دەنووسێت کە بە هەزاران وشە و دەستەواژەی نوێی سەرزاران دەخاتە خزمەت زمانی نووسین.

لە لای فەتتاح ئەمیری،زمانی گوند(شێوەئاخاوتنی گوندییانە) ئەوەندە پاراوە کە ڕۆمانەکانی دەستپێک بەو شێوازە دەنووسێت.

فەتتاح ئەمیری لە وتووێژێک دەگەڵ گۆڤاری سروە هەر سەبارەت بەم پرسە گرینگە دەڵێ:"بۆ لاوەکانیش،من پێم وایە دەبێ زمانی ڕەسەن لە گوندەکاندا بدۆزنەوە و لە وشەداتاشین خۆ بپارێزن".(گۆڤاری سروە،مارف ئاغایی،ل(٢٣

ئەم پرسە یادەوەرییەکی هەرە شیرینی سەردەمی دامەزرانی کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا((١٩٧٠م لە لا زیندوو دەکاتەوە کە بڕیار دەدرێت بۆ کۆکردنەوەی خەرمانەیەک وشە و دەستەواژەی پاراو و ڕەسەنی کوردی،دەستە و گرووپێکی تایبەت ڕەوانەی گوند و لادێیەکانی کوردستان بکرێت و بەری ئەو گەڕانەیش دواتر لە بەرگێکی زانستییانەدا بخرێتەوە خزمەت زمانی نووسین. لێرەوە پەی بە دەوڵەمەندبوونی ئەم شێوەئاخاوتنە دەبەین کە گەر بکەوێتە دەست لێزان،خەمخۆر و دڵسۆزی خۆی، دەتوانێت و دەزانێت چلۆن زمانی کوردی سەد هێندە پێ زەنگینتر بکات کە پڕ ڕوونە ئەم گرینگەیش لە هەموو کەسێک ناوەشێتەوە و فەتتاح ئەمیرییەکانی گەرەکە تا پێنووسەکە بەدەستەوە بگرن.

هەر لەم ڕێگەیەوە فەتتاح ئەمیری هەزاران وشە و دەستەواژە و ئیدیۆم بۆ نێو ڕۆمانەکانی دەگوێزێتەوە کە دواتر دەبنە فەرهەنگۆکێکی دەوڵەمەند بۆ زمانی کوردی.توانا و دەستەڵاتە باڵاکەی ئەم ڕۆماننووسە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم شارا زەنگینە لە وشەی گوندییانە دەخاتە خزمەت زمانی نووسین.

خاڵێکی باڵکێشی دی سەبارەت بە فەتتاح ئەمیری ئەوەیە کە ئەم ڕۆماننووسە دوابەدوای بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری سروە کە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥ی زایینی)لەسەر دەستی شاعیر و ڕووناکبیری ناسراو"هێمن موکریانی"(١٩٨٦ ـ ١٩٢١)دەردەچێت،پێ دەنێتە نێو بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی و دواتر لەم گۆڤارە بەپێزەدا دەوری کارا دەبینێت و گۆشەی "سروەی ئازیز"دەنووسێت. ئەم نووسەرە هەر نۆبەرەکەیشی(هاوارەبەرە)لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی،ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەییووبی لە ورمێ چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

قۆناخێکی تری ژیانی ئەم کەسایەتییە کوردە ڕووی لە ئەنجوومەنی ئەدەبیی بۆکانە کە دواتر دەبێتە دەنگ و سیمایەکی ناودیاری نێو ئەنجوومەنەکە و لەو سەنگەرەوە درێژە بە ڕاژە و خزمەتەکەی بە سامانی فەرهەنگیی کورد دەدات.

ڕەهەندێکی دیکەی پەرۆشەکەی ئەم نووسەرە ڕووی لە پاراستن و خزمەتکردنی زمانی پاکژی کوردییە.ڕاستە لەبەر غەدرێکی دیرۆکیی بەرانبەر زمانی کوردی کە سەرچاوە و هۆکارەکەیشی بۆ زاڵبوونی زمانی سەردەست دەگەڕێتەوە،هەرگیز وەک پێویست ئەو مۆڵەت و دەرەتان و دەرفەتە بەم زمانە نەدراوە بە فەرمی پێ بنێتە نێو کایەکانی ژیانەوە بەڵام لە بن سێبەری سەدان خەباتکار و ڕۆڵەی ئەمەکناسی کورددا ئەم زمانە هەر درێژەی بە سەلماندنی بوونی خۆی داوە و بەم هەموو غەدرە دیرۆکییەیشەوە تا دێت زێتر بوونی خۆی لە نێو زمانە زیندووەکانی دنیادا دەسەلمێنێت و هەنووکەیش بەرەو قۆناخی بەزانستیبوون مل دەنێت کە لێرەوە ئەرکەکە پڕ گرانتر دەبێت و پێویستە زانستوەری کورد بەدەستوبرد بێتە نێو مەیدانەکەوە کە بەختەوەرانە گەلێک هەنگاوی بڵندیش لەم پێوەندییەدا هەڵگیردراوە. لە ڕۆژ ڕوونترە کە بڕینی ئەم ڕێگە پڕ هەوراز و نشێو و دوور و درێژەیش لە سای سەدان ڕێبواری خەمخۆری وەک "فەتتاح ئەمیری"یەوە مەیسەر بووە. هەر بۆیە ئەم ڕۆماننووسە پێی وایە یەک لە کۆسپەکانی بەردەم نووسینی پاراوی کوردی ئەوەیە کە "زۆر کەس وەک فارس و عەرەب بیر دەکاتەوە و بە کوردی دەنووسێت کە ئەوە نابێ". لە ڕاستیدا هەر ئەم پەتایە ئێستاکە بەرۆکی زمانی کوردی گرتووە و پێویستە بە هەموومانەوە کار بۆ دەربازبوون لەم قۆناخە ئاڵۆسکاوە بکەین.

دیارە یەک لە هۆ و هەگەرە سەرەکییەکانی ئەم پەتا کوشندەیەیش ڕووی لە خەمساردیی خوێندەواری کورد خاسما توێژی زانستوەرە کە ئەوەندە لە نێو زمانەکانی دیکەدا(بەتایبەت زمانی سەردەست)نغرۆ بووە،زمانە دەوڵەمەندەکەی خۆی لە لا نزم و نەوی دێتە بەرچاو. هەر هەمان ئارێشە کە ڕۆماننووس و ڕووناکبیری کورد،فەتتاح ئەمیری ئاماژەی پێ دەدات.

وەک خودی خۆم(نووسەری ئەم دێڕانە)ڕاستیت گەرەکە زۆر پێش ئەوەی لە نزیکەوە فەتتاح ئەمیری ببینم،لەڕێی نووسینەکانییەوە دەمناسی و ئاشنا بە قەڵەم و خامە پاراوە کوردییەکەی بووم. لە ناوەڕاستی شەستەکانی هەتاوی(ناوەڕاستی هەشتاکانی زایینی)خوێندکاری زانستگەی تاران بووم. سروە و ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی(پەخشکاری سەلاحەدین ئەییووبی) هاتبوونە نێو کایەی ڕۆشنبیریی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە. هۆگرێکی هەرەقەتی سروە و بەرهەمەکانی ئەم ناوەندە بووم. هەر لەو ڕۆچنەیەوە بە پێنووسی فەتتاح ئەمیری ئاشنا بووم کە گۆشەیەکی لە سروەدا(سروەی ئازیز) بۆ خۆ کردبووەوە و بەری خامەکەی بۆ خوێنەر و بەردەنگ دەگوێزتەوە. بەڵام دواتر و بۆ جاری یەکەم لە کۆڕەیادەکەی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی((١٩٩٥کە بۆ ڕێزنان لە کەسایەتی مامۆستا"عەبباس حەقیقی"(١٩٩٧ ـ ١٩٠٢)شاعیر لە شاری بۆکان،بەڕێوە چوو،چاوم بە فەتتاح ئەمیری کەوت کە

ئەندامێکی کارای دەستەی بەڕێوەبەر بوو. من دەگەڵ دوو هاوڕێی هێژام بە ناوەکانی برایم بەریاجی(شاعیر و میدیاکار) و هاوژینەکەی سوورەییا مەولانی(میدیاکار)بانگهێشتی ئەو کۆڕەیادە کرابووین و لە تارانەوە ڕوومان لە بۆکان نا کە سەفەر و گەشتەکەمان چەند یادەوەری سەیر و جیاوازی لێ دروست بوو کە نووسین و گێڕانەوەی با بمێنێت بۆ کات و وەختی خۆی. من لەسەر شیعرێکی مامۆستا حەقیقی بابەتێکم ناردبوو کە دیارە وەرگیرابوو و بابەتەکە بە قسەی خودی بەڕێوەبەران بە یەکەم ناودێر کرابوو. یەک لەو سیما نازەنینانە بەوپەڕی میهرەبانییەوە ئامێزی لە ڕوو کردینەوە، فەتتاح ئەمیری بوو. یادەوەری ئەو ڕووداوە فەرهەنگییە هەر هەمیشە لە خەیاڵدانمدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

ئەرچی کۆچی دواییی فەتتاح ئەمیری بە خەسارێکی گەورە بۆ ئەدەبی کوردی دادەنرێت بەڵام ئەوەندە وشەی ڕەنگاڵەیی بۆ زمانەکەی بەجێ هێشتووە کە هەر ساتە و ڕوو لە بەرهەمێکی بکەیت، سەدان پەیڤی نازەنینی کوردییت بەدەستەوە دێت و گەلێک کەلێنت بۆ پڕ دەکاتەوە کە هەر ئەوەندەیش بەسە بۆ گەورەیی ئەم نووسەرە کوردە.

جێی ئاماژەپێدانە فەتتاح ئەمیری، ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی((١٩٤٦لە گوندی "مەنیچەر"ی محاڵی "ئاختاچی"سەر بە شاری بۆکان چاوی لە ڕووی ژیان هەڵدێنێت و ڕۆژی ٢١ی دیسەمبەری ١)٢٠٢٤ی بەفرانباری (٢٧٢٤یش لە تەمەنی ٧٨ساڵیدا بۆکان بۆ هەمیشە دەبێتە دواهەواری و خاکی ئەوێندەرێ بۆ لەمەوبەدوا دەبێتە نزرگەی ئاشقانی ئەدەبی کوردی و لە تەنیشت گۆڕە پیرۆزەکەی مامۆستا "عەبباس حەقیقی" دا بە خاکی نیشتمان دەسپێردرێت.

ئەم ڕۆماننووسە بەدرێژایی ساڵانی تەمەن ئەم بەرهەمانەی بە کتێبخانەی کوردی بەخشیوە: ڕۆمانی"هاوارەبەرە"، ساڵی ١٩٩٠، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەییووبی لە ورمێ، ڕۆمانی میرزا، ١٩٩٣، چاپەمەنیی خانی، ڕۆمانی زیندەخەو، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، ٢٠٠٣، هەولێر ، گێژەڵووکە(بەرگی یەکەم) و خەم و خەیاڵ(بەرگی دووەم)، پەخشکاری ئامیار، چاپی یەکەم، ١٤٠٠ی هەتاوی.

ژێدەر:
وتووێژی تایبەتی هاژە لەگەڵ ڕۆماننووسی کورد فەتتاح ئەمیری، ڕەزبەری ١٣٩٤ی هەتاوی
فەتتاح ئەمیری لە گێڕانەوەی ڕیاڵەوە تا خولقاندنی کەشی جادوویی،ماڵپەڕی کوردشۆپ
"شەونم"*ی نێو وێژەی کوردی، نووسین و توێژینەوە ،هۆمەر نۆریاوی، ژمارە ٤ی گۆڤاری "ڕێزان"، ڕەشەممەی ١٣٩٣ی هەتاوی، ڕووپەڕەکانی ١٤تا ١٨
*شەونم، ناوی بەرهەمێکی مامۆستا "عەبباس حەقیقی"یە.
گۆڤاری فەرهەنگی، ئەدەبیی سروە، ساڵی هەشتەم، خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی و چەندان سەرچاوەی دی



## بەیداخی بەرخۆدان

مەهاباد. تاهیر عەزیزی

هۆ هاوڕێ که دەرکەوت وزە و هێز و هزری بەرزت بۆ مەشخەڵی ئاواتی لاو و پیر لەم دەڤەرە سامناکەدا هەست و دڵی ئەنجن ئەنجن بوو بە خەنجەری جەور و ستەم هەوری سارێژ پەیتا پەیتا بارانی باران،
کە دەرکەوتی خوڵاپەڕکی چارەنووس پەنجەمۆری هێز و بزە و ناز و بوژانەوە و سەرکەوتن و قەرەبووی مێژوویەکی لێوڕێژ لە خوێنی سەران بە ناوچاوانی ڕەش و تاڵی بەختی زاڵی سەدان ساڵی ئێمە چەسپاند،
تیرێژی خۆری هزری ئازادیخوازی و گەورەیی و پیرۆزیت چەشنی خەنجەرێکی تازە سواو چۆ ناو جەرگی ڕەشی مڵۆزمی ئەو تاریکییەی هەزاران سەری بێ سەر کرد و هەزاران هەناسەی کپ و قڕ کرد،
هۆ مەزڵوومی مەزڵوومان سوێند بەو گوڵە گەنمانەی هەڵوەرین و ژێرخاک کران بوونە هێما و سومبوولی قوربانی لە پێناو خولقاندنی ڕەژەڵاکێکی تر خوێنمان ڕووباری ئەشقە و لەبەر پێی ئامانجە بەرزەکانت هێور هێور پەنگ دەخواتەوە،
ڕێبازی بەرز و دیمەنی پاک و پیرۆز و تەژی لە شەپۆلی ئازایەتی و مەردایەتی و کوردایەتیت بروسکەیەکی بروسکاوێژە کە بیرخەرەوەی قارەمانەتیەکانی یەک یەک ڕۆڵە و قوتابیانی پێشەواکەی دڵی کوردانە،
ئەو پەیڤ و وتانەی هاوتای گوڵانی سووری ڤالانتاین کە بۆنخۆش کراون و ڕازاونەوە بۆ سەر و سینە و بەرۆکی دڵبەران بایخدارترین دیاری ساڵن بۆ سەر مێزی ئەو دڵەی لانە و مەکۆی هەزاران حەز و ئاواتی بێمرادی سەربەستی و زێدپەرستی و گەلدۆستیە،
ئاوەدز بوون و زانەوەی جێخەوی خەون و خولیای تاریکپەرستان سیگناڵێکە لە ڕاداری ئەشقی خاکەوە دەدرێتە شاڵاوی هەستی ئەو هەستیارانەی لە چەمەڕای پزیسکێکی بچووکی هەڵگیرسان دان بۆ ستاندنی تۆڵەی هەموو تۆڵان،
تۆ بەیداخێکیی گرنگ و پیرۆز، پیرۆزتر لەو پیرۆزییانەی سەرچاوەی هەناسەکانی ژیانی ئەو مەلانەن لە قەرەباڵغترین شەقامی شارێکی کپکراو بانگی ئازادی بە گوێی کۆڵانە حەپسکراوو و گەمارۆدراوەکان دا دەدەن،
شەکانەوەی بەیداخی بەرخوەدان و پێشکەوتن و سەرکەوتنتان بەسەر شەمشەمەکوێرەکانی ئەو شەوگارە درێژە قەترانییەی لە هەڵاتنی خۆر هیوابڕاوی کردبووین هەنوکە هاندەرمانە بۆ داڕشتنی پلانی گۆوەندی بەرەبەیان،
بیستنی ناوت گەشەی ورەمان چەشنی ڕەشەبا هێزمان وەها بەرەو بەرزی دەبا ڕێنیشاندەرە و هەرچی چەپەڵی و نەگبەتی و ناخودا، خۆخۆری و خۆویستی و دواکەوتوویە لە ڕووپەڕی باوەڕمان ڕادەماڵێ و لادەبا،
دەسا کوردینە ئیرۆ وادەی دەرکەوتنە، ڕۆژی خۆنیشاندان و لە خۆبوردوویی و یەکگرتنە، ئاکامی دەنگیی یەکگرتوویی بەس بردنەوە و سەرکەوتنە، هێز و هزرن تەنانەت خوێن قوربانی گەل بێ، سایە و سێبەری خاک مۆری خوێنی مەی لەسەر بێ، بەو کەسە دەڵێن پیاوی پیاو و پاکی و ڕاستی ، ڕوح دانێ و نەمێنێ لەسەر گەلدۆستی و خاکپەرستی...

# ڕۆحێکی هاڕیاو



سنە. عیسا ئەحمەدی

هەر لە دوورەوە ناسیمەوە، ئەویش لە وڵاتی غەریب. زۆر دڵنیام کە هەڵە ناکەم. ئاخر باسی شێوە و قیافە نییە. ئەوجۆرە کەسانە، دیارە ساڵەهای ساڵە هێمای دەرد و ئازارن. چوومە پێشەوە و لە ئامێزم گرت. کەچی بە زمانی بێگانە وتی ناتناسم، لێت تێ ناگەم. وتم ئاخر ماڵ کوێرەوە بوو؛ تۆ وەکوو گای مارۆ لەنێو هەزاران دیاری، چۆن دەکرێ نەتناسمەوە؟ کەچی هەر دەیگوت چی دەڵێی؟ من لێت تێ ناگەم. توند دەستی ڕاستیم گرت. وتم ئەوەش بەڵگە، ئیتر واز لە فلتەفلتی بێگانە بێنە.

سەردەمی بەندیخانە، سەرۆکی زیندان لەپێش چاوی هەموومان دەستی ڕاستی ناڵ کرد. هێشتا جێگای بزمارەکان مابوو. ئەوە یەکێک لە سەدان ئەشکەنجەی لە ڕادەبەدەر بوو کە بەسەریاندا هێنا. لەو ساڵانەدا لەنێو دەرد و بێدەنگی، ئێمە بە هەزاران جۆرە مردن ژیاین.

زۆر بە ئارامی سەری زل و ملی باریکی وەکوو تەشی هێنا پێشەوە و وتی ڕاپۆرتم لێ نادەی بێن و بمگرن؟ وتم: بابان کڵۆڵ؛ ڕاپۆرتی چی؟ بە کێ؟ خۆ ئێمەومانان کە گیانمان دەربرد و لە زیندان هاتینە دەر، ڕوومان لە هەندەران کرد. پاشانیش کە وڵات شۆرشی بەسەردا هات. ئەوانەی کە ئێمەیان ئازار دەدا، ئێستا خۆیان کونەمشکیان لێ بووە بە عەمارەت. پێستیان لە پێستی دەڵەک بەقیمەتترە. وتی دەترسم، نەوەک ئەوەش پیلانی خۆیان بێت.

بەو قسانەی بزەم دەهاتە سەر لێو و کزەم دەهاتە تۆی جەرگ. زانیم ئەو پیاوە زۆر خراپ تووشی قەیران و دارمانێکی دەروونی هاتووە.

کە لە بارەی ژیانیم پرسی، زانیم تەنیایە و لە شوێنێک بە نانەلەم دەژی. لەگەڵی چووم و شرە و سپیاڵیم هێنا. وتم براکەم ئێمە تازە بەم هەموو دەرد و ئازارەوە بە کاری هیچ نایین. من لێرە بەرگدوورم. وەرە لای من بمێنەوە. هەر نانێک دەبێت کە پێکەوە بیخۆین. کلیلی دووکانەکەشم پێدا هەتا شەوان تێدا بخەوێت. ڕۆژان لە سووچی دووکان کاری خۆی دەکرد، مردووی سەرقەبران چەندە قسە دەکات ئەویش هەر ئەوەندە.

شەوێک لەبەر ئەوەی کە شتێکم بەجێ هێشتبوو، گەڕامەوە دووکان. کەچی دیتم ئەوەی کە لە نان و پێخۆر و مێوە و... بۆم دانابوو، لە سەبەتێکی ناوە و دەچی بۆ دەرەوە. زانیم ئەم ماستە بێ موو نییە، بەڵام دەمزانی ئەگەر لە خۆی بپرسم دیارە حاشای لێدەکات. بۆیە شەوی دوایی لە کۆڵانی بەرانبەر، خۆم حەشاردا. دیتم وەکوو دوێنێشەو، هەمان سەبەتەی دایە بن هەنگڵی و بە نەرمەغار وەڕێکەوت. منیش کەوتمە شوێنی. هەتا گەیشتە گەڕەکی قەراخی شار. خۆی کرد بە ماڵێکدا و شەوژەنی دەرکەی داخست. دارچرایەکی کارەبا کە چراکەی سووتابوو لە پاڵ ماڵی کابرا بوو. چەند شوێنی پێی هەبوو. توانیم بگەمە ناوقەدی چرابەرقەکە، ئەوەندەی کە ناوماڵەکە ببینم. دیتم لە ژوورەوە کاکم خەریکە سفرە ڕادەخات، لەژێر ڕووناکی چرای نێو ماڵ، دیتم کابرایەک وەکوو گورگی چوارچاو هاتە سەر سفرە و ئەمیش دەستە و نەزەر لە دوورەوە وەکوو دۆمی خەڵاتکراو ڕاوێستا. کابرام ناسییەوە. دڵم لەرزی و سەرم تەزی، هەمان سەرۆکی زیندان بوو!!!

ئەرکی من بەرانبەر بە خوێنی بە ناحەق ڕژاوی بێتاوانان ئەوە بوو کە ئەو مرۆڤ خۆرە بدەمە دەستی پولیس. دەبێ ئەو بێویژدانە ببێت بە پەندی عالەم. دنیا دەبێ ئەو بێشەرەفە بناسێت کە چی بەسەر ئێمە و هەزاران لاوی ئەو وڵاتەدا هێنا. بەڵام پێویستە ئەوەش بزانم ئەم بۆچی هەموو شەوێ نانەکەی خۆی دەبرد بۆی؟

دوایی کە لێم پرسی، وتی: ئاخر بەڵێنی دابوو ئیتر ئازارمان نەدات!

ڕۆمەن گەری ١٩٦٠/ ابوالحسن نجفی

**خوێنەری خاوەنبیر؛**

ئەوەی کە مرۆڤێکی قوربانی سۆز و خۆشەویستی هەبێت بۆ جەلادەکەی، نیشاندەری دەروونێکی هاڕیاوە. جا دەتوانێ ژنێک بێت کە مێردەکەی خۆش دەوێ کەچی ئەو خەیانەتی پێدەکات و لێی دەدات و ئازاری دەدات. یان دیومە کچێک لایەنگری زەردایکی دەکات و ئەو هەر دەیچەوسێنێتەوە. تا بگاتە نەتەوەیێک کە خەریکە قووت دەدرێ کەچی ئاوڕ لە زمان و کەلتووری خۆی ناداتەوە و هەر دڵسۆزانە خزمەت بە بێگانە دەکات.

## بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی






# مافی هەژاران

سنە. عیسا ئەحمەدی

هێمنی و ئارامی بازاڕ، بە هاواری پیاوێک تێکچوو. خەڵک و پۆلیس بە دوای هەرای کابرا کەوتن. پیاوێکی دارتاش بە دەستی خوێناوی خۆی ئاماژەی بە سەگێک دەکرد کە گوایا دەستی گەستووم، چاوی هیواشی بڕیبووە پۆلیس.
پۆلیس وتی: دەبێ هەر ئێستا ئەو گەماڵە پەت بکرێت، نەوەک نەخۆشی هاری پێوەبێ. خاوەنەکەشی پەتپەتێن بکرێت، تا بزانێ مەنێ چەند کیلۆیە و دنیا بەری بە کوێوەیە؟
ڕێبوارێک وتی قوربان، من ئەو گەماڵەم لەبەر دەرکی جەنابی فەرماندەی لەشکەر دیوە.
پۆلیس وتی بەڕاستە؟ ئەرێ کابرای دارتاش بۆ هار بوویت؟ وا هاوارت کرد وامزانی مار پێوەی داوی. ئەو بەستەزمانە چۆن زاری دەگاتە دەستی ئەتۆی تەژەی حۆل؟ عەیب نییە وەکوو مریشکی هێلکەکەر بەناو ئەو بازاڕەدا کردووتە گاڕەگاڕ؟ دەبێ بزانم مەبەستت لەو کارە چ بووە؟
ڕێبوارێکی دیکە وتی گەورەم؛ جەنابی فەرماندە، تاژی ڕەسەن ڕادەگرێ، نەک سەگی خوێڕی. ئەم سەگە هێ بەڕێزیان نییە؟
پۆلیس وتی: یاسا هەر بە چاوێک بۆ هەمووان دەڕوانێ. ئەو دارتاشە هەژارە بە دەستی زامدار چۆن بۆ ژن و منداڵی نان پەیدا بکات؟ خێرا خاوەنی ئەو گەماڵەم بۆ بێنن هەتا ڕۆژی گەشی لێ ڕەش کەم. دارتاشیش نابێ دەس لە سکاڵای خۆی هەڵبگرێ، خۆ دنیا سەری بە پووش نەگیراوە.
ڕێبواری یەکەم وتی قوربان ئەو کابرایەی کە لە سەردا دێت، پاکاری ماڵی جەنابی فەرماندەیە. بۆ خۆتان لێی بپرسن.
پاکار وتی گەورەم؛ ئەوە گەماڵی جەنابی وەزیرە کە بە خێزانی بۆ چەن ڕۆژێک تەشریفی پیرۆزیان میوانی جەنابی فەرماندەیە.

پولیس وتی: کەوابوو خێرا ئەو بەستەزمانە بەرەوە. ڕەنگە لەبەر هەرای ئەم کابرایە ترسابێت. هەر وەها ڕاسپاردەی ڕێز و سڵاوی من بە لە خزمەتی ئەو دوو بەڕێزە. تکایە لە بیرتان نەچێت کە پێیان بفەرموون من ئەو شانازییە بووە بە بەشم کە ئەو سەگە جوانەیان بدۆزمەوە.
دارتاش:؟! ئانتوان چێخوف ١٨٨٤/ سرووژ استپانیان

ساڵەهایە کورد جەستەی خوێناوی نیشتمانی لە حەڵەبجە و کۆبانی و عەفرین و... پیشانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و مافی مرۆڤی وڵاتانی ڕۆژاوایی دەدا، کەچی کوردی هەژار هەموو جارێک دەیکەن بە چیرۆکی کابرای دارتاش. هیچکات زلهێزانی عالەم جەستەی زامداری کورد لە کارەساتەکانی ئەنفال و زیلان و دەرسیم و... لە هەراجە بازاڕی مافی مرۆڤ بۆیان گرنگ نەبووە. لە جانتای هیچیان ئاشتی و برایەتی و دڵسۆزی بۆ چەوساوەکان دەس ناکەوێ. چوونکا سەددامەکان و ئاتاتورکەکان گەماڵی خودی زلهێزانن. ئەوەی کە لەم دنیایەدا زۆر هاسان دەخورێ، مافی هەژارانە. چەساوەکان نابێ چاوەڕوانی زلهێزان بن چوونکا ئەوان قازانجی خۆیان دەکەن بە پێوەر، نەک مرۆڤایەتی.
تەنیا گەلی یەکدەنگ براوەیە، مخابن ئێمە و باسی یەکدەنگی! هەر بەڵای جاریشیدا نەچووین. کوردی هەژار تەنیا لێکترازان و لەبەر یەک هەڵاتن چاک دەزانێ. ناتوانێ پاڵ وە پاڵی برای خۆی بدات.
تا ئەوە حاڵمانە، ئەوەش ماڵمانە.

# سەرچاوە



بانە. فەتاح ئەمین زادە

باوک: من لە کاری ئەم کچە دڕدۆنگم.
دایک: بۆچی؟ چیکردووە؟
باوک: ئەی نابینی، هەر ڕۆژەی گوڵێک دەم ئاوی ئەو چەمە ئەدات؟
خۆ نە کاتی دڵداریەتی، نە دەوری کۆنە، بڵێم: سێوی میخەک ڕێژ ئەنێرێت، بۆ خۆشەویستەکەی؟
دایک، زیاتر لە جاران، خۆی لە کچ نیزیک کردەوە، ڕۆژێکی لێی پرسی، بقوربان، بۆ چی هەر ڕۆژەی گوڵێک دەم ئاو ئەدەی؟
کچ وتی: دایە گیان مەگەر نابینی، مرۆڤ، زبڵ و پاشماوە، دەم ئاو ئەدەن؟
منیش هەر ئەوەندەم لە دەست دێت، ڕۆژی گوڵێک دەم ئاو بدە م، تا زیندەوەرانی ناو ئاو، هەست نەکەن، مرۆڤ هەموویان کاول کارن.
دایکی، دەستێکی بە سەریدا هێنا،وتی: زۆر جوانە، بەڵام پێت وایە
بە گوڵێک بەهار دێت؟



# یاسا، سروشت، ئازادی

پیرانشار. خ. ئەویندار

تێگەیشتن و ناسینی چەمک لە نێو ئەو دەقانەی کە لە مێژووی هزر و ئاوەزی کۆمەڵگایە بە جێ دەمێنن ئەو گرینگایەتیەیان هەیە کە بایەخی فەرهەنگی چەمکەکان، و لە ئاکام دا، هێز و بڕشت و توانایی زمانیی ئەو گەلە، لە بنیاتنانی پێوەندی لەگەڵ سروشت و شتگەلی دەوروبەری بۆ نەوەکانی داهاتوو دیاری ئەکا. دامەزراندن و بنیاتنانی پێوەندی لەگەڵ سروشت مانایەکی وێوەتر لە گەیشتن بە ئازادی، بە مانای پڕ بە پێستی وشەکە، لێ ناکەوێتەوە.

لێرە دا سروشت بە خودی مرۆڤیش دەگوترێ کە بەشێکە لە سروشت.هێزەکانی سروشت نامۆن، بەبێ ناسینی ئەو هێزانە و لە ڕێگای دەستەمۆ کردنیان و کەڵک لێوەرگرتنیان نەبێ ئینسان لە کۆیلەیی و تەنیایی دا دەمێنێتەوە. ئاخۆ ئەو کەسانەی لە ڕێگای زانستەوە هەنگاو دەنێن تایبەتن بە بنیاتنانی پێوەندی لەگەڵ سروشت دا؟ داخوا هونەرمەند لەم پێوەندییە بێ نیازە؟.

پێوەندی لەگەڵ سروشت دا، لە چەمکێ دا بە مانای ناسینی هێز و توانای سروشتە و لە چەمکێکیتر دا بە واتای دەستەبەر کردنی تواناکانی مرۆڤە بۆ وەستانەوە لە هەمبەر سروشت، هەر بۆیە ناسینی سروشت تایبەت نیە بە هێندێک مرۆڤی تایبەتەوە، بەڵکو ئەرکی سەر لەبەری مرۆڤەکانە. خاوە خاو وتەمەڵی نواندنی ئینسان سەبارەت بە هەست پێکردنی زەروورەتی دامەزراندنی پێوەندی هەمیشەیی لەگەڵ سروشت دا و دۆزینەوەی زاکوون و ڕێساکانی ئەو پێوەندییە، بە هۆی پێکەوە ژیانی بە کۆمەڵیەتی و دابەش کردنی کارە بە شێوەی کۆمەڵایەتی.

مرۆڤ بە هۆی ئەم چەشنە دابەشینە ناسروشتی یەی کار، وردە وردە لە جغزی ناسینی سروشت و دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵی دا دوور دەکەوێتەوە، ئەم تەریک بوونە هێور و لەسەرخۆیەی هەتا ئەو جێگایە بڕ دەکا و خۆ دەسەپێنێ کە نەک هەر مرۆڤە ئاساییەکان پێوەندی خۆیان بە یەکجاری لەگەڵ سروشت دەپچڕێنن بەڵکو خاوەن بیر و ئەندیشە و ئەو کەسانەش کە لەتەک زانستگەل و هونەرە جوراجورەکان سەر و سرپیان هەیە هەر وەهان، هەرچەندی کە لە نێو سروشت و لەگەڵ زاکوونەکانی دا دەژین. بەڵام لە ئاڵقەو دابیرەی بیر و رامان لە بابەت سروشت و لە جەڕباندن و تێکەڵاوی لە تەکیا و بینین و سەرانسوێ کردنی لە ڕێگای ئەزموونەوە خۆ دەبوێرن. ئەم دوور کەوتنەوەیە ئەوەندە زاڵ دەبێ کە نەوەکی هەر لە بارەی پێوەندی لەگەڵ سروشت دا، بەڵکو ئەزموون وجەڕباندنی قانوونگەل و ڕێساکانی ژیان و دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی ژیانیش دەکەونە ژێر سێبەری ئەم دووری و جیاییەی لە سروشت.

یەکەمین شوێی ئەم دوورکەوتنەوەیە ئەمەیە کە مرۆڤ دەست وقاچی شەتەک دەدرێ لە نێو بۆشایی بەربەستی شتە ڕوتەکانی زەینی دا و لە ئاکام دا دەستی ڕاناگا بە بەستێنەکانی جۆراوجوری سروشت لە ڕێگەی ئەزموون و هەست پێکردنی ڕاستەوخۆ. ئەگەر بینای فەرهەنگی بە دوور بێ لەم ئەزموونە و ڕەوشت و نەریتەکانی هەر بە تەنێ زانست و زانیاری لە جووڵە ناکەوێ بەڵکو بە هۆی نەبوونی ڕامانی زانستیەوە هونەریش لە بەرکەوتەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سروشت و زاکونەکانی چەق ڕادەوەستێ. هونەرمەندیش بەشی هەرە پتری لە نێو جغزی هەقایەتی خۆی دا خەریکی پەل کوتان و پەلەقاژەی بێ سوود دەبێ.

بیرمەندێکی مەزن دەڵێ: ئازادی پێویستە حەقیقەتی بوون و وجوودی خۆی بدۆزێتەوە. ئەم گوتەیەی تۆماس مان، ئەوە دەگەیەنێ کە ئازادی، لێرەدا هیچ مانایەکی جگەلە پێوەندی نێوان بیر و ڕامان و هەستی ئینسان لەگەڵ سروشت و یاساکانی و هەرووەتر لەگەڵ ئەو پێوەندیانەی کە مرۆڤ بە یارمەتی ئەو قانوونانە، ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی ڕێک دەخا، نیە. دۆزینەوەی ئازادی بە هۆی ئازادییەوە بە مەرجێک دەرەخسێ کە مرۆڤ ناسیاری پێویستی بە سەر زاکونەکان و قانوونگەلی بنیاتنانی پێوەندی لەگەڵ سروشتی ژیان دا هەبێ. ناسیاوێکی لەم چەشنە بە جۆری شێوازگەلی فەرهەنگی، ئایینی و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان دەکەوێتە بەر دەستی مرۆڤ و مافی کەڵک وەرگرتن لەم شێواز و ڕەسمانە لە تەکوزی و نەزمێکی دڵخواز دا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش و بڵاو دەکرێنەوە.

ڕێکخستەی فەرهەنگی - کۆمەڵایەتی ئەگەر مرۆڤ بەرەو ئەزموون و تێکەڵاوی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سروشت و قانوونەکانی ڕێنوێنی بکا، هەر لە خۆوە ئاسانگیری و خووهەڵگری و سەلماندنی کوێرکوێرانەی جیا بۆوە لە مەیدانی وێککەوتن و جەڕباندنی، نامێنێ. ڕامان و ئەندیشەی مرۆڤێکی ئەوتۆ ڕو دەکاتە ڕاوەستاوی، هاڵۆزی، دڕدۆنگی، درەنگ بڕواکردن و نەبوونی مەرایی و سازش کردن. لە کاری توێژینەوە و موتاڵای زانستی و هونەری و وێژەیی دا لە گێڕانە و گوتە هێنانەوە بە شێوەی دەلیل و بەڵگە دەسڵەمێتەوە و ڕا دەکا، لە پێوەندی گرتن دەگەڵ واقیعیەت دا بە توێژی سەروو دا ڕۆدەچێ و خۆ دەگەیەنێتە ڕیشە، لە سەلماندن و قبووڵ کردنی گوێلەمستانەی قانوون و ڕێساکان و داب و نەریتان خۆ دەبوێرێ و لەبۆ چەمک و ماناکان تێگەیشتن و دەرکێکی ئەزموونکراوی جەڕبێندراو هەڵدێنجێ. بەم چەشن و شێوازەیە کە جغزی بافیش و خۆهەڵکێشان و ئیغراق بە جوانی و لەباری وێک دێتەوە.

## بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قوڕەیشی






## نیشانەی پاییز



هۆنەر:ئەرسەلان موحەممەدی

وەرگێڕ:هادی مورادی

نیشانەی پاییز
شەرمەزاریی باخە لە ڕووتیی لقەکان
لە ڕوانینی خەمینی درەختێ کە
لە لێکبرانی بێ دەنگی گەڵاکانی
ڕەنج ئەکێشێ
ڕایی ڕایی بوونی بارانە دڵۆپە لە بۆ جوێبوونەوە لە شیشەی هۆدە
ئەوێ کاتێ کە وێنەی تەمگرتووی تەنیایی لە قاپی پەنجەرە دا
دەشێوێنێ

نیشانەی پاییز
دڵبەری پەلکەزێڕینەی خەزانە کە بە سترانی با مەستانە سەما دەکا و
لە نێوی دەستە بەرزەکانی بارانا
دەر و دەشت گشت دەخەملێنێ

نیشانەی پاییز
چاوەڕوانیی خەوی زستانیی لە گیانی دانەیک دایە
کە بە خەونی ژیانەوە
سەختی سەرما و سۆڵەی ناو خاک
هەتا ئەنگوتنی خۆرەتاوی بەهار
بە سەر خۆ دا دەسەپێنێ

نیشانەی پاییز
پۆلی پڕ لە قرەی قەلە
کە وا لە سەر گوێسوانەی خوێندنگەوە
هەڵدەنیشتن
دەسهێنانە بە لۆچگەلی جل و بەرگی زستانیا
کە وا بێنی توندی دۆلابی لێی دەهات
چاوەنواریی بەفری ڕێگە و کۆڵانگری سبەینێیە
هەتا خۆشی و پلەزیقانی منداڵان
بگاتە تەشقی ئاسمان

نیشانەی پاییز
زووتێپەڕبوونی دەرفەتە
کە هەر ڕۆژێ
ڕووپەڕەکانی بە توندی و عەزرەتەوە دەدڕێنە لاوە
خەونی شەوانەی یانەیکە
لە کۆتایی کۆڵانی لە بیرەوچووگا
کە وا هێشتا
لەوێندەرێ بەردەڕێژی کۆڵان ئاوپرژێن دەکەن و گەسک دەدەن
شەوژەنی دەروازەی چێوی هەوشە لەوێ
ساڵەهایە چاوەڕوان ماوەتەوە.

## مەینەت



هۆنەر:هێ.ئەلف.سایە

وەرگێڕ:هادی مورادی

تۆ ئەی مەینەت!
تا کوێندەرێ هاوسەفەری کاروانی
ئازییەتبارانی؟
ئیتر کەس لە بیری نییە
سەرەتای ئەم ڕێگا پڕ لە مەترسییە
ئەفسانەی ئێمەش هەر واینە لە یادی یاد دەچێتەوە!
دەگەڵ ئێمە و بە بێ ئێمە ئەو دڵگەشێنە لەمێژینە،جوانە
ڕێڕەوبوون چارەنووسمانە
ڕۆژی پیرۆزی"گەیشتن"
هەتا دووایین هەناسە داخوازمانە هیوامانە.

## دایە تکایە فێرم کە...



هۆنەر:غادە سەممان

وەرگێڕ:هادی مورادی

دایە تکایە فێرم کە
بەرامە و بۆن ئاخۆ چلۆن دەگەڕێتەوە بۆ سوورە
گوڵ
تاکوو منیش بگەڕێمەوە
بۆ ئامێزە گەرم و نەرمەکەت دایە گیان!
ئەمن فێر کە
چۆن خۆڵەمێش دیسان دەبێتەوە پشکۆ
چۆن ڕووبار بەرەو سەرچاوە
چۆن چەخماخە بەرەو هەور
چۆن گەڵا خەزانی پاییز بەرەو لقان
دەگەڕێنەوە
تاکوو منیش بگەڕێمەوە
بۆ ئامێزە وەقرەدەرە بێ وێنەکەی تۆ دایە گیان.



## دونیای خەونەکانم

شێعر: شاملوو
وەرگێڕ:مەهاباد. سووتاو

من لە خەونەکانمدا دونیایەک دەبینم
کە لەویداهیچ مرۆڤیک مرۆڤیکی تر
بەکەم نازانێ
زەوی لێوڕێژلە ئەوین ودۆستیە
وئاشتی وهێوری دونیا دەڕازێنێتەوە
من لەخەونەکانمدادونیایەک دەبینمکەلەویدا
هەمووکەس ڕێگای بەشکۆی ئازادی دەناسن
ئێرەیی گیان ناستێنێ
دلبزۆکی ڕۆژەکانمان لێ ڕەش ناکا
من لە خەونەکانمدا دونیایەک دەبینم
کە لەویدا ڕەش یاسپی
لە هەرتۆرەمەیەک بێ
لە بەهرە کانی بەربلاوی زەوی بەشداربێ
هەموو ئینسانێ ئازادە
بێ بەختی لە شەرمەزاری سەرنەوی بێ و
شادی وەک مرواریێکی بەنرخ
ئاتاجی تەواوی ئینسانە کان لەناوبەرێ
بەم جۆرەیە دونیای خەونەکانی من

مەهاباد. سووتاو

بەو چەپکە گوڵەی بۆت ناردم
بە جارێ بوومە پەروانە
ماڵی دڵم غەمخانە بوو
غەمخانەت کردە گوڵخانە

## چاوەڕێ

مەهاباد. سووتاو

لەو ڕۆژەوە لە چاو ونی
لە ناو ناخی دڵی منی
لە بێداری لە کاتی خەو
لێت دەگەڕێم بە ڕۆژ و شەو
ئەوەندەی جوانە دیدارت
تاڵە دەردی ئینتزارت
دڵنیام ڕۆژێ دێیەوە
بە ئەسپایی بە ڕێیەوە
ڕۆژێک لە من میوان دەبی
بە میوانی جێژوان دەبی
هەوێنی شێعری پڕ غەمم
لە تاریکی ژینا شەمم
تۆ ئەو پەری بەنازەمی
پارێزەری ئەو ڕازەمی
کە جارێ ترت ببینم
جاویدانە دەبێ ژینم
جارێ لە باوەشمت گرم
خواش بمکوژێ قەت نامرم

## بیری تەسک



شعر:خسرو گلسرخی
اقتباس وترجمە: سووتاو

لەبیری تەسکی ئێوە دا
پێتان وایە خاکەسارم؟
لقی تەرچک وجوانی من
بە تەورتان بریندارە
ئێوە ڕیشەم چی لێدەکەن؟
وابزانە لەسەرلقی باغم
پەلە وەرێ هە ڵنیشتوە
چۆن پێیدەڵێن؟
کە هەڵفڕین قەدەغەیە
جوابی زەرنەقووتەی
نێو هێلانە
دەبێ چی بێ؟
پێت خۆشە بیکوژە
پێت خۆشە بی برە
پێت خۆشە بی سرە
پێت خۆشە سەری هەڵکەنە
سەرهەڵکەنە....... سەرهەڵکەنە!!!
هۆگری ڕژدی سێدارە....
"ئەردۆغانی" مێردەزمە
تۆوهاوبیرانی ڕژدت
لە گەڵ بەهار وچرۆکان
لەرادەی ڕیشەی پتەوی کوردستانی
ئاهوورایی
چیدەکەن؟ وچیدەکەن؟
خێڵی سەرشۆرانی زەوین
ئێوەنڕژی خودا
ودژی ئەوین دژی ئەوین

## ئێوارەی پاییز



نووسین: موحەممەد هادی مورادی

تێبینی:

دۆستی خۆشەویست و هێژام مامۆستا سەلاحەددینی ئاشتی بۆی گێڕامەوە: ماوەیەک پاش بلاوبوونەی شیعری ئێوارەی پاییز، ڕەحمەتی کاک سەید ساڵحی شێخولئیسلامی، ئامۆزای مامۆستا هێمن لە دیدارێکدا بە مامۆستا دەڵێ: ئەوە چۆن گوتووتە"قەل فڕی فڕی تا ون بوو"!

مامۆستاش دەفەرموێ ئەی چۆنم گوتبا؟

کاک ساڵح دەڵێ مەگەر لە بیرت چوتەوە قەل دەپێشدا دەقرێ جا دەفڕێ؟

مامۆستا دەفەرموێ بەڵێ وایە و دەسبەجێ وای لێدەکا: "قەل قڕی فڕی تا ون بوو..." "پاشانیش مامۆستا لە ویدئۆیەکدا هەر وای دەخوێنێتەوە.

پاش ئەم نەقڵەی کاک سەلاح عەرزم کردن ئەگەر بە هەڵە نەچووبێتم وا دەزانم هەر "فڕی فڕی بۆ ئەم سیاقە موناسیب و سازگارە؛ "تا ون بوو"ش هەر ئەمە دەگەیێنێ. مەبەست ئەوەیە فڕینەکە هێندە درێژەی دەبێ تا لە بەر چاوان ون دەبێ.

خۆ دیارە ئەمەش دژایەتی دەگەڵ ئەم ڕاستەقینەدا نییە کە قەل لە بەرا دەقرێ و پاشان دەفڕێ.

جا بە فەرمایشی مامۆستایان: "و الله أعلم!"



# چەند دوبەیتی بە کوردی فەیلی

ئەندامی سەرەکی ئەنستیتوی زانستی زاگروس

ئیلام. کەیوان داودیان (شاعیر، پارێزەر، فیلمساز)

-١-

خودا دەردت دە گیان م ِ بخەێ دووس!
نیەزانم دی چە بۆشم دە تو هەێ دووس!
غەزەڵ بایەد بنیشی دە تو بۆشێ
دوبەیتی وە دو بەیتەو چە بکەێ دووس!

-٢-

دەوار ئاسمان، ڕمیاگە ئمشەو
زەمین سەر وە بێاوان ناگە ئمشەو
چنەو دڵ دەت کنین سەختە چمانێ
دڵم دە باوشم گیان داگە ئمشەو

-٣-

سەرم نەزر سەرێ ک شێویاگە
وە نەزر ئەو کەسە کِ تووریاگە
خەت و سڕمگ نیەخوازێ ئەو چەمە ک
کڕ داود وە دەورێ کیشیاگە

-٤-

گڕێ سۆر و گڕێ شین ها دڵ دووس
گڕێ ئاگر چمانێ ها کِڵ دووس
گڕێ خاسە، گڕێ دێگەو سەرێ گەن
تف خاس عەلی دە تێوڵ دووس

-٥-

چنەو دڵ وە فەنەو بەێ کەس نەزانێ
دە گیانت ئاگرێ خەێ کەس نەزانێ
دڵێ ک ماڵ دووس و دڵبەرێ نەو
چنەو ئاگر بچوو دەێ کەس نەزانێ

-٦-

لقەێ هشکێ دە نانێ بەێ وە ئیمە
دە جاێ ژانە، ژیانێ بەێ وە ئیمە
کولی زەخمەو کولی خۆنەو کولی خەم
ئلاهی هە هچانێ بەێ وە ئیمە

-٧-

دە ئێ دنیا دوعاێ مەس هەم قەبوولە
قونووت دڵ وە بێ‌دەس هەم قەبوولە
سەرم بشکن، دڵم بشکن، خەمت نەو
نمازێ ک شکەستەس هەم قەبوولە

-٨-

گورەێ گوڕ داخ نوو ها دە دەرانەێ
دەنگێ دە رووڵەڕوو ها دە دەرانەێ
دڵم ماڵێ چک ِ چووڵە ک بێ تو
شەوێ یەێ پرس ِ پوو ها دە دەرانەێ

-٩-

شەڵەم تەرز کِوڕ قامەت! ولم کە
چە دەم خواسی ک م ِ نامەت؟ ولم کە
هە م ِ بۆم و دڵێ ک بردیەێ دەم
چە دی خوازی؟ کولی دامەت ولم کە

-١٠-

یە چەن وەختە چەقوو خەێ هەم دووارە
وە هەر چەم یەێ قۆەو نەێ هەم دووارە
دراتەو دەر بچوو خۆن ئەو بنەێ هەم
بژانگ داگە سەر قەێ هەم دووارە

---



## خەم،

ئیلام. وەلیمحومەد ئومیدی ئیلامی

خەم نیشت م هاورد، خەم کارەزانە
گوڵان خەمزەدەێ خەم ِ خەزانە
خەم، کوڵپێچگ کردێە تەدارک
خەم نامم نیا، پاێ خەم بمارک
خەم برییە خەڵات ناوکەبرانەم
خەم کیشایە خەرج دنانڕووکانەم
خەم باشەگامە خەم بێداریمە
خەم؛ هامراز شەو گرفتاریمە
خرقە بیووشم خومو ویەنەێ دەورێش
بچم وە جاگەێ خاتران ڕێش
ئیلام، تو بەردیت یاوەران پێش
چۆن ئدامە دەی وە سەنگدڵی ویش؟

## غم

ترجمه: رودوس فەیلی (مصطفی بیگی)

غم نشست و مرا زاد، غم کاردان و همەکارەام است
گلها هم همه غمزدەی غمی پاییزی شدەاند
غم، قونداق نوزادی مرا تدارک دید
غم نام مرا انتخاب کرد، پاقدوم غم بر من مبارک و خجسته بادا
غم، کادوی مراسم نافبریدن و ورود من به دنیا را داده
غم مخارج جشن تهیه آش متبرک دنداندرآوردن مرا داده
غم، بهترین محل آسایش و آرامش من است و بیداری من است
غم، سنگ صبور شبهای گرفتاری من است
خرقەام را خواهم پوشید همانند درویش
تا بروم به ماوای خاطرآزردگان و رنجدیدگان
ایلام، تو بردی یاوران قدیمی و صمیمی مرا در خاکت
حالا چگونه می‌توانم ادامه بدهی به سنگدلیهای خود



# پێکهاتەی داستانی . شانۆیی «دارەپیرە»ی جەلال مەلەکشا

توێژەر: عەلی سوهرابی ـ سنە




**پوختە**

داستانی دارەپیرە لە شەستەکاندا (١٣٦٧/٢/٩) کە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران و کوردەواری تووشی قەیرانی ناوخۆ و شەڕی دەرەکی بوو لە دایک ئەبێ.

بە هۆی دۆخی هەستیاری ڕامیاری و سانسۆر، شاعیر ـ جەلال مەلەکشا ـ لەم چیرۆکەشیعرەدا مەجبوور بووە لە نماد و سەمبول بۆ ڕاکاندنی مەبەستی خۆی کەڵک وەرگرێ. شاعیر دەیهەوێ نیشتمانی خۆی و مێژووی پڕ لە کەند و کۆسپی، بە زمانی سەمبولیک، وەک شانۆیەکی نەتەوەیی بنوێنێ.

دارەپیرە لە باری ناوەرۆک و بابەتەوە تێکراری و چەندپاتە کراوە و لە باری پێکهاتەی شیعرییەوەش لە چوارچێوەی شیعری نوێدا پێناسە دەکرێ. وەک چیرۆکەشیعریش دەتوانین توخمگەلی داستانی بۆ برازێنینەوە و تەنانەت زەرفیەتگەلی شانۆییشی بێنینە ئاراوە و وەک دەقرێکی شانۆیی کە هۆکارگەلێ هونەری هەیە بیخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، تا لەم ڕێگەوە ئامادەکاری بکرێ بۆ شانۆکار و فیلمساز و ئەنیمەیشێنکارەکانیش کە بتوانن گەشەی پێ بدەن و وەک ئەسەرێ هونەری بینوێنن.

لەم وتارەدا توخمە داستانی ـ شانۆییەکان وەک: پێناسە، کێشمەکێش و قەرقەشە، گرێی شانۆیی، قەیران، هەڵپەسێراوی، چارەدۆزی، کارەسات و... زەق دەکرێنەوە و بەشێوازێکی بەینەڕشتەیی جوانکارییەکانی دارەپیرەی جەلال مەلەکشا لە بواری؛ پەیام، ناوەرۆک، فۆڕم و ڕاڤە، تاووتوێ دەکرێ.

**وشە سەرەکییەکان**

داستانی دارەپیرە، جەلال مەلەکشا، پێکهاتەی داستانی ـ شانۆیی، ڕەوایەتی شاعیرانە، سەمبول، مۆمیایی ئەدەبی، چیرۆکەشیعر.

**پێشەکی**

جەلال ڕەحیمی ناسراو بە جەلال مەلەکشا ـ ٢٨ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٣٠ کۆچی هەتاوی ـ لە گوندی «مەلەکشا»ی سەر بە شاری سنە لەدایک بووە و لە ١١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٩، کۆچی دوایی دەکات و لە هەمان گوند ئەسپەردەیخاک دەکرێ. مەلەکشا شاعیر، نووسەر، ڕەخنەگەر، چالاکی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەنووس و لە ئەندامانی کانوونی نووسەرانی ئێران بوو.

شیعری داستانی دارەپیرە یەکێ لە گرینگترین شیعرەکانی جەلال مەلەکشا شاعیری هاوچەرخی کوردە کە وێنەیەکی تراژیک و خوازەیی لە وڵاتی کوردستان و دانیشتووانی دەنوێنێ. لەم شیعرەدا کوردستان شوبهێندراوە بە دارێکی پیر کە ساڵەهایە لە بەرامبەر ڕەنج و شەڕ و بێعەداڵەتی ڕاوەستاوە.

ئەم شوبهاندنە، هەم سەمبولی کەونارایی و ڕەسەنایەتییە، هەم نیشاندەری برین و زەبر و زەنگێکە کە ئەم دارە بەساڵاچووە لە درێژەی مێژوودا تەجرەبەی کردووە. جەلال مەلەکشا لەم چیرۆکە شیعرەدا لە وێنەگەلی نمادین و زمانێ هەستیارانە بۆ نواندنی بارودۆخی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری کوردستان کەڵکی وەرگرتووە.

ئەم شیعرە بە زمانی ڕەسەنی کوردی سۆرانی هۆنراوەتەوە و بە بۆنەی ناوەرۆکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی کەوتووەتە بەر چاوو ستایشی کۆمەڵگا. (ویکی پێدیا/فواد انصاری)

نزار قەبانی شاعیری هاوچەرخی عەرەب ئەڵێت:حەقیقەت دوو بەشە. بەشێکی لە ڕابردوودایە کە مێژوو لە بارەیەوە ئەدوێ. بەشی دووهەمیشی ـ کە گرنگترە ـ لە داهاتوودایە و هونەر لەم بەشەی ـ حەقیقەت ـ کە لە داهاتوودا خۆی حەشار داوە هەواڵ ئەدات پێمان.

**پێشینەی چیرۆکەشیعری کوردی**

چیرۆکەشیعریان ئەو جۆرێ ئەدەبییەی کە تێکەڵێ چیرۆک و شیعرە، لە ئەدەبی کوردیدا پێشینەیەکی دەوڵەمەندی هەیە، کە بە شێوەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ کەلتووری کوردی لە پەیوەندیدایە. ئەم شێوە ئەدەبییە، لە چیرۆکی وتەیی(ڕەوایی/شەفاهی) کوردی هەتا ئەدەبی نووسراو(مەکتووب) بە شێوەیەکی تایبەت لەخۆدەگرێ.

١ ـ چیرۆکەشیعر لەئەدەبی زارەکیو وتەییدا

لە وێژەی وتەیی و زارەکی کوردیدا، چیرۆکەشیعر بە شێوەی مەنزووم زۆر باو بووە. ئەمشیعرانە بە زمانێ سادە و مۆسیقایی بەیان کراون و بابەتگەلی ئاشقانە، قارەمانی، حەماسی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ناویاندا دراکون.نموونەگەلی تایبەتیان ئەمانەن:

* لاوکەکان: ئەوشیعرانەن کە بە شێوەی چیرۆک، دڵداری لاوان یان قارەمانان باس دەکەن.
* بەیتەکان:شیعرە درێژەکانن کە زۆرجار باسی قارەمانانی نەتەوەی کورد یان کەسایەتییە ئوستوورەییەکان دەکەن.
* چیرۆکە مەنزوومە حەماسییەکان: وەک مەموزین، سیامەند و خەج و... کە بەشێکی گرنگی فەرهەنگی وتەیی کوردن.

٢. چیرۆکەشیعر لە نووسراوەکاندا (ئەدەبی مەکتووب)

بە گەشەی نووسین و چاپکردنی ئەدەبی کوردی، چیرۆکەشیعریش بە شێوازێ پێشکەوتووتر لە جاران هاتە ئاراوە.چەند نموونەی جیاوازی ئەم جۆرە چیرۆکەشیعرانە:

- مەم و زین: شاکاری ئەحمەد خانی (١٦٥٠ ـ ١٧٠٧)، کەیەکێکە لە شاخەکان و تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی. ئەمشیعرە، چیرۆکی مەزنی ئەشقی تراژیکی مەم و زین بە شێوەیەکیتێکەڵێ چیرۆکبێژی و فلسفەی قووڵی مرۆڤانە باس دەکات.
- شیرین و فەرهاد: ئەم چیرۆکەیش لە ئەدەبی کوردیدا بوونی هەیە و ئەشقی شیرین و فەرهاد باس دەکات کە بە شێوەی مەنزووم وتە دەکرێت.
- شیعرەکانی نالی و وەفایی: ئەو شاعیرە گەورانە لەهەندێ لە شیعرەکانیاندا لە چیرۆکەشیعری ئاشقانە کەڵکیان وەرگرتووە.

٣ ـ ناوەرۆک و تایبەتمەندییەکانی چیرۆکەشیعر لە ئەدەبی کوردیدا



گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

- ئەشق و حەماسە: زۆربەی چیرۆکەشیعرەکان لەسەر ناوەرۆکە ئاشقییەکانە، بەڵام زۆرجار تێکەڵیحەماسە و جەنگاوەری دەبن.
- ئاواز و مۆسیقا: زۆربەی چیرۆکەشیعرەکانی کوردی بە ئاواز و هەڵبەست خوێندراون و زۆرجار لە مەراسیمەکاندا لەگەڵ سازو ئامێرەکان ئیجرا دەکرێن.
- زمانی سادە و ڕەنگین: چیرۆکەشیعرەکانی کوردی بە زمانی ئاسان بەڵام قووڵ و شاعیرانە بەکار دەهێنرێن.
- پەیوەندی بە مێژوو و ئوستوورەوە: ئەمشیعرانەڕیشەیان لە تاریخ و ئوستوورەی خەڵکی کوردایە و پێناسەی نەتەوەیی و فەرهەنگی لە خۆیاندا ئەنوێنن.

٤ - چیرۆکەشیعرو کاریگەریی لەسەر ئەدەبی نوێی کوردی

لە ئەدەبی نوێی کوردیشدا،کاریگەری چیرۆکەشیعر هەر دەبینرێ.شاعیران و نووسەرانی هاوچەرخ لە تەکنیکەکانی ئەم جۆرە ئەدەبییە کەڵک وەردەگرن و بابەتەکانیان نوێ دەکەنەوە. وەک؛ شێرکۆ بێکەس،عەبدوڵڵا پەشێو،بەختیارعەلی،فەرهادپیربال و جەلال مەلەکشا و...

چیرۆکەشیعریەکێکە لە بەشە ئەدەبییەکان کە نەتەنیا ویژە،بەڵکو شناسی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردی پێناسە کردووەو بەشێکی گرنگ لە فەرهەنگی ئێمەی پێکهێناوە.

**ڕەوش‌ناسی**

ئەم وتارە بە شێوازێکی بەینەڕشتەیی (شیعر - چیرۆک - شانۆ) دەیەوێتوخمە پێکهێنەرەکانی «داستانی دارەپیرە»ی جەلال مەلەکشا بە پێی پاژبەندی دوکتور تەقیپوورنامداریان شی بکاتەوە کە بریتین لە: ۱ - پەیام ۲ - ناوەرۆک ۳ - فۆڕم ٤ - ڕاڤە

هەروەها پێکهاتەی مۆدێرنی داستانی - شانۆیی دارەپیرەو زەرفییەتگەلی شانۆییشی شرۆڤە دەکات.

ئەلف) پەیام Theme

مەبەست لە پەیام یان تێم (Theme)، ئەو هزر و بیرۆکە ناوەندی و ئەسڵییەی شاعیر و هونەرمەندە کە لە ناواخن و چوارچێوەیێکی تایبەت ڕاڤە دەکرێ.

پەیام لە واقیعدا جەوهەرەی ئەسڵیی کارێکی ئەدەبییە. (میرسادقی، ۲٦٦)

لە ڕێی ئەم توخمەوەیە کە بواری ئەندێشە و هزری نووسەر و هونەرمەند ڕۆشن ئەبێتەوە بۆمان.

پەیامی سەرەکی و ئەندێشەی بنەڕەتی «چیرۆکەشیعری دارەپیرە» ئەم پەند و مەتەڵۆکەیە، وەک کورد ئەڵێ:«دارێ پوازی لە خۆی نەبێ قەت ناقڵێشێ!»

تێمی ئەسڵی «خەیانەتە» ئەویش خەیانەت بە نیشتمان (دارەپیرە).

جەلال مەلەکشا خێڵی دوژمن پاڵپشتی ئەم خەیانەتە دەزانێ. هەر بۆیە خێڵی دوژمن بە ئارەزووی دڵی خۆیان و بەو جۆرە وا مەبەستیانە پواز بۆ گیانی دارەپیرە (نیشتمان)دائەتاشن.

لقیان بڕی/ لقی لار و خواروخێچ و بێئەمەگیان/ بە بەڵێنی درۆ کڕی!/ دایانتاشی/ تیژیان کرد و.../ بوو بە پواز!/ وتیان پێی چۆن خەیانەت کا...

ئەم شیعرە ڕاشکاوانە پەیامێ کۆمەڵایەتی - ڕامیاری لە خۆداحەشار داوە. دارەپیرە نمادی کوردستانە، هەر بۆیە دەردەمێژووییەکانی ئەم خاکە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی شارەزایانە دەنوێنێ. ئەم پەیامە گازندانە دەتوانێ لە چوارچێوەیێکی شانۆییدا بە شێوەی مۆنۆلۆگ بێنە سەرتەختەی شانۆ.

بێ) ناوەرۆک (محتوا)

ناوەرۆک کۆمەڵێ لقوپۆپە کە لە دەوری پەیامی سەرەکی (=خەیانەت) شین ئەبێ و هونەرمەند و شاعیر بە پەرەپێدانی پەیام لە ناوەرۆکی چیرۆکدا، هێز و کارتێکەری پەیام زۆرتر ئەکا. بۆ نموونە، لەم چیرۆکەشیعرەدا بەربەرەکانە و ململانەی پواز، پیرەدار، داس، کوتک، تەور، باڵندەکان، با، زستانی گژ و دڕ، مێژوو، شاعیر و... هەموو پێکەوە ناوەرۆک دروست ئەکەن.

ئەم چیرۆکەشیعرە، وەک باقی ئاسەوارە شیعرییەکانی مەلەکشا، پەیامگەلی بەهێز لە بارەی پێناس و شناس، خۆڕاگری و بەربەرەکانێ لەگەڵ دژوارییەکاندا ئەدرکێنێ. ئەم شیعرە شانۆیییە هەڵگری پەیامگەلێ قووڵی کۆمەڵایەتی و ڕامیارییە کە نزیکی دەکاتەوە لە سەبکی شانۆی ئیعترازی و بەرهەڵەستانە. وەک ئاسەوارە شانۆیییەکانی «بێرتۆڵد بریێشت» کە بە زمانێ هونەری و شاعیرانە بەیان کراوە.

پێ) قاڵب (form)

قاڵب، چوارچێوە یان پێکهاتە، بریتییە لە ئاراستەکردنی پەیام و ناوەرۆک لە نەزم و تەکووزییەکی تایبەت و زمان و بەیانێکی تاقانە کە لە زەوق و کارامەیی و داهێنانی شاعیر و هونەرمەند سەرچاوەی گرتووە. لە واقیعدا فۆرم و پێکهاتە جلوبەرگێکە دەکرێتە بەر پەیام و ناوەرۆک.

لەڕاستیدا چیرۆک و داستانە کۆنەکان لە نەخشەیەکی یەکسان پەیڕەوی ئەکەن دەسپێکیان ئاوایە:

هەبوو نەبوو.. هەرواکە چیرۆکی دارەپیرە سەرەتای بەو جۆرەیە؛ «هەبوو نەبوو... ساڵانی زوو/ لە سەر یالی بەرزی مێژوو/ پیرەدارێک بەساڵاچوو، ڕاوەستا بووا!»

جا بە دوای ئەوا ڕووداوەکان هەر ئەو جۆرەی کە هەن، لە چیرۆکەکەدا دێن. ئیدی ڕاویو بێژەر دەست لە قاڵب وەرنادەن. بەڵام لە داستان و چیرۆکە هاوچەرخەکاندا گۆڕانکاری لە فۆڕم و پێکهاتە ئەبیندرێت.

هونەرمەندانی هاوچەرخی جیهان بە کەڵک وەرگرتن لە قاڵبە دەروونییەکان، (پلان، شێوەڕوانین، لەحن و...) تازەیی ئەبەخشن بە ئاسەوارەکانیان و کاریگەری نووسراوەکانیان زیاتر ئەکەن.

ئەم گۆڕانکارییە لە ئەدەب و ویژەوە گەیشتووەتە شانۆو سینەماش کە لەم وتارەدا لەسەرهەندێکیان باس ئەکرێ و تایبەتمەندییەکانی ئەخرێتە ڕوو.

ئەو هۆکارانەی کە توانایی و پتانسیەلی چیرۆکە شیعری دارەپیرە وەک دەقێکی هونەری ـ کە ئامادە بە شانۆییکردنە ـ دەخاتە ڕوو، ئەمانەن: ۱ ـ پێناسە (=تعریف)، کێشمەکێش و قەرقەشە ۲ ـ گرێی شانۆیی (=گرەافکنی)، ۳ ـ قەیران (=بحران)، ٤ ـ هەڵپەسێراوی (=تعلیق) ٥ ـ چارەدۆزی (=گرەگشایی) ٦ - کارەسات (=فاجعە)، ۷ - ئاکام و دۆخی کۆتایی. بەرەبەرە دەپەڕژێنە سەر ئەم هۆکارانە.

تێ) ڕاڤە یان تەعبیر (Approach)

گەورەیی کاری هونەری و ئەدەبی لە ڕاڤە و تەعبیردا مەعلووم ئەبێت. ڕاڤە، شێوازی هەڵسوکەوت و شێوەی کەڵک وەرگرتن لە بابەت، ناوەرۆک و فۆرم بە دیزاینێکی هونەرییە. لەم بەشەدا هونەرمەند شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی لەگەڵ سەرجەم نووسراوەکە و بیرۆکەی چیرۆک و شانۆکە دەرئەبڕێ.

تەعبیر، بە شێوازی ڕوانینی هونەرمەند بۆ جیهان، گرێ دراوە. جیاوازی هونەرمەندان و نووسەران ئەگەڕێتەوە بۆ ڕاڤە و تەعبیریان.

لە داستانی دارەپیرەی مەلەکشا، پیرەدار لە کاتێکدا خەریکن بنبڕی ئەکەن و لە نێو خوێنا ئەگەوزێ، ئەم وشانەی هاتە زارا...«من نامرم... لە ناو خوێنا ئەژێمەوە/ وەک چووزە و چرۆ لە سەر کۆتەی خۆما دەڕوێمەوە».

پیرەدار کە سەمبولی نیشتمانە، ئەگەرچی بە ڕواڵەت بنبڕ دەکرێ، بەڵام ئەمە بە مانای شکست بۆ نیشتمان نییە، بەڵکوو شاعیر لە ئێپیزۆدی ئاخردا ئاوا کۆتایی بە داستانەکەی دێنێ:

«کاتێ چوومە سەرمەزاری دارەپیرە/ بە چاوی خۆم ئەومم بینی/ گۆپکە و چووزەی چەتری تازە!»

لە داستانی دارەپیردا، مەلەکشا تەنیا بە نیازی بەیانی ئامانجەکانی خۆی ـ کە نیشتمانپەروەری و خۆڕاگرییە ـ لە چیرۆک کەڵک وەردەگرێ و بیسەر و خوێنەری چیرۆکیش ئەو شتەی لە مێشکیدا ئەمێنێتەوە دەسکەوت و لێکدانەوەی شاعیر و هونەرمەندە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا. کە ئەم دەسکەوتە لە داستانی دارەپیرە«ژیانەوەی دووبارەی نوێی نیشتمانی چەوساوەیە ئەویش بە شێوازێکی ڕەمزئالوود «بە چاوی خۆم ئەومم بینی/ گۆپکە و چووزەی چەتری تازە»یە.

من داستانی دارەپیرە، وەک مۆمیاییەکی ئەدەبی و ڕەوایەتێکی شیعری ئەبینم نە وەک تەعبیرێ شاعیرانە.

چون ئەم هۆنراوە نە تەنیا بەرهەمێکی هونەرییە، بەڵکوو هەڵگری بیرەوەرییەکان، ئازار و ژان و پێناسەی مێژوویی کوردستانە کە لە فۆڕمی سەمبولیک و بە زمانێ شاعیرانە، هەتاهەتایی بووەتەوە.

بە واتایێکی دیکە، ئەم چەمکە ئەدەبییە ـ مۆمیایی ئەدەبی ـ پارێزەری مێژوو و کەلەپووری نەتەوەیەکە لە قاڵبی وشەکاندا. بە جۆرێکە شیعر وەک ئەسەرێکی بەردەوام، ڕیشەگەلی فەرهەنگی و دەرد و ڕەنجی کوردستان زیندوو ڕادەگرێ.

هۆکارگەلی ئەم تەعبیرە (مۆمیایی ئەدەبی) ئەمانەن:

١ ـ هەتاهەتاییبوونی پێناسە و فەرهەنگی کورد: یانی شیعر دەڤرێکی فەرهەنگی و مێژووییە بۆ پاراستنی ڕەنجەکانی ئێستە و ڕابردوو.

٢ ـ نمادگەرایی بەهێز، دارەپیرە وەک سەمبولی زیندووی مێژوویی: نیشاندەری برینەکانی کوردستانە و پاراستنی ئەم نمادە لە شیعردا، بە مانای پاراستنی فەرهەنگ و مێژووە.

٣ ـ نواندنی دەرد و خۆڕاگری: هەر ئەو جۆرە کە مۆمیاییەکان هەڵگری بیرەوەرییەکان و چیرۆکی ڕابردوون، ئەم چیرۆکەشیعرەش ژان و دەرد و خۆڕاگری خەڵکی کورد بۆ جیلی داهاتوو دەگێڕێتەوە.

کەواتە «داستانی دارەپیرە» بەرزتر لە شیعرێکی ئاساییە و دەتوانین بڵێین «مۆمیاییەکی ئەدەبی»یە کە لە بەرامبەر فەرامۆشی و ژبیرکەری مێژوویی خۆ ڕادەگرێ.

«ئالێن» ڕەخنەگری فەڕانسەوی ئەڵێ: هەر مرۆڤێ دوو لایەنی هەیە؛ لایەنێکی مێژوویی و لایەنێ کە شیاوی ئاسەواری داستانییە. یانی ئەو شتەی کە لە مرۆڤ دەبینرێت و بەرچاوە، لایەنی مێژووە. بەڵام لایەنی خەیاڵی یان ڕۆمانتیک؛ هەست و خەون و خولیاکان و خۆشی و خەم و کەسەر و تەنیاییەکانییەتی، کە ئەدەب و شەرم بەربەستە بۆ بەیانیان، دەبێتە لایەنی داستانی (وا باشە لەم بابەتەدا بڵێین لایەنی شیعری) بۆ دەڵێم شیعر نە داستان؟!

چون «ڕۆلان بارت» ئەڵێ: «شیعر شتێک بەیان ناکات، بەڵکوو حەشاری ئەدا و کەتمانی دەکات». جەلال مەلەکشا لە دارەپیرەدا شێوەی ڕەوایەتەکەی «تەعبیرێ شاعیرانە» و سەربەمۆر نییە، بەڵکوو «ڕەوایەتێکی شاعیرانە»یە لە مێژوویەکی دووپاتە و چەندپاتە، کە زەمانێکی خەتی تیایە هەر بۆیە شیعرەکەی دەکاتە گێڕانەوەیەک بۆ مێژوو.

وتمان «زەمانی خەتی» تایبەتمەندی ئەم مۆدێلزەمانە ئەمەیە کە بە شێوەی بەردەوام لەڕابردووەوە بۆ ئێستا و پاشان بۆ داهاتوو حەرەکەت دەکات و گەڕانەوەی بۆڕابردوو نییە و ئەم چەمکەلە فەرهەنگ و فەلسەفەگەلێ کە بە پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕی بەرەبەرە باوەڕیان هەیە دەبینرێت کە بە تەواوی زەمانی خەتی لەم چیرۆکەشیعرەدا بەدی دەکرێ.

بۆ ئەوەی بە جیاوازی «ڕەوایەتی شیعری»دارەپیرە لەگەڵ تەعبیری شاعیرانەباشتر حاڵی بین با بڕوانینە ئەم دێڕەی مەولەوی فارس «هر کبوتر می‌پرد بە جانبی/ وین کبوتر جانبِ بی‌جانبی» کە کۆتر لە نیو دێڕی دووهەمدا، هەمان کۆتری نیو دێڕی ئەوەڵ نییە (جانب بی‌جانبی) تەعبیرێ شاعیرانە و شیعرییە کە پارادۆکسێ وەک (جانب بی‌جانبی) کارەساتێ شیعری ساز کردووە. هەر بۆیە ئەم شیعرە بە ئەژماری بەردەنگەکانی، تەعبیری جیاوازی لێ دەکرێت. هەر بۆیە ئەمە ئیدی ڕەوایەتێ شیعری نییە، بەڵکوو تەعبیری شاعیرانەیە کە چەندین مانا و بەرداشتی لێ دەکرێ و ناتوانین ئەو کارەساتە مێژووییە کە مەولەوی کردوویەتی بە کارەساتێ شیعری (حادثەی شعری) تەرجەمەی بکەینەوە.

### وێکچوونی «داستانی دارەپیرە» لەگەڵ چیرۆکە کۆنەکان

ئەو خاڵانەی کە داستانی دارەپیرە هاوبەش دەکات لەگەڵ چیرۆکە کۆنەکان ئەمانەن:

١ ـ هەبوونی قارەمان(Hero):قارەمانی سەرەکی لەم چیرۆکەشیعرەدا، دارەپیرەیە، کە تەواوی سەروەری و ژیری و دڵسۆزی یەک مرۆڤی لە خۆ گرتووە. هەرچەند لێرە وەک درەختێک نواندراوە. دارەپیرە سەمبولی نیشتمانێکی کەونارایە کە کاتێ خۆی «دەنگ و چریکەی باڵندەکان/ لە ئامێز و لە نێو شاخ و پەل و پۆیدا/ تاڵی ژینی لە یادی ئەو ئەبردەوە...!»

دارەپیرە سەد قۆناغی دیبوو بە چاو/ باروبنەی سەد کاروانی ڕاپێچابوو/ دارەپیرە، زریان و شەختە و ڕەشەبای/ سەدان کەڕەت بەزاندبوو!»

یارمەتیدەرانی قارەمانی داستانەکە ئەمانەن؛ باڵندەگەلی نافەرمان (خەڵکی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕی کۆمەڵگا)، مێژوو، با (ڕاوی مێژوو) دەشتی سووتاو (کۆمەڵگای چەوساوەی کوردەواری) وشاعیر (جەلال مەلەکشا).

لە بەرامبەر قارەمان و یاوەرانی، دژە قارەمانگەلێ هەن وەک:

فەرمانڕەوا، پواز (نمادی مرۆڤی خائین)، داس و کوتک و تەور (نمادی بەرفەرمان و پیاوەکانی حاکم) زستان (نمادی فەزای گژ و دژی سیاسی و کۆمەڵایەتیکە زیاتر شکست ئەخۆن، سووک و چرووکن و بێبایەخ و ئەبنە دەرسی تەمێکاری بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا.

ئەوەی جێی سەرنجە، مەلەکشا شارەزایانە و زیرەکانە ئەمانەی وەک قارەمان و دژە قارەمان کە تایبەتمەندی شانۆن بەکار هێناوە شیعرەکەی لە دەقێکی ئەدەبییەوەهێناوەتە ئاستی تەجرەبەیەکی شانۆیی.

٢ ـ موتڵەقگەرایی:لەم چیرۆکە شیعرەدا، مەلەکشا توانیویەتی قارەمانەکان بکاتە سەمبولگەلێ کە تایبەتمەندی و خووگەلی ئینسانی لە خۆیاندا بنوێنن، کە خوێنەر و بینەر تووشی جۆرێ هەمزادپێنداری دەبێت.

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

٣ ـ نەگۆڕی وەستایی (=ایستایی): یانی لەم چیرۆکەشیعرەدا قارەمان و دژەقارەمان لە درێژایی داستانەکەدا ناگۆڕدرێن لە ئەوەڵەوە چۆن بوون هەروا دەمێنن؛ دارەپیرە هەر خۆشەویست و لەبەردڵانە و پواز و دار و دەستەیشی تا کۆتایی هەر خائین و سپڵە ئەمێننەوە. «ڕێی کەوتن و پواز وتی: ئەی من نابەن؟/ گەورەکەیان وتی: لاچۆ.../ لاچۆ لە بەرچاوم بۆگەن/ قەت نەمدیوە خاین بەخۆ/ بێژگە هۆرەی سپڵە وەک تۆ/ تفی لێکرد.../ بەشەپان و بە تێهەڵدان/ فڕێی دایە ناو زبڵدان!»

٤ ـ سەرسووڕێنەری: یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکە قەدیمییەکان، بوونی کەسایەتی و کارەساتی سەیر و سەمەرەیە. بەڵام لەم داستانەدا بە پێچەوانە، مەلەکشا، بە جێی ئوستوورە سازکردن لە قارەمان (دارەپیرە) ئەوی زیاتر وەک قارەمانێکی واقیعی ناساندووە. زیاتر لایەنی خۆڕاگری و کەونارایی‌بوونی ئەوی زەق کردوەتەوە. دارەپیرە تێگەیشتووە، ئامۆژگارە «وتی: لقە مەڕۆ، مەبە دارەدەست/ قەیناکە هەر ماوەت ماوە.../ باوەشی من هێشتا بۆ تۆ ئاوەڵایە!/ لەگەڵما بە لە بەرامبەر ئەم بەڵایە! مەڕۆ لقە! جێم مەهێڵە/ دەشتی سەوزی باوانی خۆت/ بە ئاموور و نیری بێگانە مەکێڵە...! وەرگەڕێوە بۆ خۆت ئەڵێم/ من نامرم.../ لە ئەوپەڕی مەرگیشەوە هەر دێمەوە!/ مێژوو حوکمت لە سەر ئەدا/ دوژمن خاکی خەیانەتت بە سەر ئەکا/ فریو مەخۆ، داوی نەیار بپچڕێنە/ تف لە سیمای عەرنەمووت کە/ هەڵبرووسکە و چاوی دوژمن قاڵاوپووت کە...!»

لە داستانی دارەپیرەدا، بە ڕواڵەت هەرکام لە کوتک و تەور داس و پواز و پیرەدار، تایبەتمەندییەکانی خۆیان دەنوێنن بەڵام لە کۆتاییدا چارەنووسی ئینسانییان دەبێ و فەرهەنگی ئینسانی دادەمەزرێ و ئاکامێ ئەخلاقی کە بە سوودی مرۆڤەکانە سێبەر دەخاتە سەر داستانەکە بە جۆرێ کە ڕاوی (شاعیر) هیوا و ڕەمز و ڕازێ دەبینێ کە؛ هەمیسان ڕوانەوە و سەوزبوونی خەڵفی ئومێد، بە جێی مەرگ و نەمانە.«وتم چیە؟ چی قەوماوە؟/ لە دوای مەرگی دارەپیرە/ جگە خوێن و ئەشک و ماتەم/ چیمان ماوە؟/ وتیان نابێ بیدرکێنین/ نهێنی و ڕەمز و ڕازە،/ دەبێ بە چاو خۆت ببینی! کاتێ چوومە سەر مەزاری دارەپیرە/ بە چاوی خۆم ئەوەم بینی/ گۆپکە و چووزەی چەتری تازە/!»

## پێکهاتەی شانۆیی دارەپیرە

چیرۆکەشیعری دارەپیرەی جەلال مەلەکشا جەنبەگەلی شانۆیی دەوڵەمەندی لەخۆ گرتووە کە دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە تاوتوێی بکەین.

١ ـ دۆخی سەرەتایی/ پێناسە

دارەپیرە لەسەریاڵی بەرزی مێژوو ڕاوەستاوە و سەری ناوەتە کۆشی خەیاڵ و بیر لە ژین دەکاتەوە و «بالاپەڕەی گەڵاکانی وەک کتێبی کۆنی مێژوو ئەدا لاوە/ ڕووداوانی یەکە ـ یەکە/ بە گوێی دەشتا ئەخوێندەوە/ ورەی دەشتی/ لە نێو خوێنی ڕووداوانا ئەژوێندەوە!»

لەم چیرۆکەشیعرەدا کێشمەکێشی سەرەکی لەنێوان ئومێد و نائومێدیە. شەڕ لە سەر پێناسە و شناسە لەگەڵ خۆفرۆشی و نارەسەنایەتی، کەهەر ئەم بگرە و بەردە لە نێوان دارەپیرە و پوازدا کەش‌وهەوایەکی دراماتیک و شانۆیی بە شیعرەکە دەبەخشێ.

٢ ـ کێشمەکێش و قەرقەشە

هۆرەکەوتە بەردەمیان و/ پیرەداریان گەمارۆدا/ دارەپیرە هەناسەی ساردی هەڵکێشا/ وتی: لقە، مەڕۆ مەبە بە دارەدەست/ قەیناکە هەر ماوەت ماوە.../ باوەشی من هێشتا بۆ تۆ ئاوەڵایە/ لەگەڵما بە، لە بەرامبەر ئەم بەڵایە/ مەڕۆلقە جێم مەهێڵە/ دەشتی سەوزی باوانی خۆت/ بە ئاموور و نیری بێگانە مەکێڵە/ بەڵام هۆرەی ویژدانتۆپیو/ پووزەی تیژی ناسەرسینگی دارەپیرە/ ... هەلی وا قەت دەست ناکەوێ/ لە سەر فەرمان دەتکووژم و/ داخم بە سەرتا ئەڕێژم/ خێڵی دوژمن،/ بە هەڕەشە و گەلەکۆمە/ هورووژمیان بۆ دارە برد!/ دارەپیرەگوێی نەلەقان/ تەنانەت چاوی نەنووقان/ قووڵتر لە جاران دەماری،/ بە نێو ناخی خاکا چەقان!»

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شیعرە شانۆییە، کێشمەکێشی دەروونی و دەرەکییە، کە دارەپیرە دەست بە یەخەیە لەگەڵی.کێشمەکێشی دەروونییەکەی سەبارەت بە قەبووڵکردنی ڕەنج و برین و ژان و برکی ڕابردووە و کێشمەکێشی دەرەکیشی، ڕووبەڕووبوونەوەیەتی لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی کوردستان. ئەم خاڵە و باقی خاڵە دراماتیکەکان دەتوانێ بکرێتە شانۆنامەیان شانۆ.

٣ ـ گرێی شانۆیی (گرەافکنی): فەرمان ئەدرێ «دارەپیرە بقڵیشێنن/ کۆتەی ئەنجن ـ ئەنجن کەن/ بۆ زستانی سۆبەی کۆشکی فەرمانڕەوا/ ڕەگ و ڕیشەی دەربهێنن./ فەرماندرا، لە بەر ئەوەی/ دارەپیرە پەنای یاخی و جەردەکانە/ لەبەر ئەوەی سێبەری وی/ مۆڵگەی گەڵاڵە و پیلانە/ لەبەر ئەوەی هێندێ باڵندەی نافەرمان/ کردوویانە بە هێلانە/ باڵ و پسێو دارەپیرە/ مەتەرێزی یاخیەکانە!/ بیتلێشێنن، هەڵیپاچن/ چیلکەی کەن و / بە سێدارەی یاخی‌بوونیا هەڵیواسن!»
خێڵی دوژمن/ هەڕەشەو گەلەکۆمە/ هورووژمیان بۆ دارە برد!/ دارەپیرە گوێی نەلەقان/ تەنانەت چاوی نەنووقان/ قووڵتر لە جاران دەماری،/ بەنێو ناخی خاکا چەقان//!

٤ ـ قەیران (بحران)

«داس و کوتک و تەور هاتن/ لە سێبەری دارەپیرە/ ئیستێکیان کرد»

نەیاران لەم بەشەدا خەریکی پیلانڕێژی بۆ دارەپیرە دەبن.

٥ ـ هەڵپەسێراوی (تعلیق)

خێڵی دوژمن ماندوو بوون و/ لە سێبەری دارەپیرە ڕاکشان و/ کەوتنەڕاوێژ و تەگبیران/

بەردەنگ دڕدونگ و چاوەڕوان دەمێنێتەوە کە ئاکامی کار دەبێتە چی.

٦ ـ چارەدۆزی (گرەگشایی)

گەورەکەیان وتی یاران!/ وەک کورد ئەڵێ: «دارێ پوازی لە خۆی نەبێ ناتلێشێ!»
بیر و ڕاتان کۆ کەنەوە، ناشێ نەبێ!/ پوازێ لە خۆی پەیدا کەن و دایتاشن و/ ئیتر ئێوە کارتان نەبێ...!/ لقیان بڕی/ لقی لار و خواروخێچ و بێ‌ئەمەگیان/ بە بەڵێنی درۆکرێ! دایانتاشی،/ تیژیان کرد و.../ بوو بە پواز!/ وتیان پێی چۆن خەیانەت کا... هۆرە کەوتە بەردەمیان و / پیرە داریان گەمارۆدا/.

٧ ـ کارەسات (فاجعە)

دوای دەمەقاڵەیەک و وتووێژی زۆر لە نێوان دارەپیرە و پوازدا دەرئەکەوێ کە ئامۆژگارییەکانی دارەپیرە لە سەر پواز کاریگەری نییە و سوورە لە سەر قەڵەشاندن و کوشتنی دارەپیرە. لە ئاکامدا «پوازی نەیار... وەک سەگی هار/ قەپی کردە ناقی دارا/ خێرا هاتن، داریان دابەر/ دارەکەیان بنبڕ کرد و/ بۆ ئاگری کوورەی کۆشکی سوڵتانیان برد.»

«ڕێی کەوتن و پواز وتی: ئەی من نابەن؟/ گەورەکەیان وتی: لاچۆ.../ لاچۆ لە بەر چاوم بۆگەن!/ قەت نەمدیوە خاین بە خۆ/ بێژگە هۆرەی سپڵە وەک تۆ/ تفی لێکرد.../ بەشەپان و بە تێهەڵدان/ فڕێی دایە نێو زبڵدان!/ ئەوان چوون و...»

پوازی خاین سووک و چرووک دەکرێت و دەستمزی ناپیاوی و خەیانەت بە نیشتمانی لە نەیاران وەردەگرێ و ئاو ئەکرێ بە مل ئاورا. جا دوای ئەوە شینگێڕی بۆ دارەپیرە دەگیرێ.»

٨ ـ ئاکام و دۆخی کۆتایی: لە وێستەگەی ئاخری ڕیوایەتی دارەپیرە؛ «مقۆمقۆ کەوتە چیا ...!/ باڵندەکان، هەواڵێکیان بۆ یەک ئەبرد!/ پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لە یەک ئەکرد!/ وتم چیە؟ چی قەوماوە؟/ لە دوای مەرگی دارەپیرە/ جگە خوێن و ئەشک و ماتەم/ چیمان ماوە؟/ وتیان: نابێ بیدرکێنین/ نهێنی و ڕەمز و ڕازە/ دەبێ بە چاو خۆت ببینی!/ کاتێ چوومە سەر مەزاری دارەپیرە/ بە چاوی خۆم ئەوەم بینی/ گۆپکە و چووزەی چەتری تازە!»

ئاکامی وتار

ئەوەی لە ئاکامی ئەم وتارەدا پێویستە داکۆکی لەسەر بکرێتەوە ئەمەیەکە؛ داستانی دارەپیرە چیرۆکەشیعرێکی نوێیە کە ناواخن و ناوەرۆکێ دووپاتە و چەندپاتە و کۆنی «خەیانەت» و «نیشتمانفرۆش»ی تیا بەدی دەکرێ. مەلەکشا «ڕەوایەتێکی شاعیرانە» لە مێژووی کوردستان دەگێڕێتەوە کە زەمانێکی خەتیی تیایە، بۆیە شیعرەکەی دەکاتە گێڕانەوەیەک بۆ مێژوو نە «تەعبیرێ شاعیرانە». ئەم نووسراوە هەوڵێکە لە نێوان شیعر و چیرۆک و شانۆدا و بە شێوەی بەینەڕشتەیی بابەتەکە تاوتوێ کراوە و توێژەر بەم ئاکامە گەیشتووە کە داستانی دارەپیرە زەرفییەتگەلی دراماتیک و داستانی تیا دەبینرێت و دەتوانێ ببێتە هەوێنێ بۆ سازکردنی ئەنیمەیشن و شانۆ، ئەڵبەت بە گەشەپێدانی تایبەت. هەروەها زمانێکی پاراو بە کەڵک وەرگرتن لە سەمبولگەلێ خاس، لە خزمەتی پێکهاتەی چیرۆکەشیعرەکە دایە.

لەم چیرۆکەشیعرەدا «کات و شوێن» ڕەها و ئازادە؛بە وتەیەکی دیکە؛ بە پێچەوانەی ئاسەواری داستانی ـ شانۆیی کە بە یەک زەمان و شوێنی تایبەتەوە بەستراونەتەوە، کەچی دارەپیرەلە بازنەیەکی زەمانی بێکۆتایی و بێپایاندایەکە ئەم تایبەتمەندییە لە شانۆگەلی سەمبولیک یان فەرامێژوویی زۆر کەڵکی لێوەردەگیرێ.

دارەپیرە دەگونجێتە نێو ئەدەبی خۆڕاگری و بەردەنگ هان ئەدا بۆ بەرخۆدان. چون لای شاعیر ژیان، ئومێد و ململانێ و بەرخۆدانە.

سەرچاوەکان


١ ـ اسکولز، رابرت، عناصر داستان، ترجمەی فرزانە طاهری، نشر مرکز، تهران، ١٣٧٧.

٢ ـ سهرابی، علی، بازآفرینی جنبەهای نمایشی تاریخ بیهقی، نشر افراز، تهران، ١٣٩٤.

٣ ـ شاکلی، فرهاد، داستان کوتاه مُدرن کُردی، ترجمەی منیژە میرمکری، نشر آریوحان، تهران، ١٣٩٩.

٤ ـ فرزاد، عبدالحسین، دربارۀ نقد ادبی، نشر قطره، تهران، ١٣٧٦.

٥ ـ مەلەکشا، جەلال، کۆی بەرهەمە شیعرییەکان، پەخشانگەی پانیز، تاران، ١٣٩٣.

٦ ـ میرصادقی، جمال، ادبیات داستانی، نشر صفا، تهران، ١٣٦٦.




## ئەوین

بۆکان. جەعفەر نەوبەهار

بەرەو دڵ چوون تەم و تاریکە ڕێیە
کە ئاوا بوو ئەوین لەم کۆنە دێیە

وەفاداری لە یارم جوانە ئێستەش
هەزار رازی دڵی پڕ ژانی پێیە

کە جارێ بوومە میوانی بە ماچی
نەبووە هێشتا وەکی ئەم خانەخوێیە

کە فرمێسکم بە جێ دێڵێ هەناوم
دەزانێ زام و ئازارم لەوێیە

لە هەوری ڕەش دڵۆپێک بێتە خوارێ
بە تاسەی باوەشی پڕئەشقی زێیە

لە گەڵ ئاسوودەیی شەوگار نەسازم
کە لاڕێمە و ئەوینم تازە ڕێیە



## قفڵی دڵ

سەقز. عەتا ساڵح پوور

ئەم شەوی قەدرە بە بێ تۆ گیانەکەم نابڕێتەوە
قەترە بارانی چەوەیلم چرکەیێ ناسڕێتەوە
بۆ لە زیندانی فیراقا حوکمی مادام ئەدەی؟
تا بە کەی ئەم دەرکی زیندانە لە من ناکرێتەوە؟
گا بە شێعر و گا بە چیرۆک هەر سکاڵامە و کەچی
یەک سکاڵاشم لە لای یەزدان وڵام نادرێتەوە
گاهێ لاڕێ ، گا سیراتی موستەقیمم گرتوە
سەیرە، ئەمما جەننەتی باوەش ئەبەد ناگرێتەوە
شاعیرێ شێعری ئەویندارێ نەبێ شاعیر نیە
کێ دەڵێ چووزە لە سەر کۆتەی ئەوین ناڕوێتەوە؟
من زرەی زەنگی ئەوینم هەر بە تووە دێتە گوێ
تۆ نەبێ یەکجار محاڵە، تازە قەت نازڕێتەوە
دێڕ بە دێڕ و بەیت و شابەیتی (عەتا) ملوانکەیە
تەوقی گەردنتە گوڵی خۆم بێ گومان ناچرێتەوە
قفڵی دەرکی سینە گەر شکیا ، ئیتر بێ عارییە
هەوڵی بێ سوودە گەرێ لێم تازە داناخرێتەوە



## دەنگی سەر منارە

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە:
سەعید سەلیمیی بابامیری

مەلا نەسرەدین هەمیشە کەیفی بەوە دەکرد لە پلیکانی پێچپێچیی منارەی مزگەوتی دێ وەسەر کەوێ، کە لە نێو منارەیەکی چکۆلەدا بەرەو هەیوانێکی سەرگیراو دەچوون. زۆریشی دەنگی خۆی پێ خۆش بوو، کە هەموو ڕۆژێ کەڕەی بەیانی و قرچەی نیوەڕۆ و پێش تاریکانبانگی دەدا تا خەڵکی دێ لە نوێژکردنچۆک دا دەن و نێوچاوانیان لە عەرز دەن.
ڕۆژێکیان کە مەلا نەسرەدین لەسەر منارەوە بانگی دەدا، چۆنیەتی دەنگی خۆی لە هەموو جارێک پێ خۆشتر و بەرزتر بوو. لەو وەختەدا کە ئاوازیبانگی بەرەو خەڵک بەڕێ دەکرد، چاوی بڕیە سەر گردی گڵیی ماڵان و کێڵگەی گەنم و مەزرای پەمۆی دەوری دێ و دەشتی وشک و ڕووتی ئەوبەری بەراوەکان؛ کە بە هەموو لایەکدا ڕاکشابوون. لە کێوە کەوەڕەنگەکانی دەڕوانی کە لە بازنەیەکی زەلامدا لە لێواری دەشت هەڵتۆقیبوون. بیری لە بەرزاییەکانی ئەوبەری کێوەکانیش دەکردەوە. مەلا بە دەم بانگدانەوە بزەی دەهاتێ، بیری لەوە دەکردەوە کە دەنگی بێ پسانەوە بە شەپۆلی پان و بەرین هەتا دوورەدەستان دەڕوات.
هەرچی زیاتر بیری لەوە دەکردەوە، زیاترزاری دەکردەوە:

"نییە خودایەک بێجگە لە ئەڵڵا،
موحەممەدە ڕاسپاردەی ئەڵڵا."

کە دواییینوتەی بەڕێ کرد و لە بانگ بۆوە، زۆر بەپەلە بە پلیکانی پێچپێچیی منارەکەدا هاتە خوارێ؛ دوو دانە پلیکان بە جارێ! هەر گەیشتە ئاخر پلیکان، پێی خستە ناو کەوشی شڕیی لووتلەحەوای پاژنەنووشتاو. بە هەڵاتن و هەڵەداوان لە درگای منارە دەرپەڕی، بێ ڕاوەستان و پێوەدان. بە نێو دێدا هێند توند ڕایکرد، عەبا بە شوێنیەوە بایکردا! ڕووی کردە کێڵگەی بەراو و دەشتی ڕووت و کێوی بەرز و بەرزایی ئەوبەری کێوان. دەبوو وەڵامی ئەو پرسیارە پەیدا کات وا لە منارە هاتە مێشکی، هێندە بەپەلە ڕایدەکرد کە جووتیار دەستبەپێمەڕە ڕاوەستان و بەربوونە ڕوانین و ڕامان. منداڵی نێو جۆگەلەکان لە یاری و شڵپەشڵپ کەوتن، بە هەرا شوێن مەلا کەوتن. ژن پەچە و ڕووبەندیان لادا تا مەلا باشتر ببینن. قەتارێک وشتر بە بارەوە، بە فیزی عەیبعارەوە، بە چاوی سووک، سەیریان کرد لە کەنارەوە! کەنارجادەش مەڕی لێ بوو، لەبەرخۆوە دەلەوەڕین، لە ترسی مەلا دەرپەڕین، دووگیان لێ کەوتە هەڵبەزین. بنەماڵەیەک بەسەر پشتی دوو کەرەوە، لە پەنای یەک نەرم نەرم بۆی دەڕۆیشتن، ڕێیان پێ دا تاکوو ڕەد بێت. باوکیان بەسەر کەرەکەوە هەرای لێ کرد: "بەو پەلەیە بۆ کوێ دەڕۆی؟!"
بەڵام مەلا هێند توند هەڵدەهات بە ڕێدا، کە با وەڵامەکەی ئەوی بەر لەوەیببیسرێ قووت دا!
مەلا هەر هەڵات و هەڵات هەتا تووشی مستەفا بوو؛ بە سواری



## The voice from the minaret

نووسەر: ئەلیس گیر کێلسی Alice Geer Kelsey

Always Mullah Nasr - ed - Din was happy to climb the spiral staircase to the little roofed balcony that ringed the top of the small minaret of his village mosque. Always he liked the sound of his own voice calling the villagers to kneel in prayer, touching foreheads to the ground wherever they were - at sunrise, at midday, at sunset.

One day, when Mullah Nasr - ed - Din gave the call to prayer from the minaret, he was more than usually pleased with the music of his voice. As he chanted, he gazed out over the rounded mud roofs of the village homes, over the wheat and cotton fields that surrounded the village, over the barren plain that spread in all directions beyond the irrigated fields. He saw the grey mountains that rose in a huge circle at the edge of the plain. He thought of the plateaux beyond the mountains. He smiled as he chanted, thinking of his voice carrying on and on in ever - widening waves of sound.The more he thought of this, the louder he chanted;

*"There is no god but Allah*
*And Muhammad is his prophet."*

The minute he had called the last note, he ran down the minaret's curving stairway, two steps at a time.Rea ching the bottom step, he slipped his feet into his worn shoes with their up - pointing toes and their down - folded heels. He ran out of the minaret door without stopping to close it. His long coat blew straight behind him as he ran through the village. He headed out into the open country of irrigated fields, barren plain, high mountains and plateaux beyond them. He must find the answer to the question that had come to him in the minaret. He ran so fast that farmers leaned on the hoes to watch him.Children playing in the water - ditches stopped their splashing to shout after him. Women dropped their veils the better to stare at him. A train of loaded camels looked disdainfully down their proud noses at him. Sheep grazing near the road ran away in fright, their fat tails bobbing. A family riding side by side on donkey - back made a single file to let him pass.

"Where are you going in such a hurry?" called the father of the riding family. But the Mullah ran so fast that his answer was swallowed by the wind before it could be heard.

As the Mullah ran, he met Mustapha riding his horse

ئەسپیی خێراوە، لە کاری نێو باخی قەیسی دەگەڕاوە. کاکی جووتیار سەری ئەسپەکەی باداوە و غاری دا پەنای مەلاوە.
پرسی "کاکە، پەلەی چیتە تۆ لەم ناوە؟!"
مەلا بە هەناسەبڕکێ جوابی داوە: "ئەوڕۆ ــ دەنگی ــ سەر ــ منارەم - زۆر - بەرز - بوو."
جووتیار بە ڕووخۆشیی گوتی: "بێشک وایە، بەڵام بەم هەڵەداوانە بۆ کوێ دەڕۆی؟!"
مەلا، بێ ئەوەی شلی کاتەوە، گوتی: "دەڕۆم - بزانم ــ دەنگم ــ هەتا - کوێ - ڕۆیشتووە!"

from work in his own apricot orchard.The farmer turned his horse and rode along beside the Mullah.
"Where are you hurrying?" asked Mustapha.
"My voice - from the minaret - was very good – to - day," panted the Mullah.
"Of course," his friend agreed good - naturedly."But where are you going now in such a rush?"
And the Mullah answered without slowing his pace, "I am running - to find out - how far - my voice – carried!"



## جوانیی ناسووتێ

هۆنەر: هێمن

دیم کچێکی لەباری لادێیی
بۆ نوێژ ڕا دەخا بەرەڵبێنێ
گوتم: « ئەی نازەنین کە ڕوخسارت
هەموو باخی بەهەشتی خوا دێنێ
بۆچی پێت وایە ئەو خودا گەورە
هێندە بێ ڕەحمە تۆش بسووتێنێ! ؟ »

## Beauty is not burnt

I saw a so lovely peasant girl in there,
While spreading her apron for a prayer,
I said "Darling! Your face is worth;
Heaven's gardens far from the earth,
Do you really think that it is true?
Great God being so cruel to burn you too?!

Poem By : Hěmn
Translated By: Saeed Salimi Babamiri





## شێعرێکی تەنزاوی شەوی یەڵدا

بۆکان. سەید یاسین قورەیشی"بێلان"

تێبینی چەند نیوەبەیتی حەزرەتی نالی تێدایەو لەسەر کێشی غەزلێکی ئەوزاتە پاکەیە

(شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو)
لە بەغدا بۆ مە خورما دوورە ئەمشەو

دەڵێن دابێکی کۆنە، قەوم و خوێشان
لەدەوری شووتی دەیدەن پوورە ئەمشەو

بە قەستی شوتیێ دەرچووم لە ماڵێ
کەحوکمی خانمەو، دەستوورە ئەمشەو

کوتی : بۆشەو چەلەش ئاجیل و پستەی
بسێنی، چون درێژ و دوورە ئەمشەو

کوتم : بان چاو ئەمرکە تا بە سەر من
برۆم، بێنم ئەوەی مەنزوورە ئەمشەو

بەرەو دوکانێ دەر کەوتم کە بکڕم
ئەوی پێویستە بۆ ئەم ژوورە ئەمشەو

نەگەیمێ، گوشی لێی هات نووکە زانیم
کە ئەحواڵم گەلێ ناجوورە ئەمشەو

بە فەوری ئەل ئەلۆ ، ، لاڵ بوم کە دیتم
هەمیسان خانمە و مـەئموورە ئمشەو

کوتی: دەی بۆچی وا قورگت لەگۆچوو؟
کوتم : نا، هێڵی تل ناجوورە ئەمشەو

کوتی : قەینا بە نامەی بۆت دەنووسم
کە چی دیمان دەوێ، بمبوورە ئەمشەو

جرینگەی گوشی هات و دیم پەیامێ
ڕوانیم نوسیبوی بەم جوورە ئەمشەو

دڵم تەنگە هەناریش بێنە ، ، چونکە
(لەمن وەحشی و ڕەمیدەو دوورە ئەمشەو)

لـــە پاشان پـرتەقاڵ و سێوو هەندێ
خەیاربکڕی کەبۆت مەقدوورە ئەمشەو

لەبیرت چێ لەوانە یەک، بە دەستمۆ
ژیانت ترش و تاڵ و شوورە ئەمشەو

لەوەی دابوین کوتم : بۆم دانێ خاڵە
ئەوی پێویستە بۆ ئەم سوورە* ئەمشەو

لە دوای کێشانێ بۆی کردم حیسابێ
لەوحەوسەدە تێپەڕی بەم جوورە ئەمشەو

لە پڕ کەوتم لەوێ سەر سام و بێ هۆش
وەکو گورگێ لەنوزەو لوورە ئەمشەو

کەچاوم کـردەوە دیتم لــە چوار لا
لەسەرمن هەر هەموی دوکتوورە ئەمشەو

دەپرسن خۆشەویستان حاڵی "بێلان"
(جێگەم سەر دارەکەی مەنسوورە ئەمشەو)

## بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی






گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا



بانە. سۆران حوسێنی

## مێژووی ئێمە

زەردین ئێمە
پێش ئەوەی پاییزان دابێ
سپیین و
کفناوی و
بەفرین
با پردی سێ وەرزی ڕقیش
ماوەی تا جستانی مابێ
لە ڕۆژ هەاڵتی تیاچوونا
شیرین خامۆشێکی شۆخین
دەریای بیرمان
شڵپە ڕێژ و
بە سەوڵی تاسەشمانەوە
نغرۆی عیرفانێکی تۆخین
داڵغەمان
کاوێژی کۆنە
ئیشراقمان لە داگیرسانە
مێژوومان بۆتە ئوستوورە و
سەری بە هەزارەکانەوە
رابردوومان لە ئەفسانە
لە ڕەزبەری هەزار حەزا
خەیاڵ ڕێزانی بوونمانە
حەزوەری ئارەزوومانە
شەرماوەزی ڕووداوی ژین
سەیرانباری عەشق و تاسە
جێبەندانی یەک هەناسە
پاییز هەبێ و نەبێ زەردین
بەفرینی پێش جستان هاتن
زیز و وەرەز و وەرزاوین
خۆمان و
خەون و
مێژوومان
ئەفسووس!
ئەفسانە لێدراوین
گیانم
مەلێکی ڕۆح سووکی
بنارێکی ئاربەبا بوو
سەوز وەک حەز
سپی و بەفرین
گەش و ڕووناک
چەشنی ئەشقاوە زێوەکەی
سەرچاوەی ئاوی بانە کۆن
چ ڕازێکی پۆپەشمینی پیرۆزەیی
ساماڵی ئەم
ئاسمانی خۆرنشینەمی
لێ گۆڕیوم
گیانم ئاوقا بە کامە کامەرانی بوو
کە ڕەونەقی پەشیمانی و
تاوانی پیوە نیشتووە
بۆ وا سیس و دامردووە و
لە ناخەوەی هەڵچۆڕیوم
ئەم داڵغە شێعراویە شینە
بە هەناسەی کام هەڵەبجە
تووشی گولی و
ئاڵۆشی ئەم یادە تاڵەن
بە سووتمانی کام ئاژاوە شار سووتێنە
بەرەو کۆلو زووخاڵ چاڵەن
چۆن کفناوی چەند وەرز پێش
ئەم جستانە تووتە زاڵەن
ئەم شێعرانە کاڵ و خاوی
کام مۆسیقا وەهماویەن
پەلکە زێرینەی بەرزەینی
کام گیانە باراناویەن
سەرنجت لە من وەشێرە
ئەی مێردەزمەی دزێوی زیت
بێزارم لە تۆ پیت بە پیت
لە ڕەزبەری هەزار حەزا
هەست ڕێزانە
سەردەمی مۆتەکەی دەرگا و
دەالقەی خەونە سەوزەی ناو
خەونە بەردەوامەکانە
لە من بەیت و
لە من ئازیزە و پاییزە و
لە من الوک و حەیرانە
جەرگەی قرگە و
پاییزان و
سروود و شێعر ڕێزانە!



## پیشەکەی ناڵانە ئەو

مەهاباد. جەعفەرمەعروف(ژیار)

لێی گەڕێن با دڵ بسووتێ وا سەزای سووتانە ئەو
گڕ بدەن، ئاگر ببارێ چارەکەی برژانە ئەو

چاوەکانی مەستی هەردەم فێری ژوانی کردووە و
ئێستەبۆ جێژوانی خاپوور، چاوی پڕ گریانە ئەو

ساز و ئاوازی دڵ و ئاهەنگ و سۆزی جازەکەی
لێی بدەن سی لەحنی بەربەت دیکلەمەی بێ گیانە ئەو

نووری ڕوخسارت وەکوو تاوی بەیانی بۆ دڵم
شەونمی ڕێگای ئەوینە و بۆ ڕوخت حەیرانە ئەو

چەندە عیشقی تۆم لە دڵدابێ دەگەڵ دەردی وەتەن
وا لەبۆ ئەو جووتە زامە حەکوو چەند پڕ ژانە ئەو

گەوهەری جوانی جەماڵت عەینی ئەستێرەی شەوێ
دڵ بەدووتا کۆ بەکۆ دەکشێ چ سەرگەردانە ئەو

هەر تریفەی چاوەکانت کەوتە ناو کانی دڵم
دڵ لە شەوقی چاوی جوانت چاوەڕێی ئێحسانە ئەو

شەتڵە ڕیحانەی قژی تۆ نەشئە بزوێنی دڵە
ئەودەمەی دەشنێ، دڵی من سەرپەلی مەستانە ئەو

بۆ دەوای زامی دەروونم هەر بە تەنیایی ئەتۆی
تا تەبیبی ئەودڵەش تۆی، چاوەڕێی دەرمانە ئەو

هەرچی من بۆ تۆ دەناڵم هەر لە حاندی تۆ کەمن
با بناڵێنی دڵی شێت پیشە کەی ناڵانە ئەو

هێندە تامەزرۆم بە سەربەستیت ببینم نیشتمان
تا "ژیار" مابێ لەعەشقت گیان لە سەر دەستانە ئەو



# گۆران مەریوانی

ڤیدان و نووسان: زانا کوردستانی ـ بروجرد

ماموستا "گۆران مەریوانی"، شاعیر کورد، دانیشتەجی لە شاری زاگرێب شانشین وڵاتی کرواشیایە.
لە گۆران کتێبیک بە ناوۆ و نیشانی "شتێک تەنیا" بڵاوەو بوە.

**نموونەی شێعرەکانی:**

ـ ٢ ـ

[گەڕان]

سپیدە خەو لە چاوم دەتۆری
دادەنیشم،
تا خەوم لێ کەوێ،
لە پەنجەرەکەمەوە لە دەریا دەڕوانم.
ئەو نەورەسانە دەبژێرم،
پێش ئەوەی بەفر بباری،
پەلەیانە هەڵبێن.
وەک پەنابەرێ کە دەزانێ کوێوە دەچێ.
لێ نازانێ دەگا یان نا،
لە ڕێگاشدا ئەگەرە بمرێ.

ئەو شەوانە کە خەوم لێ بێزارە
کە پەیوەندی من و خۆم،
تەنیا هێ دوو نەیارە
تۆم دێتەوە یاد
تۆ دورگەیەک بوویت تاریک و لێڵ
منیش پەنەبارێ
بە شوێن وڵاتدا نا،
بە شوێن عەشقدا وێڵ.

ـ ٣ ـ

[دڵشکان]

تۆ قەت گوێت لە دەنگی شکانی دڵ بووە؟
کە پیاڵەسا دەکەوێتە خوارەوە و زرەی دێ؟
بینیوتە، کەسێ دڵت لە سینەت دەربێنێ؟
بە پالەقە لە پێشچاوت بیشێلێ؟
هەستت بە ئازادیەک کە بۆ دراوسێکەت لەبارە و،
بۆ تۆ نەگونجاوە کردوە؟
تۆ هەرگیز گوێبیستی دەنگی دڵ بوویت؟
دەمێ لە بێدەسەڵاتیدا خۆی دەخواتەوە و،
خوێن لە ڕەگ ـ و ـ ریشاڵەکانیدا دەمەیێ؟
تۆ قەت وەک من دڵشکاو  بوویت؟
بە درێژایی سەفەری بوون؟
قەت بێ ـ ماڵ بوویت؟
بە ئاواتی؛
ساپیتەیەک بۆ ژوور سەرت و؛
هەوارێ بۆ دەروون؟
تۆ،
بە حەزێ کە هەبیت؛
بە ڕازێ کە چیت،
ڕۆژێ لە ڕۆژان،
بە کامی دڵ
وەک دراوسێکەتان،
مرۆڤ بوویت؟

## بڵاوەو بۆ!





سرشناسه: رامیار محمود، ۱۹۷۴-
عنوان و نام پدیدآور: نمی‌خواهم در وجودِ آدمی دیگر، خفه شوم
برگزیده شعر/ رامیار محمود
ترجمه‌ی سعید فلّاحی
ویراستار: لیلا طیبی
مشخصات نشر: اهواز، کتاب هرمز، ۱۴۰۳.
مشخصات ظاهری: ۲۲۲ ص؛ ۱۴/۵×۲۱/۵ س‌م.
شابک: ۲-۸۶-۸۳۶۵-۶۲۲-۹۷۸
چاپ اول: ۱۴۰۳/ شمارگان: ۱۰۰۰ جلد
موضوع: شعر کردی - عراق - قرن ۲۰م.
th century۲۰Kurdish poetry-Iraq-
شناسه افزوده: فلّاحی، سعید، ۱۳۶۳-، مترجم
شناسه افزوده: طیبی، لیلا، ۱۳۶۹- ویراستار
رده بندی کنگره: PIR۳۲۵۶
رده بندی دیویی: ۹فا۸/۲۱
شماره کتابشناسی ملی: ۹۷۹۳۹۶۰

کتێبی "نمی‌خواهم در وجود آدمی دیگر، خفه شوم" ـ گەرەکەم نیە لە هەستی مەرۆڤیکیتر، بخەنکەم ـ، کومەڵە شیعری ماموستا "ڕامیار مەحموود" شاعیری کوردی باکووری، بە زمانی فارسی وەرگیر و بڵاوەو بۆ
"سەعید فەلاحی" ناسراو بە "زانا کوردستانی" شیعرەکانی ئەم کتێبە بە فارسی ترجومە کردوەو.
ئەم کتێبە بە ٢٢٢ لاپەرە و هزار نوسخە، لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنی کتێبی هورمس لە ئێراندا بڵاوەو بۆ.



# ڕێباز سالار

ڤیکدان و نووسان: زانا کوردستانی ـ بروجرد

کاک "ڕێباز سالار" بەناوی تەواوی "ڕێباز سالار عبدالکریم نریمان" و ناسراو بە "مام ڕێباز" شاعیر و نووسەری هاوچەرخی کورد، لە ساڵی ١٩٩٨ زایەنی لە شاری چەمچەماڵی هەرێمی کوردستان لە دایک بۆ. کتێبی بۆنی باران، یەکمین کومەڵەی شیعری مام ڕێبازە کە بڵاوو بووە.

## نموونەی شێعرەکانی:

ـ١ـ

گڵای لقی درەختێکی
بە دەم باوە دەچیت و دێی،
لە کام لاوە
سەیری تابلۆی ژیانت کەی
تۆ هەر ڕێبواری سەرە ڕێی!
ڕۆژێ گێژەڵوکەی مردن
ڕەگ و ڕیشەت هەڵدەکەنێ،
زریانی ئەجەل هەڵتەگرێ و
پێت پڕ دەکاتەوە کەنێ،
کوتاییت دێ کاکی ڕێبوار
سەفەرەکەت یەکجاری یە،
ئەوەیش لای خەڵکی دەمێنێ
هەر مشتێ لە یادگاری یە!.

ـ٢ـ

ئێوارەیەک وەکو هەتاو،
ئاوا دەبم!
ئیتر نامبینیت بە دوو چاو!
هاوارێک بووم و نەتبیستم لەبەر سەدای
ئەوانی تر،
لەناو دونیای پڕ ژاوە ژاو،
من بە بێدەنگی هاتم و
بەبێ دەنگیش
هەر بەو کوێرە ڕێگەیەدا
هەڵدەدێرێم!
جەستەم هەنجن هەنجن دەبێ
ملم دەشکێ!
وەکو شانەیەکی هەنگ
لە جێی هەنگوین
شیعر لە هەناوم دەتکێ!.

ـ٣ـ

بۆ کوێ بڕۆم؟
بەکام شەقام؟
بەکام ڕێگا؟
هەنگاوی ڕێبواریم بنێم!
لەگەڵ کام خەم و ئازاری
کوچە و کۆڵانەکانی شار،
کام فرمێسکی پڕ حەسرەتی
جووتێ چاوی پڕاو پڕ ڕاز
ئەم شەو بدوێم؟

ـ٤ـ

ئەزانن کێم!؟
هەتاوێکم بە بێ ئاسۆ!
درەختێکم بێ چنگێ خاک!
مەلێکی بێهێلانە و جێم،
ڕێبوارێکم
لەوەتەی هەم کۆچەریم و
کام لوغمی سەر سنوور ماوە،
پێی ماندووی لە سەر دانەنێم!؟
ئیتر دەبێ
چاوەکانی خۆم هەڵکۆڵم!
گوێم ببڕم!
بێشعور و هەست و هۆش بم،
تا لە سایەی سەری واندا
بتوانم وەک بتێ بژێم!
لۆمەم مەکەن!
کە دەمەوێ
نەک بە دوو قاچ!
بە هەزار قاچ!
لەم خاک و وڵاتە هەڵبێم !؟

ـ٥ـ

من دەزانم
ئەم عیشقەی تۆ
ڕۆژێک دەبێت بە تۆ فانێ!
نەک هەر گەڵای جوانی ژینم
ڕەگ و ڕیشەم هەڵدەکەنێ!
مەستم دەکات وەکو پێکێ
وەک فیشەکێکی بێوژدان
گیانم دەبا
تەختێ ناوچاوم دەپێکێ!

ـ٦ـ

ئازیز نەتزانیوە من کێم؟
ماڵۆچکەیەکی دووره ڕێم!
بەم هەنگاوە لەرزۆکانەم
وردە وردە بۆ لای تۆ دێم.

ـ٨ـ

ئەگەر لەتێ نانم پێبێ
نیوەی دەدەم بە بێنانێ
پاڵتۆیەکەم پێشکەش دەکەم
بە ئینسانێکی هەڵلەرزیو
لە سەرما و سۆڵەی زستانێ
نابینایەک ڕێم پێبگرێ
تکا بکات بۆ بینایی
دەڵێم چاوێک ئەوەتانێ
بەڵام سەبارەت بە عیشقت
ڕەزیلترین پیاوی دونیام
چرووکترین نەوەی ئادەم
تۆ هی منی
بەم جیهانە ناگۆڕمەوە
هەرگیز بە هیچ کەست نادەم.

ـ٩ـ

گوڵی نێرگز
پەلکەزێرینەی حەوت ڕەنگ
بۆنی باران
کە هۆش لە ئینسان دەسێنێت،
هێشتا وەک ژنێک جوان نابن
پڕ بە دڵی پێدەکەنێت!

ـ١٠ـ

خۆشەویستی
گەڵای درەختێکی وەران
باڵی باڵدارێکی شکان
ڕووباری لە تینا خنکان
قاسپەقاسپی لە کەو دزی
چەمی کرد بە گۆمێکی مەنگ
هەورە گرمەی لە ئاسمان برد
زاری برِی کپ و بێدەنگ
فەرهادی دا بە کێوێدا و
مەجنوونی کردە دێوانە!
ئیتر من هێندە بووێر نیم
بڵێم خۆشەویستی جوانە!

# ڕێبوار تەها



ڤیکدان و نووسان: زانا کوردستانی ـ برووجرد

کاک "ڕێبوار تەها" بەناوی تەواوی "ڕێبوار تەها عەبدوڵلا" شاعیر و وینەگری کورد، لە ساڵی ١٩٨٠زایەنی لە شاری هەولێر دایک بوو.
ئایشا دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدینە.
ڕێبوار لە ساڵی ١٩٩٦تا هێسا خەریکی نووسینن.

**نموونەی شێعرەکانی:**

**ـ١ـ**

لەپاش تو ، وەمدەزانی
ئیدی لەسەر شەقامەکان کەس بە دەمی
پێکەنینەوە نابینم
جارێکی تر کەس نوکتە ناگێڕێتەوە
چیتر سبەینان
خەڵک گوێ لە فەیروز ناگرێ
پێم وابوو نەمانت کارەساتێکی
سروشتییە
پێویستی بەوە هەیە خەڵک دەست بە
پێکەنینەوە بگرن
نەوەک نەمینێ
مردنت دزێک بوو
هەرچی خۆشی هەبوو لێی بردم
جاری وا هەبووە ویستوومە پێبکەنم
زەردەخەنەیەکی تۆم بیرهاتۆتەوە،
گریاوم
وەکو بابم کاتێک بە نیازی پێچانەوەی
جگەرەیەک
کیسەی توتنەکەی دەردەهێنا
کەچی بەتاڵ بووە و کیسەکەی
پێچاوەتەوە
ڕەنگە ڕۆژێک لە پەنایەک ڕێکەوتی
زەردەخەنەیەک بکەم
وەکو ئەوەی تۆ ڕێکەوتی ئەو پارانەت
دەکرد
کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە پەنای لێفەکان
دەتشاردنەوە.

**ـ٢ـ**

دەزانم هەتاسەر بەشم ناکا
چەند خراپە!
چەند زوو دەشکێ!
هەر دەڵێی دەستی دووە ئەو دڵەی من
بەرگەی هیچ ناگرێ.

**ـ٣ـ**

بابم هەرچی گۆتبی ڕاستە
بەڵام من پتر خۆشم دەوێی، نەوەک بابم
ئەتوش لەبیرت چووبی ئەمن لەبیری ناکەم
یەکەم ڕۆژ کە چوومە مەکتەب، تێر لۆم
گریای
وەتدەزانی یەکەم ڕۆژی سەربازیمە
گوێم لێبوو سێ جار لەبەرخۆتەوە گوتت
ڕەبی داکت بمری.
کچێ ئەتو مەمرە با من بمرم
بەجێم مەهێڵە لەو دونیا ڕەشەی
وەک لەچکەکەت ڕەشە و بۆنی میهرەبانی
وەک ئەو لێتایێ
تخوا با خەمی تو هەر ئەوەندە بی
کە ئەمن فێرە پیتی - د - نابم
با خەمت هەر ئەوەندە بی جەمەدانیەکەی
بابمت نەشوشتیە
ئەمن شارەزای دڵی تومە
کە دەرەقەتی خەمی ئەو سەردەمە نایێ.
بە منداڵی تەماشای هێڵکارییەکانی دڵتم
دەکرد
وەمدەزانی خراپبوونی دڵت هی ئەوەیە کە ئەو
هێلانە خواروخێچن
زۆرجار دەمگوت چەند باش دەبوو گەر دڵی
دایکم ڕاست و ڕاست لێیدابوایە
ئۆدێ، بریا هێڵکاری دڵت وەکو ئەو دونیایە
خواروخێچ دەبوو
نەوەک ڕاست و ڕاست وەک بەڵێنەکانت.

**ـ٤ـ**

دانە دانە تاڵی سپی
لە ناو پرچە ڕەشەکەت دەبینم
وەکو ئەوە وایە
لەسەر جادەیەکی قیر
هێڵە سپییە پچڕ پچڕەکان ببینم
پیر مەبە
ئەگینا ئەو تاڵە سپییانە
ڕێگای ژیانم دەگۆڕن و من وەردەگەڕێم.

**ـ٥ـ**

لە چایخانەیەک دانیشتبووم
گوێم لە گۆرانی بێزاریەی بێزاریەی ئەردەلان
بەکر گرتبوو
بە شاگردەکەم گوت:
پارچە کاغەزێکم بۆ بێنە
بۆتم نووسی:
وەکو داوی نێوان مۆمێک بوویتە دەمار،
لە ناخمدای و
هێواش هێواش دەمسووتێنی.

**ـ٦ـ**

لام سەیربوو جاران دەیانگوت
ژنی ئەو ماڵە مەگیرانی بە سووتووی
جگەرە دەکات
هەیە ئێستا لەو کاتە
هەموو ئارەزووی قاپێک شێلمە
پیاو هەندێک جار یەک جگەرە بە ملیۆنێک
دەکرێ
هەزاران گەنجی پەنابەر ئێستا خەون بە
لەچکی دایکیانەوە دەبینن
ئەمن چم دەوێ ئێستا؟
بابم پێم بڵێ: وەرە پشتم بخورێنە.

**ـ٧ـ**

لە بیرتە؟
هەموو جار کە دەربرینەکم درێژ دەکردەوە
پێت دەگۆتم: دەرێی قەیسەری چەند بە پێچ
و پەنای.
قسەی توە، قەیسەری دەمارە، پڕە لە
ئاڵۆزی، بەس لە کۆتاییدا هەر دێتەوە
ناو دڵ.

**ـ٨ـ**

چاوەڕێتم
دیسان نایەی
نینۆکەکانم بە ددانم دەقرتێنم
لە کورتە نامەیەک بۆت دەنووسم:
هەمیشە وەک دوێنێی قەت نایەی
دە ڕۆژێک ببە سبەی و وەرە.

# غەمگین خدر



ڤیدان و نووسان: زانا کوردستانی ـ برووجرد

کاک "غەمگین خدر"، ناسراو بە "غەمگین بۆڵی"، یەکێکە لەشاعیرە گەنجەکانی سەردەم، چەندین بەهەمی شعری ناوازەی نوسیووە، تا ئێستا سێ کتێبی شیعری چاپکراوی هەیە، بەناوەکانی:

- تەرمێک لەسەر زمانم دەنێژم
- نەخۆشخانەی شاعیران
- تەنیا تۆ دەتوانی تۆ بیت

کاک "غەمگین خدر" لەبارەی ئەزموونی نوسینی خۆیەوە وتی: لە ناوەڕاستی ساڵی دووهەزارەوە دەستم بە نووسینی شیعر کردووە. دواتر بۆ ماوەی پێنج ساڵ وازم لە نووسین هێناوە وهەموو شیعر نووسراو و چاپکراوەکانم سوتاندووە. دوای ئەوە گەڕامەوە و یەکەم کۆمەڵە شیعرم بڵاوکردەوە بەناوی - ڕووتبوونەوەی وشەکان - ساڵی ٢٠١٢ .لە هەمان ساڵدا کتێبی - گۆرانییەکی شین - م بڵاوکردەوە کە پێک هاتبوو لە کۆمەڵە وتارێکی ڕەخنەی ئەدەبی.

غەمگین خدر لە ساڵی ٢٠١٤ کتێبی - جوانیناسی لە ئاوێنەی ڕەخنەوە - ی بڵاوکردەوە. پاشان یەکەم ڕۆمانی بەناوی - خوێنەری تارمایی - بڵاوکردەوە. دواکتێبی شیعریشی دووساڵ پاشتر بەناوی - برینەکان گۆرانیمان پێدەڵێن - بڵاوکردەوە.

❖ پاشکۆ و لاپەڕەی ئەدەبی و فەرهەنگی:

- دەستەی چاپ و بڵاوکردنەوە بووە لە خانەی خەون.
- بەرپرسی خانەی کولتوورە لە شاری هەولێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- لە ساڵی ٢٠١٤ خەڵاتی چالاکترین شاعیری پێبەخشراوە لەلایەن حزبی شوعی کوردستان.
- بەڕێوەبەری نوسین بووە لە پاشکۆی نسێ لە دەزگای زاری کرمانجی.
- ساڵی ٢٠١٩ خەڵاتی یەکەمی شیعری وەرگرتووە لە ڤێستیفاڵی نێودەوڵەتی گەلاوێژ و...

## نموونەی شێعرەکانی:

دەنگی گۆرانییەکی ماندوو لەو ترومبێلە
سکراپە دێت
....
جگەرە پۆخڵەواتچییەکان بکوژێننەوە

دووکەڵی جگەرەکە بەرز بۆوە
ئەو ناوەی سەغڵەت کرد
پاکەتی جگەرەکە کەوتووە
لەو سەری حەوشەی ماڵ
قوژبنێکی نەماوە بۆ هەناسەی تەماشایەک.
گۆرانییەکانی تێکەڵ
بە غەڵبە غەڵبی خۆکوشتن.

لە دەرەوەی حەوشەوە
وەڕینی سەگێکی هیلاک
ماندوو ماندوو
پێشوازی دەکات
لە ترقە ترقی پێڵاوی نەفەرێک
شالوورێکی ڕەنگاو ڕەنگ بەسەر دارهەناری
حەوشەکەوە
سروودی تریفەکانی سەحەر دەخوێنێت.
دیسان جگەرەکێشەکە:
ڕۆژگارەکانی لەبەر شەبەنگ
پۆخڵ
پیس پیس
لە بیر دەچن

وشەکانی پڕ دەبن لە پۆخڵەوات
لە پڕدا دەنگی گوللەیەک!

دوایی کەمتر لە دەقەیەک...

پیاوە جگەرەکێشەکە بێدەنگی دەیخواتەوە
دووکەڵەکە فرمێسکی بەرز دەبێتەوە
کراسێک لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێت
کونبەدەر بووە
جگەرەکەیش لە قەراغی جۆگە
دووکەڵ
فرمێسک
دووکەڵ
فرمێسک
دووکەڵ
...
دیارە مەرگ سەغڵەت بووە لە ژینی خۆی
خۆکوشتن دەچێتە گەرماو
خۆی لە ژیان دەشوات
ڕۆحی بسمیل دەکا

لە ناوەڕاستی کۆڵان تا ئەو سەریش
ڕاوەستاوە

زوق زوق
دەرگەکانیش داخراون کەچی.

پەنجەرەکانیش دڵیان توونە
دەنگی گۆرانییەکی ماندوویش
ڕووداوەکان کاوێژ دەکاتەوە.
ترس
بێدەنگی شەق دەکا
شەق شەق دەبێ
چیرۆکی پیاوێک و
پیاوی ناو چیرۆکەکە
پارچە
پارچە
ترومبێلێکی پەنچەر
تایەی غاردانی لچشۆڕ
کونەکانی سوور دەچێتەوە
هۆرنی ژیان
بۆ کام مەرگەسات لێبدەین
خۆی مرۆڤبوون ژیان بسمیل دەکا
خوێنی گەرمی کەسێک
ناوەڕاستی کۆڵانەکە قەرەباڵغ دەکات
کوژراوێک کە دەشێت تۆ بیت
سڵ لە خۆی دەکاتەوە
ترس تا سەر کەپووی دێت و
زرم م م م
تەقە لە سێبەرەکەی دەکات.



گۆڤاری ئێلیکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

# مێژووی پیری شالیار و بیر و بۆ چوونەکان



دیۆلان. ڕەنجبەر







جەژنی پیر شالیار ئەو جەژنەیە کە کوردانی هەورامی ماوەی دوو هەزار ساڵ و هەر ساڵە بە بەشداری خەڵکی خۆجییەی و میوانانی کوردستانی و دەرەکی، لە دوو وەرزی ساڵدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ یادی دەکەنەوە و بەڕێوە ئەچێ،

لە بارەی ئەم جێژنەوە مێژوونووسان دەبن بە دوو بەرەوە، بەرەیەکیان مێژوونووسانی ئێسلامین کە ژمارەیان کەمترە، ئەم بۆنەیە دەبەنەوە بۆ سەردەمی خەلافەت و فەرمانڕەوایی ئێسلامیی،

بەرەی دووەمیان، کە وردتر لە بۆنەکەیان کۆڵیوەتەوە، مەراسمەکە دەبەنەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریی میتانی کوردی بە ئایینی زەردەشتی، کە مێژووەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام .

### ناوی پیری شالیار لە کوێوە و لە چییەوە هاتووە ؟

پێش هەموو شتێک پێویستە ناوی ئەم کەسایەتییە شرۆڤە بکەین، وەک چۆن لە ئایینی ئیسلامدا بۆ پیاوانی ئایینی " مەلا " و لە ئایینی مەسێحیدا "قەشە" بە کار دەبرێ، لە ئایینی زەردەشتیشدا بۆ پیاوانی ئایینی " پیر " یان "مۆغ"یان بە کار هێناوە .

پیر لە ئایینی زەردەشتیدا بەو کەسانە دەوترێ کە هەر "حەوت " قۆناخی پاک بوونەوەی ڕۆحییان بڕیوە و پلەی پیاوخاسییان بۆ خۆیان مستۆگر کردووە .

شالیار لە سەردەمی میتانییەکان کاروباری شار و بەشێک لە کاروباری دەوڵەتیشیان لە ئەستۆ بووە، هەنێ جار شالیار بە پێی شوێن، "شاریار"یشیان پێی وتراوە، کە ئەمەیان ڕوونترە و لە هەر دوو وشەی "شار" و "یار" پێکهاتووە، هەنووکەش لە کرمانجی ژووروودا شارەدار بێژە دەکرێت، وتەی زاڵیش لە سەر ئەو ناوە دەڵێ : پیری شالیار بە واتای پیری پیرانە، کە لە ئایینی یارساندا هەر نەوە و نەبیرەیەک، پیرێکیان هەبووە، پیری شالیار وەک پیری پیرەکان ناو براوە و لە پلەیەکی بەرزتر لە پیر بووە .

کە واتە پیر شالیار پیاوێکی ئایینی زەردەشتی بووە لە سەردەمی میتانییەکان، نزیکەی دوو سەد ساڵ پێش ئایینی ئیسلام ژیاوە.

هەموو ئەوانەی لەم بارەوە لێکۆڵینەوەیان کردووە، کۆکن لە سەر ئەوەی پیر شالیار خەڵکی هەورامان بووەوە و، لە سەردەمی خۆیدا، پیاوێکی بە ناوبانگ، بلیمەت و سەرراست بووە، هەورامییەکان دەڵێن :پەرتۆکێکی هەیە بە ناو " ماریفەت " کە لەو پەرتۆکادا خەڵک ڕێنموونی دەکا بەرەو ڕێگای چاکە و ڕایان ئەهێنێ کە چۆن یەگگرتوو و یەکریز بن و لە بەرانبەر بە دوژمنانیاندا خۆڕاگربن .

هەروەها لە بارە مەراسمی پیری شالیار بەشی زۆری لێکۆڵەران دەڵێن : ئەم ئاهەنگە، ئاهەنگێکی تایبەتە و تێیدا دەستووراتی زەردەشتی وتراوەتەوە، بەڵام لە گەڵ هاتنی ئیسلامدا، نێوەڕۆکی مەراسمەکە گۆڕدراوە و وانە ئایینییەکان دەستێوەردانی تێدا کراوە و بەشێک لەو دەستکارییە، زانای بە ناوبانگی کورد، مەلا عەبدولکەریمی مۆدەڕەسی، لە پەرتوکی "زانیاران"دا کردوویەتی کە تێیدا ئاهەنگی جەژنی پیر شالیاری بردووەتەوە بۆ سەر زەماوەندی هاوسەرگیری پیر شالیار و خاتوونی کچی شای بۆخارا، بەمەش ئاهەنگەکەی بردووەتەوە بۆ لای زەماوەندی پیری شالیاری دووەم لە بانگخوازانی ئایینی ئیسلام !

### چەند پیری شالیار هەبوونە ؟

سەر چاوە مێژووییەکان باس لە سێ کەسایەتی وەک پیری شالیار دەکەن، کە یەکەمیان ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میتانییەکان و ئەوەی دووەم و سێیەمیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیسلام .

پیری شالیاری یەکەم پیرێکی زەردەشتی بووە لە ناوچەی هەورامان و خەڵکی بە ئایینی زەردەشتی ئامۆژگاریی و ڕێنموونی کردووە و خاوەنی ئەم جەژنەیە کە زیاتر لە دوو هەزار ساڵە لە ناو کوردانی هەورامان یادی ئەکرێتەوە .

پیری شالیاری دووەم پیاوێکی ئایینی ئیسلامە و بە مەبەستی مۆچیاری لە سەر ئایینی ئیسلام لە هەورامان ژیاوە.

هەورامییەکان دەڵێن: لە خۆشەویستی بۆ پیری شالیاری یەکەم، ناوی خۆی کردووە بە پیری شالیار و بەشێک لە ئاهەنگەکەشی بە مەبەستی ون کردنی بوونە ڕەسەنەکە گۆڕیوە .

ئەو گۆڕەش کە لە هەورامانی تخت، خەڵک دەچنە دیداری، گۆڕی شالیاری دووەمە، کە لە بنەڕەتدا ناوی " سەی مستەفایە " .

پیری شالیاری سێیەمیش، پیاوێکی یارسانی بووە، کە خەڵکی هەورامانی لە سەر ئایینی زەردەشت ڕێنموونی کردووە.

بەڵام وەک هەورامییەکان دەڵێن، ئەو مەراسمەی ئێستا بە ناوی جەژنی پیری شالیارەوە بەڕێوە دەچێت، هیچ پێوەندییەکی بە پیری شالیاری زەردەشتییەوە نییە .

کە وایە ئەو ئاهەنگەی ئێستا هەورامانییەکان بە ناوی جەژنی پیری شالیار و لە دوو وەرزی جیاوازی ساڵدا، بە ڕێوەی دەبەن، هەر ئەو جێژنەیە کە دوو هەزار ساڵ پێشتر لە چوارچێوەیەکی ئایینیدا بەڕێوەیان دەبرد بەڵام بە دەستێوەردانێکی زۆرەوە .

### جێژنی پیری شالیار چۆنی بە ڕێوە دەبەن ؟

ئەم بۆنەیە ساڵانە لە شارۆچکەی هەورامانی تەخت و لە دوو وەرزی جیاوازی ساڵ، واتا نیوەڕاستی زستان و جارێکیش لە نێوەڕاستی وەرزی بەهار، بە خانە خۆیی دانیشتوانی گوندی هەورامانی تەخت و میوانانێکی زۆر کوردستانیی و دەرەکی، بە ڕێوە ئەچێت .

ئاهەنگی زستانە، هەموو ساڵێک لە دووازدەی ڕێبەندان ڕێدخرێت و پێی دەوترێ " جەژنی پیری شالیار " و سێ ڕۆژ دەخایێنێ، لەم ڕێوڕەسمەدا نەریتی کلاوە ڕۆژنە، گاو گەردانی مەڕ و ماڵات، لێنانی چێشتی" تشین "، دەف ژەنی، سەمای عێرفانی، زکر و تەلیلەی دەروێشانە و ماچ کردنی پێڵاوی چەرمیی پیری شالیار، بە ڕێوە دەچێ .

مەراسمی بەهارەش، دەکەوێتە وەرزی بەهار، واتا پێنجی مانگی گوڵان و پێی دەوترێت " کۆمسای " .

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

وشەی کۆمسای لە ناوی ئەو بەردەوە گیراوە کە لە سەر مەزارگەی پیری شالیاردایە .
خەڵکی ناوچەکە لە سەر ئەو باوەڕەن، کە بەردەکە تەنیا لەو ڕۆژەدا، واتا ڕۆژی جێژنی پیر شالیار ،توی لێی ئەبێتەوە و ئەشکێت، خەڵک بۆ مەفەڕک و پیرۆزیی لەتێک لە بەردەکە، جیا دەکەنەوە و هەڵیدەگرن بەو هیوایە کە گشت ئاواتەکانیان بێتە دی .
خەڵک دەڵێن بەردەکە هەتا ساڵی داهاتو دێتەوە سەر ڕێژە و قەبارەکەی خۆی .
ئەرک و مێوانداریی هەردوو مەراسمەکەی پیری شالیار و تێچووەکەی لە سەر خەڵکی بە ئەمەگ و مێواندۆستی هەورامانیانە و مێوانان بێبەرانبەر لەوێ لە لایەن خانەخوێیەوە مێوانداری دەکرێن ...
جێگەی خۆیەتی هەموومان بە چاوی ڕێز و سپاس و پێزانینەوە، بڕوانینە ئەم مەراسمە و بەڕێوەبەرانی، واتا خەڵکی بە ئەمەگ و کەلەپوور پارێزانی هەورامانی تەخت، کە سەرە ڕای ئەو هەموو ئەرکە قورسەی مێوانداریە، مەراسمی جێژنی پیری شالیاریان وەک میراتێکی جوان و دیرۆکی کورد، پاراستووە و دەیپارێزن ...

سەرچاوە : ئینترنت

## کوڵی ژان



مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی

لەکام ئازاری پڕ ژانم بکەم باس
بە پێ ماندوو بەدەست خاڵی بە سەر کاس

بە کام نەعرە کوڵی ئەو دەردە بێژم
لەلای کێ هەگبەیی ژانم بڕێژم

بەکێ بێژم کە نێو جەرگم پەڵاسە
مەکەن لۆمەم مەبێژن وا چ باسە

خەمی دونیا وەها دەورەی تەنیوم
کە مێژووی چەرخی چەپ وێنەی نەدیوم

لەبەر ژانی دڵی لەت لەت کراوم
بە وێنەی خم ڕەشەجەرگ وەهەناوم

لە بەر بۆسۆی دەروونی پڕ لەژانم
هەموو دەم هاودەمی دەردی گرانم

بەڵام چبکەم کە چارم هەر نەماوە
ئومێدی نۆژەنی ژینم بڕاوە

دەبێ وەک مۆم بسووتێم و بسازێم
لە نێو نوێنی خەفەت ئاسوودە ڕازێم

پەتی مەرگم بەدەستم خستە ئەستۆ
تروسکەی شەوقی ئاسۆیە لە بستۆ

دەڵێ شاهۆ نەکەی ژین بەردەوامە
ئەگەر سوور بی لەڕێگەت ژین بەکامە

## ئەڵێی ئەمشەو



سەردەشت. سەلام پارسا

ئەڵێی ئەمشەو
لە بۆشایی کاتێکی بێ سەروشوێندام
خەیاڵێکە هەڵی گرتووم
نا دوو... نا سێ
نا نا نازانم چەندانەن
خەیاڵێکم وەنینەوەی قژەکانت وەک قژی ئەو
هی ئەو سوورو هی تۆ ڕەش وەکو یەک ناچن
ئێستا دوو بەشە خەیاڵم
چاوێکم لەوێ جێماوە و
چاوێکم ڕاماوە لە تۆ
ئەوەی تریان خۆشاروکێنەی ناو کۆڵان
خەیاڵێکم بۆنی میخەکی بەرۆک و
حەسانەوە لە باوەشێکی نەرم و نۆڵ
هەی هۆ... هەی هۆ...
من لە کوێم و خەیاڵەکانم لە کوێن و ڕووحم لە کوێ!
نازانم لە کام قوژبن و کام کۆڵانی لەمێژینە و
کام ڕێگە و ڕێچکەی هەڵبراو وەیان بینم
ئەمشەو لەخۆم دابڕاوم
ئەڵێم بزانم تۆ ئەوی یان ئەو ئەتۆی
نا... ئەزانم ئەتۆ ئەو نیی!
ئەی نازانم بۆ ئەو کاتەی لێت دادەبڕێم
لە ناخەوە دڵەخورپەیێک دێتە سوێم
ئەڵێی ئەمشەو لە بۆشایی کاتێکی بێ سەروشوێندام
یا ئەو... یا تۆ
یا تەمەنێک بیرەوەریم
یان تەمەنێک جەڕ و هیوا
یا هەمووتان دڵم لەگەڵ هەمووتانە و
ڕووحم لە گەڵ یەک بە یەکی ئێوە ئەدوێ
یادی بەخێر ئاوە ڕوونەکەی سەرکانی
ئێستە ئەزانم ئەو کاتە
چاوەکانت لەگەڵ بازنەی چرپەی باران
منیان ئەگرتە ئامێز و لە نێو چاوەکانی تۆدا
لاخوار و خێس و لابەلا خۆم ئەبینی و
ئەتوامەوە لە نێو شەبەقی کانیدا
ئێستەش مەنگی ئەو چرکەساتەی سەر کانیم
ئەی ئاواتی لە مێژینەم
با چرپەی پێت
خەیاڵەکانم بەرێتەوە بەرەو خۆم
هەستێک
دەستێک و نیگایەک
با لە باوەشتا تێر بنووم...

## ڕەستاخیزێ خیز

ئیلام. رودوس فەیلی (مستەفا بەیگی)

دەنگ دەنگ دەنگ
شەوەێ دەنگ ئی هەمگە کلیسا
شەوەزەنگە
رەنگ رەنگ رەنگ
رەنگ ئی شەراوە
ژەنگە، ژەنگاڵە، خوێناوییە
جەنگ جەنگ جەنگ
دەنگ و زەنگ و ژەنگ و رەنگ و نەنگ و بەنگ و شەنگ و جەنگ
جەفەنگ بی
سولوول سولوول گیان م
سولوول سولوول گیان تو
سولوول گیان نیفەگیان ئی هەمگە ئایمە
ئی هەمگە ژنە
ئی هەمگە زاڕوو ناهرووە
سولوولێ ئنفرادییە
دە ئی هەمگە (مقابرالجمعی)ە
دە ئی هزاران هزار (صیدنایا)
ک مەبعووس بینە ئەرا ئی (بعث) درووکانییە
ئی ڕەستاخیز خیزە
شەهاتی دەن
خوەمیش هەم
خوەم وە دەوڕ خوەم شەهاتی دەم
وە ئی دەس بڕیاگ خوەمە لە ژیان شەهاتی دەم
ئەڕا بوودا دە بن هەر پەرستشگایێگ ک بیشێ
ئەڕا زەرتوشت دە بان هەر ئاگرواچێ ک بیشێ
ئەڕا داود دە نامەین هەر کڕێ ک بکیشێ
ئەڕا مەلک تاووس، ئەڵ بان موسحەفێ رەشترە لە تاڵەێ باوەشێخێ ک
دۆتەێلێ بردنە وە کەنیزێ ئەڕا جەهادێ ئەڕا نکا
ئەڕا موحەممەد دە نام هەر مزگەوتێ ک بخوازێ
ئەڕا مەسیح دە لای هەر کلیسایێگ بخوازێ
ئەڕا مووسا دە کنیسەیێگ ک بخوازێ
ئەڕا نووح دە شوون هەر دارە مێوێگ ک ئەڵێرە چکان و
سێدارەیێگ و دارێگ و دارستانێ لە ئێعدام ڕەوزەو کرد
دە بان هەر قەڵێ ئی ئەرزە ک مەوعوود نەوێ
ئوو دە بان ئی پەڕێ لەێ نەخشە ک نەکیشریا
هەرگز وە تین و وە زەیتوون
نە تینێ ما و نە زەیتوونێ
یە خەێلێگە دە سۆک هەر مەیخانەییگیش
وە چەواشە
زندانێ دە بان زندانێگ و زندانێ دە ژێر زندانێ تر رمیاگە
دە بان سەر ئیمە
ئاخ نیچە تف دەو دەمتە
ئەڕا ئەو قسەێلتە
داخ نیچە گۆ دەو چەم زلتە
دەو سیوڵەێل قەوینتە
گڕ دە ئەو قەورتە ئەڕا ئی هەمگە بێدەسەڵاتە ک گوورخەریو دایتە کوشت
داخ نیچە گڕ دەو گویتە ئەڕا ئەو قسەێلتە ک ناپیاگێ قەوینترەو دکەێ
تا هەێ

ئیلام. رودوس فەیلی (مستەفا بەیگی)



جگارەێ نییە تا بکیشێگەم
نەخشەێ نییە تا بکیشێگەم
نەخشێ نییە تا بکیشێگەم
یا جازبەێ تەنانەت
هیچ
هیچ
هیچ
هیچ چشتێ نییە تا بکیشێگەم
یا چووزانم بکیشمەێ
وە شوون خوەم
ک خوەم
خوەم
خوەم و خوەێ خوەێ خوەێ و خوەت خوەت
نە خوەت خوەت نیی
یە
یە خەلێگە دی خوەت خوەت نییت، باوڕ بکە
ئی نەخشە ک کیشێگەێ
دە بان ئی شیشە
یە خوەت نیی
خوەمەم
خوەم
ک شێویامەو خوەم و خوەت و خوەێ لە یەکەو نیەکەم
یە خەێلێگە

**

شوون شاخەێلەم خورێ
شوون دۆمەم خورێ
شوون سمم خورێ
یە خەیلێگە م گاێگم
مانگایێ یا چووزانم کەڵگایێ
وە بێشاخ و دۆم و ئەوین

جای شاخهایم میخارد
جای دمم میخارد
جای سمم میخارد
دیرگاهیست کە من گاوی هستم
مادەگاوی یا چە میدانم گاوی نر
بی‌شاخ و دم و عشق
البتە



ئەنستیتو زانست زاگروس @ZANIST2021

# باڵندەیەک لە گەڕوویدا دەچریکێ

(تێڕوانینێک لە شێعر و هزری جەلیل)

و، ئا: کامران ڕەحیمی ئەنستیتو زانست زاگروس

جەلیل سەفەربگی ساڵی ١٩٧٣ز. لە شاری ئیلام بە دی هاتووە. ئەو سەرەڕای ڕەخنە و نەقد ئەدەبی، ڕۆژنامەوانی، چاپی چەندین بەرهەم، وەرگێڕان، کۆڕگێڕی و هاوبەشی لە سمینار و ئەنجومەنەئەدبیەکان، هەروەها ئەندامی کارای ئەنجومەنی کوردی"هانا" لە ئیدارەی حەوزەی هونەری بە بەرپرسی محمەدعەلی قاسمی شاعیر، ڕۆژنامەوان و نووسەری ئیلامی بووە.

لە ڕاستیدا جەلیل بە چینی دووهەمی شاعیرانی ناوچەی ئیلام، دێتە ئەژمارە. بەڵام بە چاپی نزیکەی ٢٠بەرهەم توانیوە خۆی وەکو یەکێک لە چالاکترین شاعیران و وەرگێرانی کوردی فەیلی هاوچەرخ لە خوارووی کوردستان بناسێنێت. هەرچەند زۆربەی بەرهەمەکانی شاعیر بە زمانی فارسییە بەڵام چەندین چوارخشتی و غەزەڵ پاراو لێبڵاوبووەتەوە کە هیوادارم بە هۆی توانایی و لێهاتوویی لە داهاتوو کتێبخانەی کوردیش دەوڵەمەند بکات. جەلیل ساڵی ٢٠٠٨ز. دەستیکرد بە وەرگێڕانی دوبەیتییەکانی کوردی شاعیری بە ناوبانگ "فەرهاد شامورادیان" بە نێوی "تو کنار آتشی من برف پارو میکنم و جیبم پر از ردپاست" هەروەها «بودای کورد» بەرهەمی شاعیری ناسراو و سوورڕیالیزم حسێن شەکەربگی، «عکس یادگاری با مرگ» بەرهەمی سامان بەختیاری کە لە لای خەلکەوە پێشوازی باشێک لێان کرا. سەرجەم بەرهەمەکانی بریتین لە:

١ ـ بۆ باڵندە نەبم ٢ ـ لاسایی بۆ مەرگ ٣ ـ کۆمەڵەچوارخشتی"و" ٤ ـ هیچ ٥ ـ ئنجیل بە ڕەوایەتی جەلیل ٦ ـ واران ٧ ـ عاشقانەکانی هەنگی کرێکار ٨ ـ گاسنووقێک لە شانی مێرۆڵە ٩ ـ سەمفوونی بەڕوو ١٠ ـ ئەونویساری ١١ ـ وشترەکان لە فینقیە شووشە دەهێنن ١٢ ـ وردە وردە وشە دەبم ١٣ ـ ئۆپرای کاوڕ ١٤ ـ نتەکانی تەنیائی ١٥ ـ ناتەنیائی ١٦ ـ شێر و خور ١٧ ـ بڕواکان ١٨ ـ پێاسە لە پێوار ١٩ ـ موولەقی شێعر (چیروکەکانی لە خۆشەویستی بنەماڵەی پەیامبەر) و...

ماموستا جەلیل لە سەرەتا زۆر هۆگری ڕوباعی بوو دوای چاپی چەند بەرهەم لەم بوارەدا توانی بە شێوازی نوێخوازانە و مودێڕن، گۆڕانکاری بکات لە سەر ئەم قاڵبی کلاسیکە. پاشان ئازایانە دەستیکرد بە هۆنینەوەی شێعر نوێ و پێشڕەو، بە شێوەیەک کە شیعری ئیلام تا ڕادەیەک ڕوباعی لە ڕوی فورم و ناوەڕۆکەوە بە ئاستی بەرز و ئەمرۆیی گەیاند و لە ئێراندا ناساندی.

زمانی شیعری شاعیر زۆر ساکار و خۆماڵیە و پڕە لە مژارەکانی تازە و هەروەها لە باری ناوەڕۆکەوە بە ئاویتاری بیر، هزر و ڕامان لە گەل سروشت، گرنگایەتی بە کێشەکانی کۆمەڵایەتی و وێنەکانی ئەکتیڤ و ئەمرۆیی بە شێوازی خۆی گەیشتووە. لێرەدا بۆ نمونە ١٢پارچە شیعر لە کتێبی عاشقانەکانی هەنگی کرێکار تەرجومەم کردووە:

"١"

کاتێک دەتبینم
باڵندەیەک لە گەرووم دەچریکێ
ئەسپێ لە مێشکم دەهیلێ
هەروەها
باران باران

"٢"

ئەمە گوچانی منە
پاڵ پێوە دەنێم
گەڵای داران، بۆ پەزەکان دەتکێنم
موعجزەم نەماوە
مامە شوانێکی خەشیمم
کە پەزەکانیش بڕوایان بە من نەماوە

"٣"

لە "سڤەیل" هاتووە
لە گەل گیتار
هەڵدەپەڕەێ لە گەل لاوانی کورد
پەلێکی زەیتوون دە گیرفان
بۆ خوازبێنی شیعری کوردی...
"لورکا"

"٤"

فرین پڕ خوشە
کاتێک هەنگی کرێکار بی
کە نکاری
ئەویندای شاهەنگ بی

"٥"

چ ئازایانە
لە سەر هێلی کارەبا
دڵداری دەکەن:
چولەکەکان

"٦"

لوچ و بوچی مەکە
لەم شیعرەدا مەلوچکێک
لە سەر هیلکەی کڕ بووە

"٧"

هیلکەیەک
لە
هێلانە دەکەوێ و
دەشکێ
"ژیان"
جوجەڵەی مەلوچکێک واق دەکات

"٨"

بە ئەنگوستی
مانگم، نیشان دەدات و دیێژێ:
ئەمە ئەستێرەمە
لە کراس شرەکەی
مووی ژێر هەنگەڵی دیارە

"٩"

سەدان ساڵە
دەگەڕێن...
مەلەوانەکان
شەقامەکانی ئیلام
ماسیگران
کوڵانەکانی
چەتە دەریاییەکان
کێوەکانی
لە شوێنی پەری بچکوڵەی دەریا
کە زۆربەی، بەڕووەکان جوانەمەرگ کردووە

"١٠"

تل دەخوم بەم لا، بەو لا
خەونی بەرد و بنار دەبینم
کیسەڵێک لە مێشکم ون دەبێ

"١١"

جریکە جریکەی ڕۆژ و
فچەفچەی ترێ
کە لە دیواری هەوش دەچێتە سەر
هەناری دراوسێ، زاوزێ کردووە

"١٢"

تەق تەق
تەق تەق
تەق تەق
لە ناوقەدی دار
نێوی دڵدار دەنووسێ"دارسمنەک"

## پێم خۆشە بفڕم

بانە. فرووزان فەزڵی" ف. هەتاو"

خودا هاوارم تەنیا بۆ تۆیە
جەرگم کون کونە وهەناسەم سۆیە
خودایا بە عەقڵ ڕێم پێ نەبردی
وەکوو بێ عەقڵێ بڕوام پێ کردی
تەماعم نییە و پارەشم ناوێ
داوات لێ ئەکەم لێم بکەی چاوێ
زۆرجار لە خەونا زۆر شت ئەبینم
کاتێ هەڵئەستم، هەڵئەستێ قینم
بۆچی ئەم دونیاش وەک خەونم نییە
ئەو هەموو سەختی و ناخۆشی چییە؟
من خۆم نازانم داوای چیت لێ کەم
زۆریشم ناوێ قانعم بە کەم
وزەی فرینم لە تۆ داوایە
ئەتوانی بیدەی بە من خودایا؟
دوو باڵم بەرێ کە پێی بفڕم
سنگی ئاسمان لەت کەم، بدڕم
باڵندەیەک بم بڕوانم بۆ دوور
لام گرینگ نەبێ هیچ هێڵ و سنوور
بچم دانیشم لە سەر لقی دار
بخوێنم ئاواز بۆ خۆم جارو بار
کەس نەڵێ بۆچی ئەخوێنی، کچی
کەسیش نەپرسی بۆ کوێ ئەچی؟
بچم بۆ کوێستان یان بۆ سەر کانی
بۆ لێرەوار و بۆ شاخەوانی
لەسەر پەنجەرەی ماڵێ دانیشم
یان لەسەر بانی مۆڵێ بنیشم
لە دوور تەماشای شەقامەکان کەم
بۆ ماڵی دنیا ئیتر نەخۆم خەم
تێر و تەسەل بم بە دەنگی گەنم
خەمی هیچ نەخۆم، هیچیش نەسەنم
لە هەمووی خۆشتر بفڕم بە شادی
شەقەی باڵم بێت ڕوو بە ئازادی
نەهێڵم هیچ کەس بەسەرما زاڵ بێ
ژیان شیرینە، نەهێڵم تاڵ بێ
باڵ لێ بەم بڕۆم بۆ دەشت و دەریا
بچمە ئەو کێوەی لەوێیە عەنقا
بچم بزانم سی دانە مورغە؟
یان دانەیەکە و ناوی سیمورغە
تێکەڵ ئەوان بم وەک مەنتق وتەیر
ئەی لەو دنیایە چ خۆشە و چ سەیر

## لەو کاتەوە



بانە. فرووزان فەزڵی" ف. هەتاو"

لەو کاتەوە دارستانمان بوو بە قاقڕ
سنگی مرۆڤ بوو بە جێگەی گوڵلەی تاپڕ

لەو کاتەوە ئاوی ورمێ وشک بووە
کۆڵبەر لە بەر نانی شەوێ تیا چووە

لەو کاتەوە کچ لە شەقام خوێنی ڕژا
کوڕ لە بانگی بەیانیدا سەڵای مەرگی بە گوێ درا

لەو کاتەوە دایکی شەهید گڵکۆی ڕۆڵەی ڕووخاوە دی
هاواری کرد و خوای بانگ کرد، خوداش هەرگیز ئەوی نەدی

منیش ئیتر بەم ژیانە دڵخۆش نەمام
بە سەر زیندوو بە دڵ بۆ مەرگم بە تەمام



ئیلام. جلیل صفربیگی "واران"

ئێ دڵ کوشیاگە دە قوروانیەیل نازتە
پەرچەم پرچت بپێچ ئەڵ دەور ئێ سەربازتە

لێوەخانەێ ها دە هەر گوشەێ پڕێ زەنجیریە
وا یەکێ دە خەێل بەسیاگەێڵ زولف وازتە

ت گوش دار و درگ کەی، قرمزەو بۆ، وشکیا
دە بن گوش گوڵێ وەختێ وتێ ئێ ڕازتە

هەر مەلێ دەێ دەێشتە گل خوەێ دە شکارەیل تنە
دەر نیەچوو کەس دە چنگیر تێژ ئێ شاباز‌تە

دەس وە تاڵ زۆڵف تا بەێ سەێ سەما کەێ گیانمان
مور و مەل وە رەخس جارێ ئێ ژەنیین سازتە

عشق ئاواز تنەو سەوزەو کوچگ کەێ ئێ دەنگە
زینگەو کەێ مردگ سەدسالە ئێ ئاوازتە

مۆ پەریشان کردی و ساز جەهان دە کوک درات
وا سەما کەێ گەرتەچۆچان خەێگە ڕێ ئێ جازتە



بۆکان. سەلاح نیساری

پەپوولە باڵ نەخشینەکان؛
بە بینینتان زۆر دڵخۆشم، بە زەردەخەنەی سەرلێوتان گەش ئەبمەوە،
بە تریقانەوە و قاقاتان باڵدەگرم و
باڵا ئەکەم
بە خۆشارۆکێ و یاریتان دەڕژێمە ناخی سەوزایی و جوان ئەبمەوە،
دەی دەی دەستی یەکدی بگرن
بە هەڵپەڕین و سەماوە بێن و بچن
ئای کە جوانن، ئای کە چەند شیرینە سەردەمی سەوزی منداڵی،
هەتا ماندوو شەکەت دەبن تێر هەڵبەزن
ئێوە شەپۆلی سرودی بەربەیانن،
شنەی باڵی ناسکە سروەن
شەونمی سەر گۆنای شلێرە هەڵدەمژن،
چەپکە تروسکەی داهاتوون ڕەگی تاریکی هەڵدەبڕن،
ئەوە ئێوەن پێخوست ناکەن پەپوولەپاییزەکان و
گۆرانی بۆ قەل و قاژووی سەر لقی دارەکان دەچڕن،
پشیلەکانتان خۆش دەوێ و
بێزار لە دەنگی تووڕەیین،
ئای کە جوانن لە شوین پێتان جوانی دەڕوێ،
ئەوە ئێوەن ژیانێک دادەگیرسێنن
لەچەشنی باوەشی بەهار،
دوور لە هەرا و دووکەڵ و ئاگر و ئاسن،
لەگەڵ مناڵانی جیهان پۆل پۆل دەستی یەکدی دەگرن،
دەبن بە کۆلکە زێرینە و زەوی و ئاسمان ،
بە ئەنگوستی گچکۆکەتان لەیەک ئەدروون،
داهاتوو زۆر زۆر نزیکە، ئێوەن تریفە دەچێنن،
ئێوەن ژیانی نوێ دێنن،
مژدەبەخشی چرۆیی شادین بۆ خەڵکی ئەم سەرزەمینە،
فرچکتان گرتووە بە شادی و بە ڕووناکی
وەرن لە ئامێزتان گرم،
دەی وەرن پێکەوە ڕاکەین،
بۆ وچانێک وەرنە بن سێبەری حەریری شۆڕەبییەکانی باوەشم،
سریوەتان تێکەڵ جریوەی پاساری و چۆلەکە بێ
لەسەر نیوتەختەکان وەحەسێن و وچان بگرن،
منی پارک، منی باخچە، هەر بۆ ئێوەم
دەرم بێنن لە تەنیایی
هەر بۆئێوەم
نەک بۆ ئەو گەورە ساڵانی لە خۆبایی...

## زستان



بانە. ک.د. ئازاد

بە چاوت ساقی ئەم زستانە دەڕوا
چلەی زستان وەکوو ئەفسانە دەڕوا

لە پێکی چاوەکەت مەست و خومارم
خەمیشم وەک شەوی مەستانە دەڕوا

چەلێکی تێر نەبوو چاوم لە جێژوان
نەدا هات: زووکە ئەم کاروانە دەڕوا

بە عومری دانەنێم شەرتە ژیانم
هەتا یەخسیری لەم کوێستانە دەڕوا

لە سایەی یەکیەتی خەڵکی وڵاتم
لە خاک و زێدی من بێگانە دەڕوا

ئەگەر ئازادی بێتە ئەم وڵاتە
بە هەنگاوی ئەوەی تاوانە دەڕوا

مەخابن زۆر قەڵەم بێدەنگە و مەنگن
ئەوەی سەربەستە لەم نێوانە دەڕوا

ئەوەندە ئێرە پڕ ڕەنگ و ڕیایە
یەقین "ئازاد" لە خاکی بانە دەڕوا!

ئاودانان (ئاونۆ ـ آبدانان ایلام) .نەبی ئەحمەدی



شنۆو شاقەشاق ژ کووڵ و دەرقەن
دەس دار بەلی دە دەس ئەرجەن
مییت ری بەسییە ئل بای و بارۆن
چەوت هەقق زەمی ژ ئاسمۆن سەن

ترنم چهچهەی پرندگان در کوەها و درەها
رقص درخت بلوط، دست در دست درخت ارژن
موهایت راە را بر باد و باران بست
چشمهایت حق زمین را از آسمان ستاند



لە یۆنانییەوە: ئومێد قەرەنی

شیعری :لێفتێریس چۆنیس



## "لە دەرێی بازنەی سێرەگرتن"

بێژە جیهان سەراوبن بووە
بۆ شیرزەبوونی خەڵک
لەبەردەم چاودێری چەکی ناوکیی
ناگزووریی و چکۆلەترین هەستی
کە کەسی خەرجیدەکا
بۆ کرینی "چیپس"
کارێک کە کۆتایی نایێ!
بێژە هەناسە لە پێناو هەناسە دەرچووە
لەدایکبوون و دووبارەبوونەوەی ڕۆژانەت...
هەرچی دەتەوی بێژە
دەربارەی ئەو ڤەخوارنەی وێرانی کردیی
"یانا" کە پشتتبوو لەبیرتکرد *
هەنووکە دەخوازی بیگەڕێنیەوە

شەو بە تەنێ جێبهێڵە.

## "کرتەی تاریکییبەخشی دوگمەکە."

لە نێو
کرتەی تاریکییبەخشی دوگمەکەدا
دەژی
وەها خۆ دەنوێنێ
لە ماوەی دەرێی
سەرجەم جیهانی نۆتەکان
هەناسەدەدا
کاتێ چرایەکە دادەگیرسێنم
وندەبێ!

## "ڕۆژهەڵاتیی"

بەر بە پەنجەرەی ڕۆژهەڵاتەوە
ڕاوەستاوی
بە نیازپاکییەوە لێدەڕوانی
لەودیو  جیهانەوە
باهۆز هەڵدەکا و وەژوور دەکەوێ
کەزییەکانت بە کریستاڵ دادەچێنێ
ڕادەمێنێ و دەستیان وەسەر دادەخشێنێ
چون ئەوەی زارۆکی خۆت بن.

## "پاشان..."

لێرە ئەو گەڕیانە هەرماوە
لەو شوێنەش کە چەقەلەکان
تەنێ سێبەریان دەخولێنەوە.
گەر ناترسێی ترپەی دڵت
هاوئاهەنگی بەزمەکە ڕابگرە
ئەودەم دەبینێ
بۆقەکان ستران بۆ زەلکاوێ دەچڕن
وەک گۆلاوێ دەردەکەوێ.

* یانا: ناوێکی ژنانەیە.

لێفتێریس چۆنیس ( Lefteris Tsonis ــ Τσώνης Λευτέρης): ساڵی ١٩٨٤ لە ئەسینا لە دایکبووە. هەر لەوێش دەژیێ و کاردەکا، دوو کۆمەڵە شیعری بڵاوکردۆتەوە: ("مەیزانیی"، بڵاوکراوەی ئێکاتی، ٢٠١٥) و ("کرتەی تاریکییبەخشی دوگمەکە"، بڵاوکراوەی ئێکاتی، ٢٠٢٣). لێفتێریس چۆنیس بەوە دەناسرێتەوە کە خوێنەر پەلکێشی نێو گێژەلوولکەی وشە و زمان دەکا، جیهان لە شیعرەکانیدا وەک ڕەنگدانەوەیەک لە پرێکدا دەکرێتەوە و وندەبێ.. چونکە وێنەکان وەکو ئەوەن کە لە ناکاو هەڵکرێن و بکوژێنەوە، لە شیعرەکانی تەنها جەخت لەسەر ڕووی دەرەوەی شتەکان ناکاتەوە بەڵکە ڕەهەندە ناوەکییەکانیش ئاشکرادەکا، چیرۆکی گچکەگچکەن کە گەشتی دەروونیی شاعیر و خەڵکی دەوروبەری وێنە دەگرن، بێدەنگییەکان هەڵدەکۆڵن. شیعرەکانی لێفتێریس لە ئەنتۆلۆژیایی شیعری هاوچەرخی یۆنانیی جێگیرکراون و بەردەوام لە ڕۆژنامە و گۆڤارە چاپکراو و ئەلیکترۆنییەکان بڵاودەکرێنەوە.

## تێشوو



سەقز. نارین ئەڵڵامورادی(پڕوشا)

لە ناو ئەو ڕۆژانەی کە گژ وگیا بێ کەڵکەکان، باخی دڵمیان گرتە بەر، بۆ قەرەبووکردنەوەی سیس بوونی دڵ و دەروونم، گوڵدانێکم هێنا بۆ ژوورەکەم تا پارێزەر و پەنای بم.
ورە و هەستی زیندوو بوونێک کە لە ناو تاڵ و پۆکانیدا حەشاردرابوون، بوون بە هۆکاری ڕووناکی و گڕ وتین بۆ ژوورە سارد و تاریکەکەم؛
ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە لە تەنیشتی دانیشتبووم، بە بێ ئاگا، لەڕ و لاوازی گەڵا ناسکەکانی سەرنجی ڕاکێشام؛
پەیوەندی ساقەتێک لە جەستەی، لە گەڵ خاک بچڕابوو.
گەڵا لەڕ و لاوازەکان، لە کاتێکدا کە دەستیان لە ناو دەستی یەکتر نابوو، کز و بێ تین، ڕاکێشرابوون...
منیش وەکوو ئەم کۆمەڵە گەڵا، کاتێک کە پەنجەکانم لە سەر لاپەڕەی کتێبەکانم نەبن، کاتێک گوێچەکانم گوێ بیستی شێعرێک نەبن و کاتێک پەنجەکانم لە سەر جەستەی کیبۆردەکەم نەجوولێن و بوونەوەرێکی نوێ نەخولقێنن، بە جارێک ساقەت و گەڵاکانی ڕۆحم سیس ئەبن و کز و مات و بێ تین وەکوو جەستەیەکی بێ گیان، پێست و ئێسکەکانم لە گەڵ خۆما ڕا ئەکێشم...
ئاخر سروشتی مرۆڤ هەر ئەمەیە...
ڕاستە کە ئەندازیاری و دکتۆری و جەمکۆی پیشەکان بۆ بەردەوام بوونی ژیانی مرۆڤ پێویستن، بەڵام کتێب، شێعر و خۆشەویستی، پێخۆری ڕۆحی مرۆڤایەتین و مرۆڤ بێ ئەمانە، قەت ناتوانێ بە سەر ببات...
کە وایە قەسەم بە کتێب و شێعر، کە خۆشەویستی ئەکەن بە بیانوویەک، تا بتوانین لەم جیهانە پڕ لە بێ هیواییە، بە ڕوانگەیەکی نوێ و بە چاوێکی ترەوە، سەیری جیهان و ڕووداوەکانی بکەین...
دەسا گیانە بوونی کتێب و شێعر و خۆشەویستی پیرۆز بێت...

## دیاری



سەقز لقمان ئەڵڵامورادی(مانگەشەو)

ئازیزەکەم...
لەیەک دوورین...
تۆ وای لەوێ و منیش لێرەم،
مابوومەوە حەزو هەستم،
لە مێشک و دڵ، چۆن دەربێرم،
بیکەم بە گوڵ، بۆت بنێرم...
کەچی زانیم؛
ئاخر دیاری خواش بۆ مرۆڤ،
چەپکە گوڵی کتێبێکەو،
وەکوو مرۆڤ
باشتر لەوەم پێشک نایێ و
جوانتر لەوەم، قەت لێ نایێ...
بۆیە منیش
هیوا و حەز و هەستەکانم،
هەر هەموویان هەڵدەبژێرم...
هەر هەموویان ئەکەم بە شێعر،
وەکوو دیاری، وەک کتێبێ،
بۆت ئەنێرم...



مەریوان. حەمید فەتحی

کە هاوینی جودایی هات
ڕووباری گوندەکەی ئێمەیش وشک ئەکات
ئەو ڕووبارە نەرم و نۆڵەی
لە بەهاری ئاشنایی
بە هاژەی لەشی گەرمی تۆ
لە باوەشما لرفەی دەهات
کە پاییزی کۆتایی هات
کزەی زریان
یەکە یەکە گەڵاکانی ئەو دارستانە قڕ دەکات
کاتێ پەنجەم
کەزیەی ڕەنگینی خاوی تۆ
لە ناکاوێکدا ون دەکات
کە وەرزی زستانیش گەییشت
کلوو کلوو بەفری سپی
لە سەر سەر و ڕوومەت دەنیشت
کاتێ ساردی پەیڤەکان و
وەرچەرخانی ڕەشێنی گلێنەی چاوت
تێیگەیاندم
تۆی ئازیزیش منت نەویست
ساڵ دوازدەی مانگ چاوەڕێت بووم
ڕووبار ئاوی تێهاتەوە
دار و دەوەن گەڵای دەرکرد
دەشت و کێو گوڵ دەکاتەوە
زەوی شین بوو
تیشکی ڕوونی چاوی هەتاو
بەفری کوێستان دەباتەوە
کەچی لەم دڵە غەمگینەم
قەد بەهارێک نەهاتەوە



# چاوخشاندنێکی ڕەوانناسانه به سەر کەسایەتی ناو کورته چیرۆکی «کوردستان» ی مارف ئاغایی



شنۆ. د.عەلی ڕەزا محەممەدنێژاد

**پووخته:**
"زەوی سەخت و ئاسمان دوور"، بەرهەمی مارف ئاغایی(١٣٤٣ ــ ١٣٧٦) نووسەر و شاعیری گەوره وناوداری کورده. ئەو بەرهەمه له دوو بەش پێکهاتووه که بەشی یەکەمی شێعره و بەشی دووهەمی چیرۆکه.
لەو توێژینەوەی شیکارانەیه به ڕوانگەیەکی ڕەوانناسانه هەوڵ دراوه کەسایەتی ناو کورته چیرۆکی«کوردستان» ی ئەو کتێبه بخرێته بەر باس و لێکۆڵینەوه. دیاره ئەو وتاره لەسەر کورته چیرۆکێک بەرهەم هاتووه و به شێووەیەکی وەسفی و شیکارانه ئەنجام دراوه و توێژینەوەیەکی چۆنیەتی(کیفی)یە.
وشەی سەرەکی: زەوی سەخت و ئاسمان دوور، مارف ئاغایی، کەسایەتی، کورته چیرۆکی کوردستان

**سەرەتا:**
هەر نەتەوەیەک لەو جیهانه پان و بەرینەوه هەتا وڵاتی ئێمه و نەتەوەی ئێمه، ئەگەر به وردی لێی بڕوانین و چاوی پێدا بخشێنین، دەبینین که فەرهەنگ و وێژه و هونەرێکی تایبەت به خۆی هەیه و گەلێک بیرمەند، زانا، ئەدیب،توێژەر، نووسەر و چالاکوانی هەیه خەمی پێوه دەخۆن و جەخت له سەر نواندنی ئەزموونی سەردەم دەکەن و له سەر ژیانی خەڵکەکەیان بەرهەم دەخوڵقێنن و بیر و بۆچوونی ژیرانەی خۆیان له ناو بەرهەمەکانیان دەشارنەوه. ئەوڕۆ ئەرکی ئێمەیه که ئەو بەرهەمانه شیکاری بکەین و بەو جۆره، زانیاریەکان زیاتر پەره بدەین و یارمەتیدەری گەشەی کۆمەڵگا بین و هەرگیز خاوەن بیرانی خۆمان له بیر نەکەین. ڕێزدار ئەحمەدی قازی له سەرەتای وتاری گەشتێک له دنیای شێعرەکانی مارف دا دەڵێت: «لێکدانەوەی فکر و ئەندێشه و بۆچوونی شاعیران و نووسەران کارێکی له مێژینه و پێشینەداره و ڕۆژ له ڕۆژ زیاتر له دنیای زانست و هونەر و ئەدەبیات دا پەره دەستێنێ و بەره بەره دەبێته هێڵ و ڕشتەی تایبەت و هەر ئێستا دەیان زانای بەهره و تێکۆشەر و کارناسانه خەریکی لێکدانەوه و کەشفی ڕەمز و نهێنییەکانی دنیای شاعیران و نووسەران و فیلسووفەکانی دنیان له ئێستا و ڕابردوودا. لەم کاره دا بێجگه له هەڵوەشاندن و له سەر یەک دانانەوەی دارو پەردووی ڕواڵەتی کاری هونەری و سەرکێشان به کەلێن و قوژبنی فیزیکی ئاسەوارەکان له درێژایی زەمەندا توێژەکان تێدەکۆشن به قوڵایی ڕۆح و هەست و نەستی شاعیر و هونەرمەندیشدا بچنه خوار و ڕەمز و ڕازی ژیان و هۆی ڕەفتار و هەستان و دانیشتن و خوڵقاندنی هونەری و لادان و خرۆشان و هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانی هونەرمەند بخەنه بەرچاو.» (حەبیبی، ٢٠٠٨، ل٢٢٤)
دیاره لەسەر بنەمای ئەو پێشەکییه، لەو وتار بڕیاره چاوخشاندنێکی دەروون ناسانه به سەر کەسایەتی ناو کورته چیرۆکی[1]«کوردستان»ی کتێبی زەوی سەخت و ئاسمان دووری مارف ئاغایی بکەینەوه. بۆ چوونه ژوورەوەی باسەکە،چەند پرسیار ئاراسته دەکرێن.
ڕازی خوڵقانی کەسایەتی چیرۆکەکانی ناو زەوی سەخت و ئاسمان دوور چیه؟ نووسەر له چ دۆخێکدا دەستی بەو نووسینه کردووه؟ چ جیاوازییەک له نێوان کەسایەتی بەرهەمی شێعری و بەرهەمەکانی تری نووسەر وەکوو کورته چیرۆکەکانی هەیه؟ پێوەندی کەسایەتی ناو دەقی بەرهەمی مارف له گەڵ کۆمەڵگاکەی چیه؟ تایبەتمەندی ڕەوانناسانەی کەسایەتییەکان چیه؟ ڕەنگه وڵام دانەوەی هەموو ئەو پرسیارانه له کورته وتارێکی ئەوها دا نەگونجێ و پێویستی به شیکاری و لێکدانەوەیەکی زۆرتر هەبێ،بەڵام بێگومان تێڕوانینێک له سەر یەکه کەسایەتی ناو چیرۆکەکه دەکەین.

**کورته چیرۆکی کوردستان:**
توند هەڵدێ، وەک ئاسکێک که ڕاوچی شوێنی هەڵگرتبێ، توندتر، دەڵێی دەیەوێ بفڕێ و بەر له فڕین دەور هەڵدەگرێ، دڵۆپێک ئارەقه به دەور گنجەکانی نێوچاوانی دا دەدا،هێندەی نەماوه بتکێته خوار. سووکه ئاورێک دەداتەوه.دەوەندەیەک لێی نزیک دەبێتەوه ..... نزیک تر....
هەتا پشتی گەرم کردوه،ئێستا ئیتر سێبەری خەنیمەکەی وەپشتی کەوتووه، شەرم لەخۆی دەکا، لەشەرمان کەم دەمێنێ ببێته دڵۆپێک ئاو.
دڵۆپه ئارەقەکەی نێوچاوانی دەتکێته خوار.
بەناچاری چاوی دەسێبەرەکه بڕیوه.ئەو سێبەره له بەرچاوی دەڵێی جندووکەیه وسەما دەکا. خۆ دەکوتێ هەتا بێگاتێ.بە هەموو هێزیەوه هەڵدێ.وەک باڵنده باڵ لێ دەدا بەڵکوو بتوانێ بفڕێ.ئای چەنده خۆش دەبوو توانیبای....
دڵ خۆشیی خۆی دەداتەوه:
" بابالیشم نەبێ، ڕەنگه پیاو بتوانێ به لاقەکانیشی بفڕێ.تا دەتوانم، دەبێ هێنده توند هەڵێم، لاقێکم نەگاتەوه سەر زەوی ئەوی دیکەنەیان هەڵگرم.دەبێ له حەوای لاق لێ دەم".
هەروا چاوی دە سێبەرەکه بڕیوه که دەوەندەکه بەدوای خۆیدا دەیکێشێ. وه دوا کەوتووه. تووڕەیه. چاوەکانی ئاوریان لێ دەبارێ و چیرەچیری ددانەکان دێ. دەڵێی لەداخان ئێسک و پەراسووی «غیرەت»ی تێک دەقرمێنێ. سەر هەڵدێنێ، نیگاکانی بەرەو خەتی کۆتایی دەڕۆن و... له خەتەکەش تێدەپەڕن. ئای بریا هەنگاوەکانی وەکوو تیشکی چاوەکانی، تیژ ڕۆیشتبان.

---
[1] - short story

ڕایەڵی نیگا کۆ دەکاتەوە و تا پێش دەمی خۆی دێنێتەوە، هەر دووسەد میترێکی ماوە. ئەگەر هەروا بچێتە پێش دۆڕاوە. لەخەیاڵیا زەوی زار لە بەر یەک دەباتەوە و هەڵیدەلووشێ. هەست بە نامۆییەکی سەیر دەکا. تەنیا لە وڵاتێکی نامۆ. ناهۆمێدی سەری پێ دادەخا. لەناکاو چاوی بە نووسراوەکەی سەر کراسە وەرزشیەکەی دەکەوێ: پارێزگەی کوردستان.

ورەیەکی تازە پەیدا دەکا. دەڵێی منداڵێکی لە دایک هەڵبڕاوە و لەپڕ تووشی دایکی دەبێتەوە. وەخۆ دێتەوە. پەنجەکانی بۆ لای لەپی دەست خوار دەکاتەوە. گەرووی ناهومێدی دەکوشێ... دەکوشێ... دەیخنکێنێ...

کاتی ماڵاواییی دێتەوە بیر: دایکی چاوەکانی بە چەند دڵۆپ فرمێسکی دڕدۆنگی شوشت و باوەشی بۆ کردەوە. خۆی هاویشتە نێو باوەشی. دایکی پێی گوت: ڕۆڵە گیان، هیوادارم هاتیشیەوە، بە سەربڵیندی باوەشت بۆ ئاوەڵا کەم.

دەنگی بڵیندگۆ وەک نەشتەر لە هەموو ئازای بەدەنی ڕۆچوو، وەخۆی هێناوە:

«چی وای نەماوە بۆ هێڵی کۆتایی، تاوێکی دیکە...»

ئیتر ئارەقەی لەشی بە دڵۆپ نەدەژمێردرا. کراسەکەی تەڕ ببوو، تەڕاییی کراسەکەی ناوی کوردستانی بەسەر قەلبیەوە نووساندبوو. دڵی زۆر بەتوندی لێی دەدا، گوێی بۆ شل کرد، دەنگی دڵی وەک جاران نەبوو. دەنگێک نەبوو، دەتکوت ملیۆنەها دڵە. ڕاچەنی، کاتێک زانی دڵی هەموو کوردستانە لە نێو دڵیدا لێدەدا، وردە وردە هەنگاوەکانی بەهێز بوون. ئیتر هەنگاوی دوو کەس، سێ کەس، دەیان کەس نەبوو... هەنگاوی هەموو کوردستان بوو، بەرەو پێشیان دەبرد.

لەخەتی کۆتایی نزیک دەبۆوە، مەودای دەگەڵ دەوەندەی پێش خۆی کەم بۆوە و هانکەهانکی هەناسەکەی گوێ لێ دەبوو. توندتر هەڵدەهات. ئەوەندە توند کە ئیتر هەستی دەکرد وردە وردە لە زەوی جوێ دەبێتەوە و بە لاقەکانی دەفڕێ، لە حەوای لاق لێدەدا.

دەگەڵ خەنیمەکەی لە یەک خەتدا بوون و دەگەڵ خەتی کۆتایی هەنگاویان مەودا بوو. دایکی وەبیر هاتەوە و باوەشە ئاوەڵاکەی. باوەشی ئاوەڵای هەموو نیشتمان. دوو هەنگاوەکەش هاوێژران... کێبەرکێ کۆتایی هات. دەوەندە کوردەکە لە خۆ چوو. ئاگای لە خۆی بڕا. بڵیندگۆ کە کەوتە هاوار... (سرەوی ژمارە٥١ ساڵی ١٣٦٩)

**کورتە چیرۆک**

کورتە چیرۆک، بەرهەمێکە کە بتوانرێ لە ماوەی نیوکاتژمێر بخوێندرێتەوە. دیارە ئەو پێناسەیە نیگایەکی چەندییە(کمی)نە چۆنیەتی وکوالیتی(کیفی). کورتە چیرۆک دادرانێک لە ژیانە. کورتە چیرۆک، چیرۆکی چەند کەسیکە کەمرۆڤ لە هەولێک دا لە گرفت ڕزگار دەکا. ڕەوایەتیکی داهێنەرانە لە کەسایەتی یان چەند کەسایەتی دیاری کراو کە هەریەکە و تاکە.(میرصادقی،٨٦)تایبەتمەندی کورتە چیرۆک بریتین لە: کورتی، داهێنان، ڕونی وئاشکرایی، نوێ بوونی فۆرم(یونسی،١٣٩٢) لێرەدا کورەت چیرۆک، چیرۆکی"کوردستان"ی مارف ئاغاییە کە یەک کەسایەتی قارەمانی هەیە.

**کەسایەتی ناوچیرۆک:**

کەسایەتی[٢] واتە کەسانێکی خوڵقێندراو لە ناو چیروک،ڕۆمان،دەق، شانۆ وهتد خۆ دەنوێنن،ئەوانە بەرهەمی خوڵقینەرێک بە نێوی نووسەرن. دروست وەکوو دەوەندەی ناو چیرۆکی "کوردستان".

کەسایەتی واتە کەسانێکی خوڵقێندراو کە لە ناو چیرۆک، شانۆ و هتد خۆ دەنوێنن، کەسایەتی نە بە کەسێک دەگوترێ کە لە جیهانی چیرۆک، جیهانی ئووستووورەیی، حەماسی، ئاشقانە، ڕۆمان، شانۆ، درامای سینەما و هتد بەشدارە و ئەکتەری دەکا، بەڵکوو خۆی کەسایەتی یە.(ایرانی،١٣٨٠،ل ٥٩٠)

کەسایەتی بەشی سەرەکی هەر چیرۆک و ڕۆمانێکە کە لە پێکهاتەی یەکگرتنی دەقەکەیە و بەبێ بوونی کەسایەتی یا کەسایەتیکان ناکرێ ڕووداوەکان ڕەوایەت بکرێن.

ئەگەر بێتۆ چیرۆکێک، لەو بەشەی کە پێی دەکوترێ ڕووداو، بێ بەش بێ یان کات و شوێنی بۆ دیاری نەکرابێ و تەرح و ڕوانگەی شیاوی نەبێ، دەکرێ بڵێین چیرۆکە، بەڵام چیرۆکێکی لاوازە. ئەگەر ئەو چیرۆکە، کەسایەتی تێدا نەبێ، بوونی ئەو جۆرە چیرۆکە، بە هیچ کلۆجی پەسند ناکرێ(براهنی،١٣٨٥،ل٦٣) چیرۆک بۆ درێژەی ڕێگای خۆی پێویستی بە بزوتنەوە هەیە و کەسایەتی ناو چیرۆکیش، ڕێکخەری ئەو بزووتنەوەیەن، بۆیەش بوونی بەشی کەسایەتی لە چیرۆک دا دەبێتە هۆی دلڕفێنی و ئاوەڵایی دەق (پروینی،١٣٧٩، ل٦٥)

دیارە کەسایەتی ناو دەقێک مەرج نیە هەر مرۆڤێک بێ. کەسایەتێکانی ناو ڕۆمان و چیرۆک دەتوانن ئاژەڵ، کەرەسە یا هەر شتێک بن.

**شێوازی توێژینەوە:**

دیارە ئەو وتارە لەسەر کورتە چیرۆکێک بەرهەم هاتووە و بە شێوەیەکی وەسفی و شیکارانە ئەنجام دراوە و توێژینەوەیەکی چۆنیەتی(کیفی)یە.

**باس و لێکدانەوە:**

کەسایەتی سەرەکی ناو کورتە چیرۆکی«کوردستان»ی مارف، لە ڕاستیدا لە سەرانسەری چیرۆک دایە و دەوری سەرەکی دەگێڕی. لە زۆربەی دیمەنەکان داهەیە و یان شوین پێی دیارە. دەبێتە ئامانج و هۆکاریکی باس بۆ کۆتایی هاتنی بەرهەمەکە.

بەچاوخشاندنێک بە سەر چیرۆکی «کوردستان» دەبینین کە کەسایەتی ئەو چیرۆکە تەنیایە و ڕێگایەکی بە پەلە و بەلەز دەپێوی و ماندوویی تەنگی پێ هەڵدەچنێ و هەناسەبڕکەی وێ دەخا. ئەو تەنیاییە مرۆڤ دێنێتەوە بیری شاعیر کە ڕەنگە هەستی هەمان هەستی نووسەرە.مارف تەسویری کەسایەتی دەوەندەیەک نیشان دەدا کە بیر لە دەسکەوتێک دەکاتەوە. ئەو حاڵەتە ڕۆحیە ئاکامی هەست بە تەنیایی و تەقەلای هەست بۆ کەسێکە کە بایەخی بزانێت. بۆیەش کە ورد دەبێتە، وەبیری دێتەوە و ئیشق و خەیاڵی دەبن بە هاوڕێ و ماندوویی دەبەزێنی و کۆڵ نادا.

---

- Character [٢]

کورتە چیرۆکی کوردستان، کەسایەتێکی هەیە کە ڕوداوی کێ بەرکێی هەڵاتنێک دەخاتە بەرچاو و لە کاتی ماندوویی و هەست بە تەنیایی و شەکەتی، بە وشەی "کوردستان" وەخۆ دێتەوە وهەوڵی دەبێتە هەوڵی نەتەوەکەی.

لەم چیرۆکەدا دەوەندەیەک(ڕاکەرێک) کە هەست بە تەنیایی و ماندوێتی دەکات، بەڵام پاڵنەرێکە بۆ بینینی دایکی و خاکەکەی، درێژە بە پێشبڕکێکە دەدات. ئەم کارەکتەرە دەتوانرێت لە ڕوانگەی ڕەوانناسیەوە شیکاری بکرێت بۆ پاڵنەر و هەستەکان.

سەرەتا دەوەندە هەست بە ماندوێتی و نائومێدی دەکات بەڵام بیری دێتەوە کە دایکی چاوەڕێی دەکات و ناوی کوردستان واتە خاکەکەی لەسەر جلوبەرگەکەیە. ئەم دوو هۆکارە پاڵنەرە(پەیوەندی باوەشی دایک ونیشتمان) هانی دەدات لێبڕاوانە بگاتە هێڵی کۆتایی. لە ڕوانگەی ڕەوانناسی پاڵنەرەوە، هۆکارە ناوخۆییەکانی وەک پەیوەندی بە دایک و ناسنامەی نەتەوەییەوە پاڵنەرەکانی ئەم ڕاکەرەیان زیاتر کرد و هانیان دا بۆ بەردەوامبوون لە کێبڕکێکردن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پاڵنەرە ناوخۆییەکان و هەستە ئەرێنییەکان دەتوانن ئاستی مرۆڤەکان باشتر بکەن.

ئەم چیرۆکە دەتوانێت لە ڕوانگەی چەندین تیۆری ڕەوانناسی شیکاری بکرێت. بەتایبەتی لە ڕوانگەی دوو کەسایەتی دیاری ڕوانگەی ڕەوانشیکاری واتە کارل یۆنگ و ئەبراهام مازلۆ.

کارل یۆنگ، دامەزرێنەری دەروونناسی شیکاری، جەخت لەسەر چەمکی "خۆ" و "سێبەر" دەکاتەوە. لەم دەقەدا ڕاکردن لە ناوچەیەکی نامۆ و هەستکردن بە تەنیایی، ڕەنگە پەیوەندی بە هەستکردن بە سێبەر و نائومێدیەوە هەبێت. یۆنگ پێی وایە هەموو مرۆڤێک بەشێک لە خۆی پشتگوێ دەخات یان سەرکوت دەکات، کە لەوانەیە هەستکردن بە تەنیایی و ماندوێتی نوێنەرایەتی سێبەری ئەم ڕاکەرە بکات. جگە لەوەش، بیرهێنانەوەی دایکی و زێدی خۆی نوێنەرایەتی ئەو گەشتە ناسنامەییە دەکات کە یۆنگ گرنگی پێدەدات. ئەم کەسە بە بینینی ناوی کوردستان لەسەر جلوبەرگەکەی، پەیوەست دەبێت بە ڕەگ و ڕیشەی خۆیەوە و بە شوناسە بەکۆمەڵەکەیەوە. ئەم پەیوەندییە بە شوناسەوە دەتوانێت پاڵنەرێک بێت بۆ ئەوەی بگاتە هێڵی کۆتایی، کە لە ڕاستیدا ئاماژەیە بۆ چەمکی "خۆ" و بەدیهێنانی ناسنامەی کەسی و کۆمەڵایەتی خۆی.

ئەبراهام مازلۆ، دەروونناسی مرۆڤدۆست، تیۆرێکی هەیە بە ناوی "هەرەمی نیازەکانی مازلۆ" کە تێیدا پێداویستییەکانی مرۆڤ بە پلەبەندییەک پۆلێن دەکرێن. لەم حاڵەتەدا هەستکردن بە تەنیایی و ماندوێتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی هەرەمدایە، واتە پێویستی ئاسایش و سەربەخۆیی. سەرەتا ئەم ڕاکەرە ڕووبەڕووی هەستێکی نائومێدی و تەنیایی دەبێتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم پێداویستیانە دابین نەکراون. بەڵام بیرهێنانەوەی دایکی و خاکەکەی دەتوانێت یارمەتی بدات بۆ گەیشتن بە پێداویستییە باڵاکان، وەک پێویستی ڕێزگرتن و خۆبەڕاستکردنەوە. لە ڕاستیدا دەتوانێت لەوە تێبگات کە نەک تەنها بۆ خۆی، بەڵکو بۆ خێزان و خەڵکەکەی خۆی ڕادەکات، ئەو هەستکردنە بە بەرپرسیارێتی و سەربەخۆیی پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی بگاتە هێڵی کۆتایی.

**ئاکام و دەرەنجام:**

لە کورتە چیرۆکی کوردستان کەسایەتی بەرچاوی چیرۆک، گەنجیکی کوردە کە لە کێ بەرکێی هەڵاتن بەشدارە. تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسایەتییە لە ڕوانگەی چیرۆکەکە دەخەینە ڕوو:

١ - تەنیایی وبێ هیوایی: ئەوگەنجە هەستێکی نامۆی هەیە وبێ هیوایە وهەست بە تەنیایی دەکا. هەر وەک مارف دەنووسێ: «... هەست بە نامۆیی یەکی سەیر دەکا. تەنیا لە وڵاتێکی نامۆ. ناهومێدی سەری پێ دادەخا....» بێ هیوایی وتەنیایی دوو تایبەتمەندی ئەو کەسایەتییەیە.

٢ ـ خۆشەویستی دایکی نیشتمان: ئەو گەنجە لەوپەڕی بێ هیوایی، دا وەک چیرۆک نووس دەنووسێ: «... لە نەکاو چاوی بە بە نووسراوەکەی سەر کراسە وەرزشیەکەی دەکەوێ" پارێزگەی کوردستان. » بینینی ئەو وشەیە، گۆڕانکاری تێدا بەدی دینی و ورەیەکی تازەی پێ دەبەخشی.

٣ - خۆشەویستی دایک: گەنجی چیرۆکی کوردستان کە بە وشەی کوردستان وەخۆ دێتەوە«کاتی ماڵاوایی دێتەوە بیر: دایکی چاوەکانی بە چەند دڵۆپ فرمێسکی دڕدۆنگی شوشت و باوەشی بۆ کردەوە. خۆی هاویشتە نێو باوەشی ودایکی پێی گوت: ڕۆڵە گیان، هیوا دارم هاتیشیەوە، بە سەر بڵیندی باوەشت بۆ ئاوەڵاکەم.... »

لئۆناردبیشاب(١٣٧٤) بروای ئەوەیە ڕۆمان نووس دەبێ جاروبار دەست لە نووسین هەڵبگرێ و کەسایەییەکانی لە مەڕ تایبەتمەندییەکانیان کۆنترۆڵ بکا. یەک: لە بواری جەستەیی(کە نابێ گۆڕانکاریان پێ دابێت وەکوو خرپنی، لاوازی، جەستەی ورد و یان زەلام، ڕەنگی چاو و هتد)

دوو:لە بواری سۆز و عاتیفە: بێ هزری، بێ توانایی، توورە و هتد

سێ: لە بواری زەینی: پرسۆکە،بیرکەر،ناحاڵی یان حاڵی،توێژەر،خوێندەوار و هتد

چوار: لە بواری چاوەڕوان نەکراوی: دەکرێ پێش بینی لە سەر بکرێ،کەسایەتی دیارە، نادیارە، تێکەڵاو و هتد

کۆی ئەو تایبەتمەندیە جۆراوجۆرانە کە لە تایبەتمەندی هاوبەشی مرۆڤ و تایبەتمەندییەکانی فێربوون پێکهاتووە کە کاراکتێر یا کەسایەتی تاک دروست دەکا. سەرچاوەی کاراکتێری تاک پەرەی ژنێتیک، پەروەردە و دەورووبەرە (یونسی، ٩٢،ل٢٨٥)

بەڵام کەسایەتی ناو چیرۆکی کوردستانی کاک مارفی ئاغایی،وەبیری دێتەوە کێیە؟ حاڵەتی دەروونی و زەینی، گۆڕانی بە سەر دادێ و خۆی شکڵ دەدا. دایکی دەبینێت کە باوەشی بۆ ئاوەڵایە و تازەش بەبینینی وشەی کوردستان، بیری دێتەوە کە نوینەری خەڵکەکەیەتی، ئەوەش یانی مانای ژیان.کەسایەتی ئەو چیرۆکە، مرۆڤیکە بۆ ساتێک بە دوای مانادا گەڕا و بیری هاتەوە کە ئامانجەکەی،ئامانجێکی گەورەیە.

شیکاری ئەم دەقە لە ڕوانگەی کارل یۆنگ و ئەبراهام مازلۆوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەست و ئەزموونەکانی ئەم ڕاکەرە نەک تەنها وەک تاکێک پەیوەندی بەوەوە هەیە، بەڵکو وەک نوێنەری ناسنامەی بەکۆمەڵیشی پێوەندیدارە. ئەم دوو ڕوانگەیە دەتوانن بەشداربن لە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە چۆنیەتی دروستبوونی پاڵنەر و هەستەکان لەم دۆخە تایبەتەدا و نیشان بدەن کە چۆن شوناسی تاک و دەستەجەمعی دەتوانێت کاریگەری لەسەر ڕەفتار و بڕیاردان هەبێت.

**سەرچاوەکان:**

١ ـ ایرانی، ناصر(١٣٨٠) هنر رمان، تهران: انتشارات نگاه، چاپ هشتم

٢ ـ ئاغایی،مارف(١٣٦٩) کوردستان(چیرۆک)، سروەی ژمارە٥١

٣ ـ ئاغایی،مارف(١٣٩٤) زەوی سەخت و ئاسمان دوور، سەقز:فەرهەنگ سەرای هونەر و ئەندێشە

٤ ـ براهنی، رضا(١٣٨٥) قصەنویسی، تهران: انتشارات البرز، چاپ دوم

٥ ـ بیشاب،لئونارد(١٣٧٤)درسهایی درباره داستان نویسی، ترجمه محسن سلیمانی، نشر زلال

٦ ـ پروینی، خلیل(١٣٧٩) تحلیل عناصر ادبی وهنری داستانهای قران، تهران: انتسارات سروش

٧ ـ حەبیبی، هادی(٢٠٠٨) ڕازی مانەوەی خاک( شێعر و ژیانی مارف ئاغایی)،هەولێر: بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری ڕامان، چاپی یەکەم

٩ ـ میرصادقی، جمال(١٣٦٠)قصه،داستان کوتاه، رمان، تهران: انتشارات آگاه، چاپ اول

١٠ ـ یونسی، ابراهیم(١٣٩٢)هنر داستان نویسی، موسسه انتسارات نگاه، چاپ یازدهم

١١ ـ حنیف، محمد(١٣٩١)راز و رمزهای داستان نویسی،انتسارات مدرسه،چاپ سوم



## سیاوش زەبێحی کوڕی عەدنان ناسراو بە "بۆران"

نووسین وکۆکردنەوە:ساسان مۆنفەرێد[بێوەر]

لە ڕۆژی ٢٤ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٩ی کۆچی هەتاوی لە ئاوایی بێساران لە چەمی ژاوەرۆ سەربەناوچەی سەوڵاوا چاوی بە ژیان هەڵێناوە،

قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی تاناوەندی ودوواناوەندی هەرلە داوێنی مەڵبەندی تەژی لەهەستی ماۆستامەلامۆستەفای بێسارانی تێپەڕ کردووە و پاشان بۆ درێژەدان بەخوێندن لە بۆاری کارناسی و کارناسی باڵای ئەندازیاری کشت وکاڵ ڕوو ئەکاتە شارەکانی سنە و مەلایر(سەربەپارێزگای هەمەدان)و دواتر لە بەرگی خوێندکاری لە بۆاری زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی کوردستاندا لە شاری سنە جێ خوی دەکاتەوە.کاک سیاوەش زەبێحی وەک زۆربەی زەبیحیەکانی ئاوایی بێساران لاوێکی دەس بەقەڵەمە و لە پاڵی ئیش وکارەتایبەتیەکانی دەستی کردووە بە نووسین و بابەت و بەرهەمەکانی سێ بەشی هەورامی، سۆرانی و فارسی دەگرێتەوە کە ئەمەش مشتێکە لە خەرمانی بەرهەمەکانی:

**ـ ١ـ**

مانگە شەوە،
شاریەبیێوە جە پەنا هەوریە سیاوینە
و
من
ڕوومەتوو تۆم ئاماوە یاد
ئاوەختە کە
جە پەناو زۆڵفاتەنە نادیار کەوتەبێ...

**ـ ٢ـ**

تۆ نییەنی و
جە هێجرانوو تۆ
هەرچی ڕوینێ
تاڵەقژیەم چەرمە بۆ...
چێش کەروو؟
کارەساتێوە قورسەن
خەموو نەبیەیت!
ئیتر
تەماشاو جامیچم بیزیان...

**ـ ٣ـ**

لەوپەڕی کۆڵانەکانی شاردا
لە ماڵی خۆم،
لەوێ کە جگە لە شێعر و
تەنیایی و
یادی تۆ، شتێکیتر نییە
چاوەڕێتم!

**ـ ٤ـ**

ئینە تاویەن
مێمانیە بێ حەیا
یانەم نمازۆ جیا...
مەکەرووش بەروە،
بەڵام
دیسان مەیوە!
چێش کەروو؟
مەگەر ساتیە
تەنیام مازۆ
خەموو نەبیەو تۆ؟!

**ـ ٥ـ**

تۆ نییەنی و
جە هێجرانوو تۆ
هەرچی ڕوینێ
تاڵەقژیەم چەرمە بۆ...
چێش کەروو؟
کارەساتێوە قورسەن
خەموو نەبیەیت!
ئیتر
تەماشاو جامیچم بیزیان...

**ـ ٦ـ**

ئەمشەویش تێپەڕی و
دیسان بەیانی
بەهێزتر لە ڕابردوو
من دەست پێ دەکەم
بە بیرکردنەوە لە تۆ....
تۆ بڵێ:
شێت بوون، جگە لەوە بێت؟!

**ـ ٧ـ**

هنوز،
در خاطرم هست
روزی کە میرفتی،
تپش قلب من
با
رقص موهای تو
هماهنگ شده بود...
از آن پس
دیگر،
دوست ندارم وزیدن هیچ نسیمی را...



# فەرهەنگی ناو، ئاوێنەیەکی ترووسکەدار

مەهاباد. سەلاحەددین ئاشتی






لەوەتی ئادەمیزاد بەرەبەرە هەستی بە پێویست بوونی ناونانی شوێن و زەمان و کۆمای ڕووەک و بوونەوەر و تێکڕای بابەتەکانی جیهان کردووە، بەپێی زانین و زانستی ڕۆژگار ناو وەکوو ماکەیەکی سەرەکی دەور دەگێڕێ.

لەم ڕەوتەدا مرۆڤ کەی زانیویەتی هەر مرۆڤێک دەبێ خاوەنی ناوێک بێ بۆ پێ ناسرانەوەی، تاکوو ئێستاش لێڵ و ناڕوونە، بەڵام وەکوو دیارە ناونان و دۆزینەوەی ناو، ئاڵوگۆڕێکی گرینگی لە بەستێنی ژیاندا پێکهێناوە.

بێگومان هەر بنەماڵە و بەرە و تیرە و تایفە و خێڵ و هۆز و گەل و نەتەوەیەک، بەپێی کەلتوور و کەلەپووری مێژینە و تازینە و تەنانەت ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی شوێن و سەردەم، پێی ناوەتە نێو بازنەی بەرینی ناونانی منداڵ و بەگوێرەی تێپەڕینی ڕۆژگار ناوی نێر و مێی لێک جیا کردوونەوە.

نەتەوەی کوردیش لە ڕەوتی ئەم ڕێبازەدا، بەپێی گۆڕانی دین و ڕێچکەدین و باوەڕ و کەلتوور و بە تێهێنانی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر پارچەکانی کوردستاندا هەنگاوی هەڵێناوەتەوە و نەیتوانیوە لەو تێلوبەندەی بۆی ساز کراوە دەرباز بێ؛ ئێستاشی دەگەڵ بێ ئەم شێوازە، هەرێمی کوردستانی ئازادی لێ دەرکەی، کەموزۆر شێوەیەک هەستی نادڵنیایی وا دەکا بنەماڵەی بەپارێز بیر قرچۆک نەتوانێ بە دڵی خۆی و بێ هیچ تێبینییەک بۆ ئێستا و داهاتوو، ناو لە منداڵی بنێ، ئەوەیە کە مرۆڤی دووناوەکی لە کۆمەڵی کوردەواریدا گەلێک وەبەرچاو دێن، واتە بە پێناسەی تۆمارکراو ناوێک و وەکی دیکەش ناوێ! هەڵبەت ئاگادارین کە ئەم ڕەوتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئەندازەیەک بەرەو کاڵبوونەوە دەچێ.

ناوی خۆش و جوان و ڕەوان و لەبەردڵان بێونەبێ ویست و دڵخوازی هەموو ئادەمیزادێکە، چونکە لە درێژخایەندا وەکوو بەشێک لە کەسایەتیی مرۆڤ دەخوێندرێتەوە و پێیەوە دەناسرێ و ڕەنگی پێوە دەگرێ. دۆزینەوەی ناوی دڵخواز، بە هەموو تێبینی و بۆچوونەکانەوە لەم ڕۆژگارەدا بۆتە کەڵکەڵەی دایکان و باوکان، بەتایبەت کە زۆر کەس ئێستا بەدوای ناوێکدا وێڵ و سەرگەردانن، نەک لە نێو بنەماڵە و خزم و کەس و گوند و کۆڵان و گەڕەکیاندا نەبێ، بەڵکوو لەوە دەگەڕێن شار و گوندی جێژیانیان، ئەو ناوەی لێ نەبێ! ئەم کارە هەر چەند پەرەی داوە بە دۆزینەوە و داهێنانی ناوی تازە، بەڵام شێوەیەک بێسەرەوبەرەیی و ماناداتاشینی هەڵە و کرچوکاڵ و ترازانی لە هەموو بارێکەوە لێکەوتۆتەوە. لام وایە بەشێکی بەرچاوی بنەماڵەکان، بێ بیر کردنەوە لە کەلتووری ڕەسەن و مێژووی پێوە ناسراومان، لەبری ڕوو کردنە ئەو خەزێنە دارماڵەی ناوی کوردی، پەنا بۆ ناوی دیکە دەبەن، بۆیە پێویستە شێوەیەک بەخوداچوونەوە و ڕاپەڕینی دەروونی چینی تازەپێگەیشتوو بگرێتەوە و بە فیگۆڕی بەرچاوبەرینی خۆیان نەخەڵەتێنن!

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کۆکردنەوە و نووسینەوەی فەرهەنگێکی قەبارەمەندی جێمتمانەی ناوی شیاو و باو لە نێو نەتەوەی کوردا وەک پێویستییەکی هەنووکەیی جێگای بەتاڵی دیار بوو. دۆستی خۆشەویستم کاک سەید نووح عینایەتی (نەبەز)، کە چەندین ساڵە وەک خەمخۆرێکی نیشتمان سەری بەم کارەوە ئێشاندووە و کۆمەڵێک سەرچاوەی پشکنیون و "فەرهەنگی ناو"ی بۆ کچان و کوڕان لە دوو بەرگدا ڕێکخستووە، جێگای دەسخۆشی لێکردن و بەپیرەوە چوونە.

ئەم فەرهەنگی ناوە، بەپێی نێوەڕۆک هەتا ئێستا دەوڵەمەندترین سەرچاوەیە و بە سەرتۆپی تەواوی ئەو ناونامە و فەرهەنگانە دادەندرێ، کە تاکوو ئەمڕۆکە کۆکراونەوە و نووسراونەوە. کاکە ڕەزا شەجیعی، وەک لێزانێکی زمان، بە پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسین و چاپێکی جوان و ڕەنگین، ئەوەندەی دیکە نەخشاندوویەتی و هاوڕێی جوانەمەرگی کارجوانمان کاک ئاواتی حەکیمزادەش زۆر یاریدەری پێکەوەنانی کارەکەی داوە.

دڵنیام ڕێکخستنی فەرهەنگێکی ئەوتۆ، کارێکی پڕ گرێوگۆڵە و پرتەوبۆڵەی ئەم و ئەوی هەر بەدواوە دەبێ و ناکرێ بێ کەموکووڕیش بێ، بەڵام بەخوداپەڕموون و تەمەن بەختکردنی کاک سەید نووح لەم بەستێنەدا دەبیاتە شانی ئەو کەسانەی خۆیان بە ڕێبواری ڕەوتی نەتەوەسازی دەزانن.

ئەم فەرهەنگە زەنگینە دەکرێ سەر بە هەموو ماڵێکی کوردستاندا بکا و سنوور نەناسێ و کێ چۆنی بۆ لوا خونچەی ناوی لێ بچنێتەوە و دڵی پێ خۆش بکا و ئۆخژنێک هەناوی بتەنێتەوە.

ڕێزدار عینایەتی سەبارەت بەم فەرهەنگە دەنووسێ:

"هەر لە سەردەمی مێرمنداڵیمەوە چاکم لە بیرە هەر کات منداڵێک لەدایک دەبوو، زۆر کەس سەریان لێ دەشێوا و دینەوەی ناوێکی شیاو بۆیان دەبوو بە گرفتێک و زۆرجار بە پەلەپەل ناوێکیان دەسنیشان دەکرد، بەبێ ئەوەی لە ماناکەی بگەن و پاشانیش تووشی پەشیمانی دەبوونەوە! کەم نین ئەو کەسانەی نامۆیی دەکەن لە ناو و مانای ناوی خۆیان و لێی ڕازی نین.

زۆرم لەو شتانە دەدیتن و لە زەینی خۆمدا بیرم لەوە دەکردەوە کە چەند خۆش دەبوو سەرچاوەیەک هەبایە پڕاوپڕ بێ لە ناوی جوان و پڕ مانا و هاوکات ئاوێنەیەک بێ لە کۆی باوەڕە مێژوویی و کەلتوورییەکانمان. هەر بۆ ئەم مەبەستە ناوم کۆ دەکردنەوە و دەمنووسینەوە و لە دەفتەراندا تۆمارم دەکردن و خولیام ئەوە بوو بتوانم قۆڵی لێ هەڵماڵم و بە شێوەیەکی زانستی و سیستماتیک ئەو کارە بە ئاکام بگەیەنم. لە

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

ماوەی ئەم ساڵانەدا وێڕای پرسوجۆ و وەرگرتنی بیروڕای کەسایەتییەکان، ٨٢ سەرچاوەی باشم لە ناوچەی خۆمان و پارچەکانی تری کوردستان دۆزینەوە، بەم پێیە دەستم بە داڕشتنی کتێبێک کرد، کە ئێستا کەوتۆتە بەردەستتان."

هاوڕێی هێژام شەجیعی لە پێشەکیی بەرگی یەکەمدا نووسیویەتی:

"لە تۆمار کردنی ناوەکاندا هەوڵ دراوە بەپێی توانا هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی لەبەرچاو بگیردرێت. هەروەها جیا لەوەی بۆ ناوی کچ و کوڕ کاری تایبەت کراوە، لە دووتوێی هەر دوو بەرگی ئەم فەرهەنگەدا ناوی هاوبەش دیاری کراون و ئەو ناوانە کە بەپێی کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیمان تایبەتمەندیی ڕەگەزییان نییە و لە بەشە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵ کراوە."

بەڕێز عینایەتی کە لە قەوارەی تێکۆشەرێکی گەشەی کەلتوور و زماندا ئەم ئەرکە قورس و گرانەی ڕاپەڕاندووە، خۆی لە هەر چەشنە خۆڕانان و هەراوهوریایەکی ڕووکەش و تیژتێپەڕی زەمانە پاراستووە و بە سینگی فرەوانەوە هاواری کردووە:

"بێگومان کەم وا هەیە کارێکی ئاوا بکرێ و کەموکووڕیی تێنەکەوێ، بەم پێیە ئەم کتێبەی منیش، کە بەرهەمی زەحمەتی چەندین ساڵەمە، دڵنیام بێ عەیب و ئیراد نییە و بە دڵێکی ئاواڵەوە ئامادەی بیستنی هەر چەشنە ڕەخنە و پێشنیارێکم. پێشەکی سپاسی ئەو ئازیزانە دەکەم، کە دەستم بگرن بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانم."

بەش بە حاڵی خۆم، وەکوو کەسێکی کە سەرم بە کتێبانەوە دێشێنم، چاوم بەو بەرهەمە شازە ڕوون بۆتەوە و پێم وایە توانیویەتی کەلێنێکی دیار لە ژیانی وڵاتی کوردەواریدا پڕ بکاتەوە و بدرەوشێتەوە.

کارەکانی کاک سەید نووح دوو دەروازەی ژیان و مردنی لێ گرتووین:

بە چاپی "فەرهەنگی ناو" سەرپەتەی ژیانی داگیرساندووە و بە بڵاوکردنەوەی چەندین جارەی کتێبی "کۆچ"، کە کۆمەڵێک هۆنراوەی خۆشی تێدایە و خۆی وەک شاعیرێک دایهێناون بۆ سەر کێلی مەزاران، ڕووکاری دنیای دوای نەمانیشی نەخشاندووە.

هیوادارم لەو ڕێبازەدا پتر شان بشەکێنێ و تێرتەمەن بێ و ببێتە خاوەن بەرهەمی پڕ بەر و سێبەری زیاتر.

[سەرچاوە:

- فەرهەنگی ناو، سەید نووح عینایەتی (نەبەز)، پێداچوونەوە و پێشەکی: ڕەزا شەجیعی، بەراوردکردنەوە: عیسا موحەممەدی ـ نەهیە کەریمیان، چاپی یەکەم ١٤٠٢/ ٢٠٢٣، سەقز، ناوەندی بڵاوکردنەوەی گوتار.
- کۆچ، کۆمەڵەشێعر بۆ سەر کێلوبەردی کۆچکردووان، سەید نووح عینایەتی (نەبەز)، چاپی یەکەم ١٤٠٠/ ٢٠٢١، سەقز، ناوەندی بڵاوکردنەوەی گوتار.]

## دو غەزەڵ شێعر ـ گوورانیێ



ئیلام. موحسن زارعی

سەرت سەوزە وە سەربەرزی، دە نگت بەرزە وە نازاری
ئەڕا لامان نیەکەیتەو گوڵ، ئەڕا لیمان خوەت ئەوشاری؟!

بەرم رزیا هە چۊ پایز، وەهارم چگ وەرەو هشکی
تو چۊ وایم لە کوو وشکی؟ تو چۊ واران لە کوو واری؟!

شەوان نیشم هە تاسەت کەم، سەحەر مەیل هەناسەت کەم
م چۊ لەیڵم وە شەوگەردی؛ م چۊ یاسم وە گوڵکاری

م عومرم چگ وە خەمباری، م نامم چگ وە بەدنامی
ئەڕا ناتی وە سەردایین، ئەڕا ناتی وە دڵداری؟!

فەڵەک کەێ زڵفە وەت داگە، ئەڕا خوەم هەم خەمێ ناگە
م گیری کەم ک مەجنوونم، بخەن لەیلا ک نازاری

وتی چم تا وەل یارم، ئەڕا لیوت شەکەربارم
وە ویرت بوو هەسەڵ بووڕی، وە یادت بوو شەکەر باری

مەچوو، ئەور وهارانم وە شوونت
گلاریژان دارانم وە شوونت

خەمین و خەم وە شوون و وەر وە مەرگم
خوەرە زەردەێ ئێوارانم وە شوونت

تو هاتي؛ رووشنەو بی رووژگارم
تیەریکانەێ شەوارانم وە شوونت

هەناسەي سەردمە بی تو، گلارەم!
گرفتار پەژارانم وە شوونت

وە شوونت لەی وڵاتە چۆن بمینم؟
خەریوەێ بین یارانم وە شوونت

پەرێشان و پەشێو و بێپەلامم
هەژاڕ ویڵ شارانم وە شوونت



# مەهاباد نقێمی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا

بانە. ف.هەتاو




مەهاباد یەکێک لە شارەکانی باشووری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و لە داوێنی کێوەکانی (لەند شێخان)ە. ئەم شارە سەرسەوز و دیمەن نەقشینە لە ناو چەند کێوا گمارۆ دراوە و چەمێک بە ناوی چەمی مەهاباد لە ناو شارەکە دا تێئەپەڕێ و سوروشتی ئەم شارەی جوانتر کردووە بۆیە ئەم شارە بە نقێم (نگین)ی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ناو براوە.

بەرزایی ئەم شارە لە ئاوی دەریا١٣٢٠ مەترە و خاوەن کەش و هەوای مام ناوەندیە کە زستانەکانی زۆر سارد و هاوینەکانی گەرمە.

ئەم شارە لە باکوورەوە لەگەڵ میاندوواو، لە ڕۆژهەڵاتەوە لە گەڵ بۆکان، لە ڕۆژ ئاواوە لە گەڵ شاری نەغەدە و پیرانشار و لە باشوورەوە لەگەڵ سەردەشت هاو سنوورە.



مەهاباد لە بابەت ماناوە لە وشەبژێرەکان دا مانای زۆرە، بەڵام هیچ کام لەم مانایانە متمانەی درووستیان لە سەر نییە، دەستەیەک ئەڵێن مەهاباد هەر مادئابادە و وردە وردە ناوی بە مەهاباد گۆڕاوە، دەستەیەک لەسەر ئەو بڕوایەن کە مەهاباد کەشوهەوای تەم و مژ بووە و ناوی مەئاباد بووە واتە هەمیشە تەماوی، دەستەیەکی تر وەک ئەوەی لە وشەنامەی فارسی برهانی قاتێع دا هاتووە ئەڵێن مەهاباد لە ناوی هەوەڵ پێغەمبەری عەجەم وەرگیراوە کە کتێبەکەشی ناوی (دساتیر) بووە.



بەڵام برێک لە خەڵک ئەڵێن مەهاباد واتە جێگەیەک وا کەڵە پیاوان و گەورە پیاوانی کورد ئاوەدانیان کردۆتەوە وئەم ناوچەیە هەرلە مێژە جێگەی شارستانیەت و دانیشتنی کوردەکان بووە.

هەڵکۆڵینەکانی ناوچەی شاروێران و یوسف کەندی ئەم ڕاستیەمان بۆ دەرئەخات کە ئەم ناوچەیە تەنانەت پێش ئاشوریەکان لە سەردەمی شارستانییەتی شووش دا خاوەنی شارستانییەتێکی بەرچاو بووە و لە کاتی هوروژمی ئاشووریەکان و تێکشکانی شارستایەتی ئۆرارتو و مانا خەڵکی ئەم ناوچانە بۆ باکور و باکوری ڕۆژئاوای ئازەربایجانی ئێستا کۆچیان کردووە و چەند قەڵایەکیشیان لەم شوێنانە درووست کردووە کە قەڵاتی شا یەکێک لەم قەڵایانەیە .

پاشان مادەکان هاتن و لم شوێنەدا نیشتەجێ بوون کە گۆڕی فەخریکا ئاسەواری ئەم سەردەمەیە.



ئەمجار ئەم ناوچەیە کەوتە بەر شەپۆلی ئاشووریەکان و هێمنی و سەقامگیری لە ناو چوو.

ناوچەی مەهاباد لە سەردەمی حکوومەتی هەخامەنشییەکاندا بەشێکی گەورە لەم حکوومەتە بووە، پاشان لە دوای ئەم حکوومەتە لەگەڵ هاتنی ئەسکەندەر بۆتە بەشێکی گرینگ لە (ئاتۆپاتن) ماد کە ژنراڵی هەخامەنشی بە ناوی ئاترۆپات و لە دوای ئەویش جێنشینەکانی لەم ناوچەیەدا حکومەتیان ئەکرد.

لە کاتی هێرشی یۆنان بۆ ئێران ئەم ناوچەیە هەمیشە بەر هێرشی یۆنانیەکان کەوتووە و تووشی زەرەر و زیانێکی زۆر بووە.

بەتلەمیووس لەم سەردەمەدا ئەم شارەی بە ناوی(داروشا) و ڕاویلسنۆن بە ناوی(دارياس) ناوی بردووە کە ئێستاکەش ناوی یەکێک لە گوندەکانی قەراخ مەهابادە.

لە سەردەمی سەفەوییەکان دا ئەم ناوچەیە شوێنی شەر و پێکدادانی نێوان حکومەتەکانی سەفەوی و عوسمانی بووە و بە پێی توانایان هەرجار یەکێکیان بەسەر ئەم ناوچەیەدا زاڵ بوون.

ئەم شارە پێشتر بە هۆی عەرزهەژێنێکی گەورە نابووت بووە و سەرلەنوێ بونیات نراوەتەوە.

هەتا پێش سەردەمی حکوومەتی پەهلەوی ئەم شارە ناوی (ساوجبلاغ) کە وشەیەکی تورکیە و بە مانای (کانی سارد) بووە کە بە زاراوەی کوردی سابلاخ یان پێ وتووە پاشان لە سەردەمی حکوومەتی ڕەزا شا بە ناوی مەهاباد ناو نراوە.

شاری مەهاباد هەوەڵ جار گوندێکی بچووک بووە کە لە ساڵی ١٣٠٨ مانگی لە ڕۆژگاری حکوومەتی شا عەباسی سەفەویدا ئاوەدان بووە و سارم بەگ لە حاکمانی کوردی ساوجبلاغی موکری لە بەشی باکوری نزیک چەمی مەهاباد لە شوێنی گەڕەکی باخی سیسەی ئێستاکە ئەم شارەی بنیات ناوە، پاشان بوداق سوڵتان حاکمی تایەفەی موکرییەکان جێگەی خۆی بۆ ئەم شوێنە گوێستۆتەوە وبۆ ئاوەدان کردنی ئەم ناوچەیە زۆر هەوڵی داوە.

ئەم شارە بە هۆی ئەوە کە خاوەنی دەشت و بەری پرپیت و بەرەکەتە، لە قەدیمەوە جێگەی دانیشتن وکشت و کاڵ بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە بووە.

زمانی خەڵکی مەهاباد کوردی سۆرانی و زاراوەیان موکریانیە، ئەم شارە پێنجەم شاری گەورەی کورد نشینە و خەڵکی ئەم شارە جل و بەرگی کوردی لە بەر ئەکەن و زۆربەیان زمانی تورکی ئازەری بەڵەدن.

ئەم شارە زیاتر لە ٣٠ گرووپی موسیقی و کۆڕی ئەدەبی و شێعری لێیە و لە مێژە گەورە پیاوانی نووسەر و شاعیر و ئەدیبی بە ناوبانگی لێ هەلکەوتووە  کە ئەتوانێن بە ئاماژە بەمانە بکەین:

لە نێو عالمانی دینی دا عەلامە ئیبنی ئادەم، مەلا جامی چوڕی، شیخ یوسف شەمسە الدین بورهانی (شیخ بورهان )، عەلامە مەلا عبدوللە پیرە باب، عەلامە مەلاموحەمەد قزڵجی، شێخ بابا سەعید بەرزنجی (سەدروالسادات)، مەلا ئەحمەد تورجانی زادە، دوکتۆرمستەفا خوڕڕەم دڵ ئەتوانێن ناو بەرین.

لە نێو نووسەران دا: عەلی حسنیانی ( هاوار) شاعیر ونووسەر، عەبدورەحمان ذبیحی( مامۆستا علما .ع. بێژەن)، صەلاح الدین پایانیانی فەرهەنگ نووس، موحەمەد قازی وەرگێڕی بە ناوبانگ، ئەحمەدی قازی، وەرگێڕ و نووسەر ،عەلی نانەوازادە، عەلی ئیسماعیلزادە( ڕێبوار)، طاها فەیزی زادە زمانناس و فەرهەنگ نووس و لێکۆڵەر و هەروەها لە نێو شاعیران دا:  موحەمەدئەمین شیخ الاسلامی موکری ( هێمن)، عەبدورەحمان شەرەفکەندی ( هەژار) هەردووکیان شاعیر و وەرگێڕ و نووسەری مەزن، مارف کۆکە ای، میرزا عەبدولرەحیم ساوجبلاغی( وەفایی ) ڕەسول کەریمی (سوتاوو)، ئەبوالقاسم موئەید زادە (هەڵۆ)، مەلا غەفور دەبباغی، ئەبوبەکر ڕەشیدزادە(فورات)، ناسر ئاغابرا، ڕەسوڵ ڕەش ئەحمەدی و لە نێوان مێژووناسان دا : حوسێن  حوزنی موکریانی، گیو موکریانی، سەیید موحەمەد سەمەدی و لە نێوان هونەرمەندان دا: موحەمەد ماملێ، عەزیز شاروخ، موحەمەد دانش، ڕەسوڵ نادری ئەتوانێن ناو بەرین.

جێگەی گەشتیاری ئەم شارە زۆرە کە بریتیە لە:  گۆلی بەنداوی مەهاباد، ئەشکەوتی سەهۆڵان یان کونە کۆتر، قۆپی کانی بەرازان، فەقرگا، قوپی بابە عەلی، قەبری بوداق سوڵتان،( لە باشووری ڕۆژئاوای شاری مەهاباد لە ناو گۆڕستانی گشتی ئەم شارە بینا نراوە) حەمامی مێژوویی میرزا ڕەسووڵ، حەمامی لج، بەردە نووسراوەکانی خەرە هەنجیران، قەڵاتی شا، حەوزخانەی ڕۆستەم بەگ، حەوزخانەی شا دەروێش

ئەم شارە٢٥٧ مزگەوتی تێدایەکە نزیبک ٧٢ مزگەوت لە ناو شارە و باقی لە دێهاتەکانی ئەم شارەدایە. بە ناوبانگترینیان مزگەوتی جامێعای سوورە کە ئەم مزگەوتە لە سەر دەمی بوداق سوڵتانا دروست کراوە و شا سولەیمانی سەفەوی کارە ناتەواوەکانی ئەم مزگەوتەی تەواو کردووە و یەکێ لە جوانترین بینا مێژووییەکانی ئەم شارەیە.

لە گۆڕستانی شاعیران یان مقبرة الشعرا ئەم شارە شاعیران و نووسەرانی بە ناوبانگی ئەم شارە وەک: مامۆستایان هێمن و هەژار و مەلاغەفور و ماملێ و خاڵەمین و هێدی و محمەدی قازی و مارفی ئاقایی لێ نێژراوە. هەروەها گڵکۆی مەلا جامی لە گۆڕەپانی مەلاجامی دایە و گڵکۆی شێخی بورهانیش لە گوندی خانەقای مەهابادە.

مەهاباد باخ و باخچەی زۆری هەیە کە باخە گرینگەکانی بریتیە لە: باخی سیسە،( کە لە مێژینە ترین باخی ئەم شارەیە) باخی سمایل ئاغا، باخی چاوشین، باخی میکاییل، باخی ئەسحابی، باخی شێخی، باخی قۆپی و...

هەروەها سەوزی خانەکانی ئەم شارە زۆر بە ناو بانگە وەک : سەوزی خانەی خات نازدار، سەوزی خانەی میرزا سوڵتان، حە سەن بەبری، ... کەخاوەنی ئەم سەوزی خانانە سەوزییەکان دەستوو ئەکەن و بە شێوازێکی زۆر پوخت و جوان ئەیفرۆشن.

نان و چێشتی خەڵکی ئەم شارە هەر وەکوو شارە کوردەوارییەکانی دیکە بریتیە لە: دۆکلیو ، ماشێنە، بەربەسێڵ، سەنگەسیر ، دۆڵمەی سڵق و کەلەم، قولیچە و شۆرمەزە، کەلانە، کولێرە، پەنجەکێشی و نان ڕۆغەنی.

مەهاباد سەنتەری تاناکۆرا لە ڕۆژئاوای ئێرانە و هەر کەس سەردانی ئەم شارە ئەکات بە یەقین سەردانی تاناکۆرایش ئەکات.

هیوادارم سەردانی ئەم شارە بکەن و جێگە گەشتیارییەکانی سەیرکەن و جێژ لە گەڕان وخواردنەکانی ئەم شارە جوانە بەرن.

سەرچاوە: ئینتێرنێت

## گوڵەهێرۆ



بانە. حسێن بەگ

تا ئەوڕۆژە، لەو بەرۆژە
لەسەر ڕێگە دانرابووی
بەوشەی سۆز نووسرابووی
وەمزانی هەرجوانیتوو بەس
نەمزانی بووی بەهۆگری…
خۆشەویستی بەینی دوو کەس
لەو ڕۆژە وە نییە لای من!
لە تۆ جۆانتر  …
خۆشم ئەوێی، گوڵە هێرۆ
بە تەنهایی!
بەقد هەموو، گوڵانی تر



سنە زەمان

عومریکە لە ئاستی دڵەکەت مات و غەمینم
چەن جارە بە ئەو نیگەهە کولیاوە برینم
تاکەی بە تەمای سۆزی ئەوینتەوە بسووتێم
روحمێ بکە بەو چاوە  لە فرمێسک و گرینم
❋❋
تا کاتی بەیان گوێ لە دەری بووتە بەشی من
ئەو ماڵە چ نا خۆشە بەبێ تۆ لە لەشی من
پەیغامە کەتم دی کە ئەڤینت لە قەڵەمدا
فەرمووت کە قەراوایە ببێ خاڵی ڕەشی من

کێش مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن
هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف



# چاوڕەش

مەهاباد. ڕەزا یارئەحمەدی (کارزان)[٣]

**-١-**

سێوی یەکەم...

تازە لە دەستم دەرچو.زەنگی ژمارە سێزدەهەم لێدا.لەرزێک دایگرتم! ئەی هاوار! تۆ بڵەی چی روو بدا؟

لە درزی چارشێوە ڕەشەکەمەوە،چاوەڕەشەکانم بە چەپ و ڕاستمدا سوڕاند. نەمدەوێرا بۆ دواوە بڕوانم.

لەوە دەچێشوێنم کەوتبێن. جا منی ماڵوێران چی بکەم؟

❋❋

سێویدووهەم...

بڵەی لەم کۆڵانە چەند کەس جێی بێتەوە؟ پەنجا؟ سەد؟ هەزار؟ نازانم. خۆ ئەگەر شوێنم کەوتبێن؛ کەوڵم ئەکەن. جا من چی بکەم.

❋❋

سێوێکی دیکە...

بۆیان نیە کاریان بە من بێت.کێ خۆی بە پیاو ئەزانێ با یارمەتیم بدات. کەمم هانا بۆ بردن؟

چارشێوەکەم زیاتر لە ڕوخسارما ئاڵاند.

ئەرێ بۆ هەڵیناگرێ؟ تۆ بڵەیئەویش وەک من ترسابێ؟ هەر بە ڕاست، ڕەنگە جەماوەر شوێنم کەوتوون و ئاخۆ ئەویش لە کام دەلاقەوە چاوی پێیان کەوتووە و لە ترسا درگام لێ ناکاتەوە. ئەو هەموە دەنگە لە گوێما دەزرێکێتەوە. بڵەی چەند کەس بن؟ دیارە دەیان کەسن.

ز ز ز . . . جارێکی دیکە. زەنگی دەرکەم لێدا.

❋❋

سێوی چوارەم چکۆلە بوو. بیری کچە چکولەکەم کەوتمەوە.

تۆ بڵەی ئەویشیان لە گەڵ هاتبێ؟ جا چی لێ بکەم.ئەستۆی بشکایە و ئاگای لە خۆی بووایە و لە قەرەچێوەکە نەکەوتبایە خوارەوە با بەم ڕۆژە ڕەشە نەگەیشتبایەن.

ئەو ڕۆژە دەیگوت:"لە خەونما ببووی بە سەگ و دەتوەڕاند."

بۆ دەتوانی چی بڵێ؟ خۆ لە سالێکە وەک بزنێکی گەروگێڕی لێهاتووە.

❋❋

سێوی پێنجەم

وەڵا بەو بوایە سکی پێنجەمیشم دەزا. خودا بۆی بکا بەچاکە بۆ خاسەلمێی جیرانمان. یارمەتیدام و ئەو سکەم لەبار چوو. گوناە و حەرامی لە پای باوکی منداڵەکان، زۆرم پێ وت: کورە پیاوەکە لە کوڕ گەڕێ. کچ بۆ خراپە؟! واز لە من بێنە. لێمگەڕێ با شەوانە بێقرەبۆی بخەوم. ئەوە نیە لەو دیو جێم بۆ ڕاخستووی؛ تا چێتر ددانە چەپ و چێرەکانتم بۆ دەرنەخەی و بە بزەوە پێم نەڵێی: "بۆنی ئافرەتم کردوە."ئەو کات منی داماویش بیری قسەی مەلای مزگەوتی گەڕەکیکەومەوە کە دەیگوت: "گەر ئافرەت شەوانی هەینی لە سەر جێخەو،پیاوەکەی ڕازی نەکا؛ ئەوە گوناهی دەگاتێ و خواشی لێ ڕازی نابێ." جا وەرە چوار منداڵ ڕازی بکە ئەو شەوە لە باوەشما نەخەون و لە حاست گێڕانەوی چیرۆکی چل کچانی هەزارە[٤]لەو دیو جێیان بۆ ڕابخەم. پرسیارەکانیشان لە جێی خۆی بمێنێ:

- "دایە بۆ شەوانی هەینیباوکمان لە لای تۆ دەخەوێ و ئێمە دەنێرینە دیوی باوکمان؟"

نازانم بۆ بە فڕێدانی هەر سێوێک بۆ ناو دڵقە ڕەشەکە، بیری سکوزای خۆم دەکەوتمەوە.

ئەو سەگبابە پێم وابێ پێی ڕابواردووم. خۆ ئەو ڕۆژە خۆی پێی وتم: "دەتوانی حەوتویەکی دیکە پاش نیوەڕۆ بێیتەوە؟..."

گوتم: بۆ فەرشتان ماوە بۆ شتن؟

- "نا نا"

هۆدەکان خاوێن بکەمەوە؟

- دەزانی چی؟ گوێ بگرە لە من..."

فەرموو

- دەمهەوێ بە هەزار...."

❋❋

سێوی شەشەمم هەروا فڕێ دایە ناو دڵقەکە.

سەرم سووڕما! وتم: تێناگەم!...

وەک ئەو پیاوە حیزانە چاوی بە دەوری خۆیا سوڕاند. دیاربوو بە ترس و لەرزەوە بۆ ڕێگایەک دەگەڕاتا وڵامە ئاشکراکەی بە من بگەیێنێ.

لە دوو چۆلەکەی سەر گوێسەبانەکەی ماڵی دراوسێکەیان ڕاما. وەک ئەوەی یەکێک بە لاق، ئەوەی دیکە بشێلێ. چاوی قونجاند و وتی:

---

[٣]مەهاباد تەلەفون ٠٠٩٨٩١٨٣٧٥٥٧٢٤ئای دی تلێگرام @karzanyarahmadi

[٤]چیرۆکی خۆ بەدەستەوە نەدانی چل کچی هەزارەیی ئەفغانستان لە دەست عەبدولڕەحمان خانێک و خۆ فڕیدان لە کێوێکەوە و بەختکردنی گیانیان

- "وەک ئە... ئە... ئەو چۆ... چۆلەکانە..."
چاک تێگەیشتم. بە قین و توڕەیەوە گسکەکەم فڕێ دایە سەر قاڵیە خوساوەکەو، ڕێی کۆڵانم گرتە بەر.

❁❁

ئەرێ ئەم سێوە بۆ ئەوەندە گەورەیە؟
ئەو ڕستەمبۆ سێوی حەوتم وت.
وتم حەوت. حەوت ڕۆژ، حەوت شەو، جوان لە بیرمە؛ دوانیوەڕۆیەکی ڕۆژێکی ڕەمەزان گوێم لێ بوو؛ مەلای مزگەوتی گەڕەک دەیگوت: "جولەکەکان ڕایان وایە خودا جیهانی لە شەش ڕۆژ خوڵقاند و ڕۆژی حەوتەم پشوی دا و حەساوە."منی داماو حەوت ڕۆژ و حەوت شەوی حەوتوو، حەسانەوە و پشووم نیە.

خوێڕی! نەمدەزانی ئەوەندە چاوحیز و شەڵوار پیسە.
ئەمانەم کە بیر دێتەوە؛ ڕقێک دامدەگرێ.
ئەو پاشنیەوەڕۆیە، ویستمبە بێدەنگ بگەڕێمەوە بۆ ماڵ. بە خۆمم گوت: ئەی ئەو حەشاماتە. هەر ئەوەندەی چاویان پێم کەوت؛ هۆیم لێ دەکێشن. نا نا دارێکم پێیە هەر دوو سەری پیسایی. ئەم سەگ مردوەش دەرکە ناکاتەوە؟!"
ئەنگوستم بە توندی خستە سەر قۆپچەی زەنگەکە.
سوکایەتی لەمە زیاتر؟!... ئاخ نەبوونی!
چەند ڕۆژ لەمەوبەر کاتێک گەروم تەواو گوشرا. نەمدەزانی چی بکەم. چوار منداڵ، مێردێکی ئیفلیجی خانەنشین،منی داماوی ٣٥ ساڵە لە وڵاتی پڕ لە نایەکسانی ئەفغانستان، کە پارەی خوێنبایی جەستەی سەقەتی مێردەکەشم نەیتوانی ژیانمان بەردەوام و دابین بکات. منی بابان وێران، منی خۆشی نەدیوو لە ژیان، منی دایک، گەیشتبوومە قۆناغێکی ڕوو لە نەمانی ژیان کە تامەزرۆی خواردنی سێوێکم لە زاری منداڵەکانم بیست. ئەی هاوار!
ژیان وەک زەرویەکی خوێنمژسەر لە نوێ تێچوی دەویست.
ئەمانەم هەمو کات بە خۆم دەوت.
بەترپێری چوو بوومە ئیدارەکەی. دارمانم بە سەر ڕۆحما هێنا و پێمگوت:هەزارەکەت پێماوە؟
ئەو چاوە حیزەکانی بەم لاولایدا سوڕاند و وتی: "سێ ڕۆژی دیکە ماڵەکەمان پەیو تیای دەخوێنێ. وەرەوە."
ئیمڕۆ ئەو ڕۆژەیە. بەڵام نازنم چی بکەم؟ دەرکەم لێناکاتەوە.

تۆ بڵەی بە سێوی حەوتەم، کیلۆیەک تەواو بکات؟
ئەوەم بە میوەفرۆشەکە وت.
جیرەی کرانەوەی دەرکە سەرخۆی هێنامەوە.
- "ئەوە تۆی؟ بۆ وڵام نادەیتەوە؛ گیانە؟!"
بە ترس و شەرم و سوکایەتیەوە، وتم: کوا؟... کەی؟...
چاوە حیزەکانی بۆ کۆڵانەکە ئەنگاوت و وتی: "وەرە ژوور. وەرە خوا قەزاکەت. هەزارم بۆ کەس سەرف نەکردووە بۆ تۆ نەبێ. بە میوانی ئەو چاوە ڕەشانەت بم."
ئە... ئە... ئەی ئەو... جە... جە... جەماوەرەی لە دوامەوە ڕاوەستاون. چی لێ بکەین؟
- "جەماوەری چی؟!... کەسی لێ نیە. وەرە کچی بەس نازم بۆ بکە."
دووهەمین نیگام لە درزی چارشێوەکەمەوە بۆ دواوە سوڕاند. چۆڵ وەک لپی دەست. ئەو کات جوان بە ترسی خۆم زانی.
کە دەرکە داخراو پەردش دادرانەوە. هەزار ئەفغانی کەوتە سەر ئاوەڵکراسەکەم.
قین و سوکایەتی تێکەڵ بە یەک بوون.

ئەرێ مامۆ بزانە کیلۆیەک دەبێ؟

## -٢-

بە هێمنی و بە دەم گۆرانیەوە لە کێو دێمە خوار. بوخچەیەک چەکەریم[٥] بە کۆڵەوەیە.
تاشەبەردێکی سپی و جوان دەبینم. پێم حەیفە لە سەر ئەم تاشەبەردە نازدارە دانەنیشم و ماندوویەتی دوو سێ کاتژمێر چەکەریهەڵقەندن لە خۆم دەرنەکەم.
نزیک بوونەوەی خۆر بۆ نێوەڕاستی ئاسمان، نزیک بوونی نیوەڕۆ نیشان دەدا. نیوەڕۆیەکی خۆشی بەهاری. کوێستانی دەوروپشتی هەرات.
هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و بوخچە چەکەریەکەم دانا و بۆ ساتێک دانیشتم.کەوتمە بیرەوە. دواساتێک ئاوێنەیەکی بچوکم لە گیرفان دەرهێنا و لە خۆم ڕوانی. کەمێ ماندووم بەڵام هەروا ڕوخۆشم. خۆم زۆر پێ جوانە. بە تایبەت چاوەڕەشەکانم.نەک بڵێی کەس بە دۆی خۆی نالێ ترشە. بەڵکو پەسەندی زۆر کەسم. بۆ دەوێرم لە ماڵ وەدەرکەوم؟ پیاو نیە ئاخم بۆ هەڵنەکێشێ. کەچی ئەوە منم کەسیانم پێ پیاوش نیە.
مێردەکەم زۆری خۆش دەوێم. هاوڕێیەکی بەرەچەڵەک کوردی هەیە. گۆرانیەکی پڕ مانا و بە سۆزی لێ فێربووە. زۆر جار بۆم دەخوێنێ:
"ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا     وەک شێعر و ئاواز لە یەک بەستەدا[٦]

---

[٥] چەکەری: ڕێواس
[٦] ئەو دووبەیت شێعرە هی هەرمان، مامۆستا گۆرانە.

دنیا ناتوانێ لێکمان کاتەوە     مەگەر خوا بۆ خۆی بمانباتەوە."
ئای چ ژیانێکی خۆشم هەیە.
بە دەم ئەم بیرانەوە بزەم دێ. پێدەکەنم. بە چەشنێ قاقای پێکەنینم لە ناو ئەو کوێستانە پڕ ئەوینە زایەڵەدەداتەوە.
ئای لەو ژیانە خۆشە!... لەو هەموە بەختەوەریە. لە نێو ئەم بەهارە دڵڕفێنە. تۆ بڵەی کەس وەک من بەختەوەر بێت؟ پێم وانەبێ.

❋❋

چاوەکانم هەڵێنا و لە دەوروبەرم ڕوانی. کە خۆم بە تەنیا لە نێو جێگەکەم دۆزیەوە؛ زانیم ئەوە هەموی خەون و خەیاڵ بووە. دیمئێرە خۆ هەر هۆدە ماتومەنگ و تەنگەکەیە و دنیا هەر وا ڕەش پۆشە. شۆقی مانگ لە دەلاقە بچوکەکەی هۆدە تاکەکسیەکەی زندان دابوویە سەر جێگەکەم. بەفر بارین دەستی پێکردبوەوە.
ماویەکە مێردە ئیفلیجەکەم تەلاقی داوم و کەوتەمەتە زندان، بە خەستی گومانی خستە سەر سەرم. توانای هەبوایە دەیکوشتم.
تۆ بڵەی چوار کچۆڵە شیرینەکەم چی بکەن؟ چۆن لە نازی دایکیان بێبەش کران.
هەستم بە سەرمایەکی زۆر کرد. بۆیە بە خەم و پەژارەوە، پەتوەکەم بەسەر خۆما کێشاو تا توانیم هەنەسکم دا و فرمێسکمهەڵڕشت.
ددانەکانم بەیەکا ئەدران. ئارەقەی ساردم دەردا و بە هەناسیەکی قووڵەوە لە بەر خۆمەوە خوێندم:
ئێمە دوو گیانین لە دوو جەستەدا ...

ـ٣ـ

چاک ئاگام لێیە؛ دوا بەردی گۆڕی بۆدانام؛ هەناسەیەکی پڕ لە ئاسوودەیی هەڵمژی!
زۆر باش دەیزانی کە کەسیتر نییە بەردمپیا بدات. لە گۆڕەپانی شارەوە تا گۆڕستانی شار، ڕێگایەکی دوور و درێژپیێوابوو.
سەیری خاکە خوێناوییەکەی تەنیشت گۆڕەکەمی کرد. تەنانەت بالاپۆشەکەشی نەیتوانی خوێنبەربوونم لەدەست مشت و شەقە بەردینەکانی پیاوانی شار بوەستێنێت.
ڕۆحم باش ئاگای لێیە؛ چی لە مێشکیا گینگڵ دەخوا. وا دیارە بڕیارەکەی دادگای مەیدانی شاری بیرکەوتوەتەوە: "ژنە چاوڕەشە ٣٥ ساڵەکە بەهۆی نزیکبوونەوە و پەیوەندیکردنی نایاسایی و ناشەرعی، سزای بەردبارانکردنی بەسەردا سەپێنرا. شاهیدەکانی بریتین لە هێوەری پێشووی بە نوێنەرایەتی مێردی پێشووی و دراوسێکانی کابرای ...کەر."
دیسان پیمەڕەکەیهەڵگرت؛ خۆڵی ڕشتە سەر گۆڕی من، گۆڕی کچەکەی.
ڕۆحم باش گوێی لێبوو کە دایکم لە دەرونیچی بە خۆی دەگوت: "مەهێڵە هیچ بەشێک لە جەستەی بمێنێتەوە!... مەهێڵە جارێکی دیکە بێن و بەردبارانی بکەن!..."
پێمەڕەیەک و دەستە ماندوو و لاوازەکانی دایکێکی دڵشکاو
گۆڕی کچەکە و کەڵەکەیەکی خۆڵ
نیوە هەناسە
بە نیوە مردووی کەوتە سەر زەوی.
فرمێسک، ڕوومەتە خوێناوییەکانی تەڕ کرد.
خوێن و فرمێسک یەکتریان شۆرد.
سووتانی بە ئازار! نەک ئەوەندەی سووتانی قووڵی ڕۆح و دڵی

لە دەرونیا بە سۆز دەیچرپاند و سوکنایی ڕۆحە زامدارەکەی دەداوە: "کچەکەم مەترسە! بە ئارامی بخەوە. دایکت لێرەیە و لای لایەت بۆ دەڵێت."
بە ڕقەوە سەری بۆ ئەودیوی گۆڕستانەکە سوڕاند. هەتاو ڕووی لە قەزای زێدی خۆی کردبوو.[٧] خۆرئاوابوونێکی پڕ ئازار!... شارێکی تاریک، وەک دڵی هەموو ئەو مرۆڤانەی خۆشی نەدەویستن.
لە هەموو شوێنێک، هەستی بە بۆنی بەرد و خوێن و ڕشانەوە دەکرد!
سەری خستە سەر خاکی گۆڕەکەم و بە چرپە بۆمی لاواندەوە:
"...ئاخ لێلۆ! کچی دایکت لێلۆ[٨]"
بێخانومان لێلۆ! بێگیانی پڕژان لێلۆ!
دادوەری ئازارەکانت کێیە؟...
قامچی ڕۆژگار بێمرۆڤانە ڕماندی لێلۆ[٩] »

---

[٧] قەزا: بەشێک لە بەشەکانی وڵاتی ئەفغانستانە. بۆ وێنە: قەزای گوریانی هەرات / وێلێسوالی بە زمانی فارسی دەری
[٨] لێلۆ: لای لایە (بە ئازادی خەوتن.)
[٩] بەشێکە لە شێعری گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەفغانستان، ئوستاد مەدوەش



# چەند کورتە چیرۆک

بانە. ئامینە عەزیزی" سروور"

ئەوکات تازە خەتی ڕیشم دابوو، لە سەگ زۆر ئەترسام. نەمدەوێرا شەوانە بچمە دەرێ. کا حەبیبوڵڵا گوتی: کورِم وەرە با فێڵێکت فێر کەم. هەر گەیشتیتە لای سەگی هار، مشتێ خۆڵ هەڵگرە و بڵێ: «و کَلبُهُمْ باسِطٌ ذِراعَیهِ بالوَلَید» جا خۆڵەکە بکە بە سەریدا. شەو تەسبێحم گرتە دەستم و ڕۆیشتم بۆ ئاوایی. گەیشتمە لای ماڵی کوێخا نەعمە کە سەگێکی هاریان بوو. بە بێترس مشتێ خۆڵم هەڵگرت و دوعا بوو یان هەرچی خوێندم و کردم بە سەر سەگەکەدا. سەگە خەوی لێکەوتبوو و ئاگای لە من نەبوو. سەگە هەر کە هەستی خۆڵەکەی کرد، دەم لەسەر پشت لێم ڕاست بۆوە و بۆم هات... هەر نازانم چۆن و بە چ حاڵێ خۆم کرد بە ماڵی کوێخا نەعمەدا.

**

ڕۆژێ کابرایەک بە ژنەکەی دەڵێ: ژنە ئاگات لە ماڵەکە بێت هەتا دەچمە سەردانی ئەو چەتیوانەم. بزانم حاڵ و وەزعیان چۆنە و چ دەکەن؟
کە ئەگاتە لای کچە گەورەکەی و حاڵ و ئەحواڵی دەپرسێ، کچەکەی دەڵێ: ئەوا خەریکی دەخڵ و دانین خودا بکات بارانێک ببارێ تا دەخڵ و دانمان جوان بێت.
کابا دەڕوات دەگاتە ماڵی کچە بچکۆلەکەی، حاڵ و ئەحواڵی کە دەپرسێ: کچەکەی لە جوابدا دەڵێ: بابی بەڕێزم ئەوا هەورێک ها بەڕێوە یاخودا نەبارێ یارم ها بەڕێوە. خشتمان چنیوە، خانوومان ها بە دەستەوە. ئەگەر ببارێ بێ ماڵ دەبین و خشتەکانمان خاو دەبنەوە!
کابرا بە هەر دوو دەستی دەکێشێ بە سەریدا و دەڵێ: ئەی قوڕ بە سەرم بۆ ئەو خەمە قورسە کەوتە بەرم. ببارێ و نەبارێ، یەکێ لە زاواکانم فت!

**

کابرایەک دەبێ، بۆ هەموو شتێک خەم دەخوات. ڕۆژێک دێتەوە بە ژنەکەی دەڵێ: شوکری خودا ژنەکە، ئەمڕۆ خەمم نییە. ئازا هێلکە و ڕۆنێکم بۆ ساز کە با بە دڵی خۆش تێکە نانێک بخۆم. هێلکە و ڕۆن ساز کرا و یستی بچێتە سەر سفرە دەست کات بە خواردن، لە کوڵانجەی ماڵەکەیانەوە هەواڵیان هێنا: کابرای دراوسێتان کەرەکەیان زاوە، بەڵام بە داخەوە جاشوولکەکە کلکی نییە. مامە خەمە گوتی: ژنە وەرە کۆی کەرەوە، بوو بە ژەحری مارم. جا چۆن خەمی لێ نەخۆم بۆ ئەو جاشوولکە. کاتێ گەورە بوو و بردیانە سەر خەرمان تا باری لێ بنێن ئەگەر بکەوێ، دەس بدەنە کوێی هەڵی بستێننەوە!؟

**

کابرای دز خۆی کرد بە ماڵێکدا و هەرچی گەڕا هیچی گیر نەهات. لەولاوە خاوەن ماڵ ئاگای لە دزەکە بوو، بەڵام نەیوێرا سەر لەژێر لێفەکە دەرهێنێ. دز لەسەر دیوارەکە تەمای بوو دەرباز بێت و بڕوات، کە ساحێب ماڵ گوتی: هەڵیتەکێنە کۆڵەکەت زۆر سەنگینە!
دزە لای لێ کردەوە و گوتی: خودا بتکوژێ تۆش ماڵەکەت زۆر ڕەنگینە!

**

گورگ و ڕێوی پێکەوە مەڕێکیان دزی و خستیانە کووپەوە بۆرۆژی تەنگانە. ڕێوی هەوەڵ شەو چوو سەری لێبدا بزانێ ماوە، خۆی بۆ نەگیرا، هەتا قولفەکەی خوارد و هاتەوە و گوتی: قوڵفاوقوڵفە.
شەوی دووهەم نیوەشەو ڕێوی چوو و هاتەوە، بە گورگی گوت: نیواونیوە.
شەوی سێهەم کە چوو سەری بدا و بزانێ ماوە، تەواوی خوارد و هاتەوە و گوتی: لێساولێسە.

**

کۆمەڵە گورگێکی برسی، بۆ خۆ تێرکردن پەیمان دەبەستن. دەگەنە شوێنێک، گەلەمەڕێک دەبینن. کە دەچن بۆ مەڕاکان سەگی گەلەکە بۆیان دێن و ڕاویان دەنێن. دەچنە سەر تەپەیەک و تەدبیر دەکەن و دەڵێن وا نابێ با بچین بۆ شوێنێکی کە. دەگەنە شوێنێک پڕ لە مەڕ... بەڵام هەر بۆیان ناکرێ توخنی مەڕەکان کەون، چ بگا بەوە کە نزیکیان کەونەوە. شوانە تاپڕێکی بە دەستەوەیە. زۆر دەڕۆن کەم دەڕۆن دەگەنە دۆڵێک. ڕانە مەڕێکی قەڵەو و ناسک دەبینن. شوانی مەڕەکان لاقی لەسەر لاقی داناوە و مێزەرەکەی لەسەر چاو خستووە و خەوتووە.
یەکێ لە گورگەکان ویستی بچێ و ئاوقەی مەڕەکان بێت، گورگێکی کە ڕێی لێگرت و گوتی: چی دەکەی قور بەسەر، ئەمە لەوان خراپترە. ئەمە مەلایە. ئەگەر فتوا بدات، گۆشتی گورگ حەڵاڵ بکات، توومان لەسەر عەرز دەبڕن!

**

شوانێک بە حەوت مەڕەوە گەرەکیەتی بچێ بۆ «سێفەتاڵە». ئاغای سێفەتاڵە تووشی دەبێت و دەڵێ: هەتیوە، ئەچی بۆ کوێ؟
شوان ئەڵێت: قوربان ئەچم بۆ تاڵەسیفە.
ئاغا گوتی: ئەی ئەمانە چین لەگەڵتایە؟!
شوان ئەڵێت: قوربان شەش شانە دەکە!
ئاغا دێتە جواب: چییە هەتیوە، بۆ پەشۆکاوی؟
شوان ئەڵێت: قوربان! نەشەپۆکاوم، لە خزمەت تۆدا شەکە تۆپاوم!

# خۆزگەکان



بانە. حسین حکیمی

خۆزگە سروشت
قێنی لیمان هەڵ نەدەگرت
نە بە گرکان نە بومەلەرزە نە لافاو
خۆزگە وڵاتەکان
وەک یەک دەچوون
هیندیکیان زلّ هێزنەدەبون
هیندیک داماو

**

خۆزگە هەم مزگەوت وهەم کەنشت وهەم کلیسا
پاکیان دەبوون بەگوڵخانە
باڵندەی جوانی دەنگ ناسک
تیایاندا دەیگرت هیلانە
خزمەت کارەکان لەهەموو
تێرەو نژادوو رەگەزیک
بەدەنگیکی پاراوو خوش
هەمو روژیک دەریان دەبری
ژیان مافی هەموومانە
شتیک بەناوی مەزهەب  وئایین ودێن وئەمانە
دەسڕانەوە لەسەر سەفحەی ئەم جیهانە
بڕواووباوەڕ دەبونە  جێگای متمانە

**

خۆزگە چی مووشەک وگوللە توپ وفیشەک هەیە
کاتی تەقین
دەبون بەدارێ خورما ودارێ قەزوان بەگەنمۆ جۆ
یان بە قەڵەم یان بەدەفتەر
کاتیک لەدەستی تەقینەر دەچونەدەر
چون ئەوانە لەسەرهەژارەکان دینەخوارێ
دەبا چێتر ئاور لەسەریان نەبارێ
لەجیاتی شێن
دەستیان کردبا بەپیکەنین

**

خۆزگە دەکرا مروڤەکان
لەشارەکان لەگوندەکان لە گشت جیهان
کەدەردەچوون لەماڵەکان.
تێدەپەڕێن لەکوڵان ولەسەر جادەو ولەڕێگاکان
هەر وەک چرای سێ رەنگ
لەچوارگوشەی شەقامەکان
ناوچاوانی هەر هەموویان سەوزدەبۆ
تاقە تاقە زەرد ئەهاتن
رەنگی سوورێش هەڵ نەدەبۆ

**

خۆزگە هەر وەک کاتی بەهار
کەدارەکان
گەلاو گوێکەو پەل دەرئەکەن
دزێ ودرۆ وخەیانەتێش
رووی خاوەنیان ئاوا دەرخەن

**

خۆزگە دەکرا لەسینە کان
قاروقێن وبوغزو کینان وەدەر دەنرا
جیگەی ئەوان
بەخوشەویستی وبەپاکی وسۆزو ئەوین ئەدرا

**

خۆزگە دەکرا
خوشەویستی وسەداقەت وئەوینی پاک و بی رێا
هەموو شەویک نوریان ئەدا
هەروەک گوڵوپی کارەبا
لەشەوی تار وەک ئەستیرە لەسەر چیا

**

خۆزگە ئێمەی کوردیش
لەسەر ئەم دنیا بەرپانە
لەم جیهانە حەقمان ئەدرا
هەروەک هەموو گەلانی دونیا
دەهاتێنە خوار لەچیا
چی تفەنگ وفیشەکدان وگوولله هەبوو
هەموو یانمان فرێ ئەدا
گەلانی فارس وتورک وعەرەب
بی دوو دڵی
لەگەڵمان دەبون بەبرا
دەمان بێنی کەناوچەکە لەجوانیدا
چون شەوق ئەدا

**

خۆزگە کات ژمیری ژین لە بوم پێ مل دەبوو
پیچەوانە بوخلیتەوە
ئەوجل وبەرگەی لەبەرمان بوم زل دەبوو
بۆماوەیەک کە دەمهەویست
تەمەنم بۆ دوواوە هەڵگەڕیتەوە
دەبوومەوە بەومنداڵەی کەساویلکە وکرچ وکاڵ بوو
بەتەنیا باوەشی دایکم بۆمن
ئارام بەخش وماڵ وحاڵ بوو
لەپێم دەکرد جوتێک کەوشی پاتەی پەنجەرە دار
سوار دەبووم لەداریکی لەکوڵانان بۆغارەغار
بوچەن کاتێک خۆم دور ئەخست
لەپەژارە وخەم وئازار
خۆزگە زۆرن خۆزگە خۆزگەکان
چون وەدی نایەن
هەموویان دەبنە تاڵاوی ژیان

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا



# ئاژەڵە ئازاکەی شاخ

مەهاباد.قادر حوسێن شەریفی





بەرەبەری مانگی ڕەشەمە بوو ڕۆژی هەینی بەیانی کە لە خەو هستام بەفرێکی زور باریبوو گورگ ئەو ماڵ ئەو ماڵی نەدەکرد بە تەنیا هەڵمنەکرد و ملی ڕێیەم گرت و نیو میتر بەفری مۆرم تا ئاوایی کولیجە بە کەوشی سەرگا شکاند. بەنێو کووچە و کۆلانی سپی پۆشدا خۆم بە قوتابخانە داکرد و زرینگەم لە پیرە دەرگا هێنا و لە سێ ماموستای دڵسۆز و ماندوو نەناسی هاوڕێم وەژوور کەوتم.

ئەو ڕۆژی خۆمان بە ماڵینی بەفری حەوشە و سازکردنی فراوێن خافڵاند و شەوی درێژی زستانیشمان بە شەن و کەوی بیرەوەری و ئەزموونی پەروەردە شەق و شڕ کرد. دواتر داخزاینە بن لێفە و کەرویشکە خەویکمان بۆ کرد. بەلام زۆری نەبرد تاریک و ڕوونی بەیانی بە دەنگە دەنگی قوتابیان وە خەبەر هاتین. بە پەلەپەل خۆم پێچایەوە و دوای مالاوایی لە هاوڕێیانم بە کورە ڕێیەکدا کە هێستا شەقلی بەفرەکە نەشکابوو بەرەو ئاوایی بورهان دامقلەشاند.

بەفرێکی سپی بێ پایان وڵات و زنجیرە چیای سوڵتان و ئالەڵوو کە سەریان لە میچی ئاسمان دەسوو داپۆشیبوو. بەفری سپی و ڕەنگی شینی ئاسمان و دارستانی بێ بەرگ و باری ناو گەڵی وەک مرواری دەدرەوشانەوە.

کە خۆر هەڵات، وردەوردە تیرێژی هەتاو سەر پاکی ئەزمێنی ئەو ناوەی وەک ڕۆژی ڕووناک لێکرد. بەلام هێستا نیوەی ڕێگام نەبریبوو کە هەورێکی تورە و تۆسن و چڵکن و ڕەش ئاسمانی سامالی داپۆشی. لە ترسی خۆ ڕاوەشاندنی ئەو هەورە مرچ و مۆنە هەنگاوەکانم توندترکرد. کەچی بەفرەکە خاو ببۆوە تا سەر گۆزینگ لە بەفرەکە ڕۆدەچووم و باوی هەنگاوەکانمی شل دەکردەوە. هەرکە بە رووکاری ئاوییدا کەوتم زایەڵەی سەگوەڕی ئاوایی و هاژ و هووژی ئاپۆڕای خەلک وەک بریسکە لە گۆمدا دەزرینگایەوە. لەبەر خۆمەوە گوتم: بێونەبێ شتێک قەوماوە. زۆر زوو گەیشتمە دەراوی دێ و بە ئاسانی بە سەر پردەبازێکدا لە چەمەکە پەڕیمەوە. دوور و نیزیکی ئاوایی بووم دوو سێ قوتابی بە پرتاو بەپیرمەوە هاتن. بەدوای وانیشدا وردە وردە هەموو قوتابێکان لە دەورم هاڵان و لە گۆی یەکدا دەیانچرپاند. وێدەچوو دەیانهەویست شتێک بدرکێنن. بەفرێکی زۆر لە کوچە و کۆلانان کەڵەکە کرابوو. لەسەر تەپۆڵکە بەفرێک گیرساینەوە. قوتابی پڕ جۆش و خرۆش هەریەکەو بە تام و چێژێکی تایبەت دیانویست شانۆی ئەو ڕۆژە لە خیاڵیاندا بهۆننەوە. هەرچی کردم قوتابێکانم ملیان نەدا بچینەوە قوتابخانە. چارەم نەبوو چاوەڕێ ماین بزانین لە گۆڕەپانەکە بریارە چ ڕوو بدا.

چاوم لێبوو پۆل پۆل خەڵک بە پرتاو خۆیان دەگەیاندە گۆڕەپانەکەی ڕوکاری چۆم. بازنەیەکی گەورەیان پێکهێنابوو.هەر دەهات و زیادی دەکرد. لە ناوەڕاستی بازنەکە چاوم بەئاژەڵێکی شاخی کەوت کە جار ناجارێک بە دەوری خۆیدا دەسووڕا و چاوی دەگێرا. دۆش داماو و رووخاو، هەناسەسوار، برسی و هیلاک و ماندوو، بێدەنگ، مات و وڕ و خەمبار. خەمێکی قووڵ و خەست، دابراو لە ماڵ و منال.

لە قوتابێکانم پرسی ئەوە چ بۆ ؟چ خەبەرە؟

بە چەند وشە و ڕستەی سەر و گۆ شکاو تێیانگەیاندم کە:

شەوی ڕابردوو گورگی برسی بە تەڵەیەوە دەبێ و ڕاوچی دڵ ڕەق دەگەنێ و هەر بە تەڵەوە دەیهێنەوە ئاوایی بۆ وەی سەگی تێبەردەن.

گوتم: جا بۆ سەگی تێبەردەن؟

- لەبر خۆیانەوە گوتیان: تاکوو سەگەل ترسیان لە گورگی بشکێ.

هەر لەو قسانە دابووین، دیتم لەپڕ سەگێکی دڕ بە گوڕ لە قۆژبنێک هاتە دەر گوێ قوتکردن و لە نێو مژەکەدا چاوی لە گورگی دیل بڕی. لێ نەیوێرا بەرەو ڕووی بێتەوە خاوەنەکەی لێکدا لێکدا بە فیتوو لێدان تێیبەردەدا. ئەوجار سەگە دەستەوێخەی بوو شێویلکەی تا بنا گۆی لەبەرێیک کێشاوە و بە کەلپە زەلامەکانی گازێکی بە لاملیدا گرت.

گورگەش هێستا خۆی نەدۆڕاندبوو لێی مراند و ددانەکانی دەچیرەوە برد و بە چەنگە گران پری پێدا گرت و لە بنە خۆی نا. سەگی لەرزۆک تۆقی بە حالەحاڵ توانی خۆی دەرباز کا هەر ئەوەندەی چاو لە سەر یەک دانانێک تیزمالێکیدایە و وەک بەرزەکی بانان لەنێو ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا ون بوو و بە نێو کۆلاناندا تێیتەقاند. شەرەکەش بۆ ماوەیەک ڕۆمرکا.

دواتر سگێکی بۆر وەک تیرێک کە لە کەوان ترازابێت خۆی لە دەست خاوەنەکەی ڕاپسکاند و بەرەو ڕووی چوو. بەلام لەیەکەم تێکهەڵچووندا لێی سڵەمێوە. زوو زانی بە تەنێ باشاری ناکا سوورێکی بە دەور و بەریدا لێدا و وەکوو قولەسینگ بەرامبەری چەقی. هەرچەند خاوەنەکەی بە شێرە شێرە تێیدەقوولاند لێ نەیوێرا ئاوقای بێ. گورکی کۆیلە ددانەکانی لێک دەسوو لە من وابوو دەیەوێ هەرایکاتێ بەلام تەڵەی ئاسن و قاچی شکاو و ئاوسا بووی لە دوو نەهاتن و ڕووبەڕووی وەستا و کەڵپە تیژەکانی لێ گڕ کرد. سەگی ترسنۆک و خێریش زەندەقی چوو دەیزانی بەوحالەشەوە دەرەقەتی نایە قوونەخشکەیەکیداو لە نیزیک خاوەنەکەی مات بوو.

پاش تاوێک سەگێکی زەلامی چوار پەل قایمی سوری مل ئەستوریان هێنا بە هەلهەلە تێیان بەردا سەگە گورجێکی وەک بریسکە هەرای کردێ و ڕۆبۆ پشت ملی. هەرچۆنێک بوو گورگە خۆی لە زار و دەستی سەگە ڕاپسکاند. ئاهێکی هاتەوە بەر. لەو تەم و مژەدا بە شەلە شەل ڕووی لە ئاپۆڕای خەڵکەکە کرد کەچی ئەو نامرۆوانە بە قولەداران بەربوونە لمبۆز و سەر و کۆلاکی گورگە و نەیانهێشت دەرباز بێ.

سەگی ترسنۆک و خێریش کە ئەوەی بینی ترسی شکا و گوری بەستەوە و ڕۆ بۆ گورگەی ،چاک تێک بەر بوون زگم بە گورگەی دەسووتا سەگە قەپی بە لمبۆزی گورگە داگرتبوو بەلام گورگەش بە قورقوڕۆچەکەیدا نوسابوو قوورە قووری سە سوور ئەو ناوەی پڕ کردبوو. پاش بێنەو بەرەیەکی زۆر گورگی ماندوو سەری لەسەر هەڵگرت و سەگی هیلاکیش بە قورۆچکە قورۆچک و ددان لێکدان لێی تەکیەوە.

گۆڤاری ئێلیکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

گورگی سەگ گرتووی قاچ شکاو و بەستەزمان لە ترسان هەڵدەلەرزێ و بەرچاوی خۆی چاک نەدەدی لە چەند شوێنەوە برینەکانی زاریان داپچڕیبوو. جێ چنگ و نینۆک و قەپی سەگان ئازای ئەندامی وەک بێژینگ ئاژن ئاژن کردبوو. جارناجارێک سرە بایەکی سارد وەک شەلاقە جەستەی دنگاوت و برینە قووڵەکانی دەکولاندەوە. گورگی داماو لە گەڵ هەناسە کێشان خوێنی دەدەلاند چاوی دەگێڕا و دەلەرزی دەنگی لەبەر دەرنەدەهات.
داماو و خەمبار، دیل و کۆیلە، کەنەفت و کەلەلا کەوتبوو. بەفری تازە و کۆن لە گەڵ خوێنی سوور لێک هاڵابوون. بۆنی قورسی خوێن و بۆنی مەرگ و مان و نەمان لە تەواوی جەستەی شێواوی دەهات. بە برینی قووڵ و پڕ ئازار و ڕوخساری خوێناوی و چاوی ماندوو لەو مرۆڤە دڵڕەقانەی دەڕوانی کە گەمارۆی دەوریان تەنگتر کردبۆوە و جارنا جارێکیش بە داران دایاندەوەشاندە قاچ و قولی.
لەو دەمەیدا بریسکەی نەفرەت لە دڵمیدا دەمویست بڵێم تەواوی کەن بەسە، بەڵام دەستی شکاوم بە کێم گوتبا قووڵە قوول و هەراهەرایەک بوو باب ئاگای لە کوڕێ نەبوو.تازە ئەگەریش گوتبام، ببڕای ببڕای گوێیان نەدەدامێ.
گۆم لێ بوو چەند نەفەر دەیانوت ئەوە گەماڵە پشدەرەکەیان هێنا. زۆری پێنەچوو سەگێکی زەلامی فیلەنتەر کلک لە سەر نەرەی پشت، قەڵاتەیەکی زێوی بەملەوە، وەک گوللە هێرشی کردە سەر. بێ یەک و دوو سواری سەری گورگەی بوو. کەلپی سپی لە دوورەوە دیار بوو ڕۆچوبوونە ناو قەفی ملی گورگەی. سەر لەنوێ خەڵکەکە سەگەلیان خرهەڵدان و جارێکی دی لە گورگەیان بەردان. ئەو جار بە چواران بێ وچان تێیەربوون پێکیان بە چرنۆک و ددانان ئەوکی گرتبوو ڕاکێش ڕاکێش لەگەڵ خۆی دەیبرد. ئەگەر چی لە ترسان و لەبەر دڵەکوتان ببوو بە شەق شەقە و وەک مێژووکە هەڵدەلەرزی و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پیری مەرگ دەچوو. بەڵام چاکی دەست دەکردەوە. دیتم گورگە وەک گەردەلوول بە لوورەلوور بازرەقەیەکی لە نێو دوومانەکەدا بەست بەڵام سووری ملهوڕی خۆشبەز کەوتە سەری و گرتی. ئەویدیش قەپی بە قەپۆزی داگرت و نووزەی لێ بڕی ئەو حەلە بە هەر چواریان لە بەفرەکەیان گەوزاند و هەر یەکەی لە لایەک دمیان لە جەستەی نابوو و ڕایاندەکێشا و ئەودیوئەودیویان پێدەکرد. هێڵێکی چاک پێکتریان هێناو برد.
بەڵام ئیتر چیتر بڕی نەکرد و قاچی لە دوو نەهات دواجار ناچار لە شەڕێکی نابەرابەر، غەریب و غەوارە و دیلکراو لە ناو چەنبەرەی چوار سەگی گەڕ و دڕ، گەو گەو کرا و دەنگی لەبەر دەرنەهات و شەکەت و شەلاڵ چورتەی لێبڕا. قاچەکانی لێراکێشا و لمبۆر ڕوو بە خوا لە تاو بێچۆکانی نووزەیەکی دڵتەزێن بە نیشانەی ماڵاوایی، لە قورگی هاتەدەر و ئارام ئارام چاوی لە سەر یەک دانا و لە ناو بەفر و خوێندا مەرگ باوەشی پێداگرت.
دیار بوو دوایین لاپەڕەی کتێبی ژیانی ئاژەڵە ئازاکەی شاخ بەدەم ڕەشەبای ڕەشەمە بێ پشت و پەنا پێچرایەوە و سترانی مەرگی مرۆڤایەتی بۆ ئاوایی خوێندەوە.
بێدەنگێکی سامناک باڵی بەسەر ئاواییدا کێشا. ئاوایی ئاوێتەی مەرگ بوو. بۆنی مەرگ کووچە وکۆڵانی تەنی. پۆلێک قەلەڕەشە لە تاوان تاران و لە شەقەی باڵیان دا و بەسەر ئاسمانی خەمباری ئاواییدا ئاوا بوون.
ساتێکی تاڵ و بەتاڵ لە مرۆڤایەتی بوو. هێندەی نەما بوو بدەم لە بانگی گریان. سەخڵەت و دەستەوەستان لەوێ مابوومەوە. گێژ و وێژ و شڵەژاو، دەستەکانم کەوتنە لەرزین. کە دیتم ئەوە کەلاکی گورگە لە سەر زەوی کەوتۆ و ئەنجن ئەنجن کراوە و بە چواران هەڵیان دڕیوە، هەناسە چ بوو لە گەروم دەرنەهات. هەست و هەناوم قرچ هەڵاتن و غەوارەی چاوە لێڵەکانی ئەوەندەی دی دڵمیان تواندەوە. ناچار لە قوتابیانم خوڕی بۆ قوتابخانە و بە پەلە پەل لەو شۆنە شومە دوور کەوتینەوە. لە ژووری قوتابخانە کەس نەپەیوی ئەزیش مات مابووم و هیچم نەگوت. لە پڕ کوڵی دڵم بۆ پەپوولکانم هەڵڕشت. دواتر بە قینەوە لە تختە بۆر نوسیم ئەوڕۆ لێرە لەو گوندە بەدەستی پیاوە نەزانەکانی گوند مرۆڤایەتی ناشترا.
چرۆاوە قوتابێک هەستا سەرپێ و بە تاساوێوە گازی کرد و پرسی مامۆستا ئەو گورگەیان لۆ کوشت؟
گوتم لەبەر چرکە ساتێک گەمەی خۆیان
لەبەر نەخوێندەواری
لەبەر نەزانی
لەو کاتەدا ئەوشێعرەی شاعیری ناوداری کورد مامۆستا دڵدارم هاتەوەبیر و کردمانە هەوێنی وانەی ئەو ڕۆژێ
[پێویستی مە زانینە، زانین بناغەی ژینە
گەر گەلێ بێ زانین بێت گەر زیندووش بێ مردینە(دڵدار)]

## ئازادی



مەریوان. محەممەد محەممەدپوور

ئاواتی بە دی نەهاتووم
هێندەی خەفەتی ئاڵ کەم
لە نەبوونی بێ وڵاتی
تامەزرۆی بینینت ئەکەم
لە ناو دڵی خۆم
ئەوجار
چەندە چاوەڕێ ئازادیم
دوو ئەوەندەش
چاوەڕێ بەگەیشتنی تۆم

# کۆمەڵێک شەونەخوونی



تیکاب(هەوشار). مەهناز شەمسی

لە دەلاقەکەوە
گوڵدانێک کەوتە خوار
شلێر مرد.!

**

بیرم لە لای -
ماتیکەکەی سەر لێوی؛
خۆزگە...خۆزگە...

**

دەنگت دەنگت دەن...
بۆم ئەخوێنی لە خەونیشدا
شێعری سالم!

**

چاوەکانت
دوو گێلاس لە بەرانبەرم؛
مەست و شەیدام !

**

پاییزئاسا
جووتێک هەناری گرتووە؛
کچە عازەوا!

**

شەپۆل شەپۆل -
شێعری خۆشەویستین؛
چاوەکانت!

**

لە هەواران
تۆقێک مانگا وەکەڵن.
کارگی سپی!

**

ئەسپی زین کرد
بە پەرتاو لە دەستم چوو؛
خۆشیەکانم!

**

گیرا دڵم
گوڵێنە لە تەنوور گەرمتر؛
گریام گریام گ...!

**

"بگەڕێوە"
بێدەنگیم بە هیچ ناشکێ.
ترپەی پێلاوە دێ...!

خۆشم ئەوێ
چاو لە سەوزایی -
ئەو کاژە ئەکەم!

**

تەنیا ژن
بەری تەنیایی خستوە؛
هیوای گەلەوان!

**

خەمی تەنیاژن!
بەری تەنیایی داخستوە؛
دەسگەل بەڕێوە...

**

خۆشم ئەوێ...
تریفەی ئەم مانگە شەوە -
لە سەر سەرم!

**

جوان و قاوەیی،
خۆری دەمەو ڕۆژاوان؛
چاوەکانت..!

**

سوهەیبئاسا -
شێعرەکانم بۆت ئەگرێێن؛
بۆ ئەڕۆی؟

**

موسڵمان بە خودا
و
شاعیر بە شیعر
و
ژەنیار بە سازی خۆی سوێند
دەخۆن
ئەی من بە چی؟
کە چاوەکانت
کاری شیعر و مۆسیقا و خودا دەکەن...

**

لەوەتی ڕۆیشتووە
وشەکان رووتن لە واتا
دەبینی ئازیزەکەم!
بێجگە لە من جیهانی
شێعریش خاترخاتە...!

وتت: شەرتە ئەوینی تۆ تەتۆ کەم
لە هەر کوێ بی ئەمن باسی لە تۆ کەم
چ بوو کوانی بەڵێن و سۆز و پەیمان؟
دەڵێم: بۆ ماوەیەک عەشقم وێتۆ کەم

**

بێنە لێوت ماچی کەم، تۆ مەکە ناز
لەنێو دڵما هەڵی ئەگرم وەکوو ڕاز
بێنە دەستت لە گەردنمی هاڵێنە
وەسڵی تۆیە ڕەمزی شادی بێئەناز...

**

لە هەر کوێ بی،
چاوەکانت تیرهاوێژن!
قیبلەگای هەستی ناسک
لە زمانی من،
شێعر و
پەخشانان دەبێژن....

**

لەبۆ ئەو هەستە سەردەم تۆ هەتاوی
دەڵێی ئاڵای لە شاری دڵ چەقاوی
وەکوو ڕووگەی لە ڕووما گیانی شیرین
نەکا بێژی لەناو دڵما نەماوی

**

وتم بێنە دەمی شەکر و نەباتت
دە بستێنە حەقی ڕەنج و زەکاتت
لەبۆ ماچێکی خودایی لە لێوت
دڵ و گیانم، سەر و ماڵم خەڵاتت

**

خانەخانەی بەرگی کورانەت دڵ ئەبا
تانوپۆی کڵاشی کوردانەت دڵ ئەبا
تاکوو کورد بی و پێبکەنی ئەی گیانەکەم
هەموو جێی ئەم کوردستانەت دڵ ئەبا

**

وتت ئەی من فیدای لەهجەی"تیکابیت"
بە قوربانی دەم و لێوی شەرابیت
بە تاسەی ڕۆژی وەسڵت نیمە ئوقرە
هەتاکەی چاوەڕێیی بێقەزابیت؟؟



وەرگیراو لە کتێبی ویل دورانت

ڕەحیمخان. وەرگێڕان ــ نادرمستەفازادە

ڕۆژێک سەلاحەدینی ئەیوبی، فەرماندەی مسوڵمانان لە شەڕ لە گەڵ خاچپەرەستەکان  بە هۆی کەمی بودجە بۆ سپاکەی، چوو بۆلای کابرایەکی ساماندار، تا بەڵکوو بتوانێ هێندێ پووڵی بۆ درێژدان بە شەڕەکانی لێ وەرگرێ ...

ئەو ساماندارە برە پارەی پێویستی بە فەرماندەی مسوڵمانان دا...!

سەلاحەدین کاتێ ویستی لە ماڵی کابرا بچێتە دەرێ، ڕووی تێکرد و لێی پرسی:

ئەرێ بە بڕوای ئێوە لە مابەین ئەو سێ دینە واتا مسوڵمان و جوو و ئەرمەنی کە وا پێکەوە لە شەڕدا حەق بە کامیانە؟!

تاجر کوتی:دانیشە تا چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە پاشان بۆ خۆت ئاکام بەندی کە و بزانە حەق بە کام لایەنە!

سەلاحەدین دانیشتەوە و ئەویش بەو چەشنە دەستی پێکرد و کوتی:

لە ڕۆژگارانی کۆن کابرایەکی وەرزێڕ، خاوەنی ئەنگوستیلەیەک بوو، هەموو دەیانکوت ئەو گوستیلە لای هەر کەس بێ بە ئینسانێتی تەواو دەگا و کەم و کوڕی نامێنێ...

وا هات  خودا سێ کوڕی بە کابرای وەرزێڕ دا، کاتێ کوڕەکان گەورە بوون، وەرزێڕ دوو دانە گوستیلەی تری ڕاست وەک ئەوەی ئەوەڵ دروست کرد و بە هەر کام لە کوڕەکان یەکی گوستیلەیەکی دانێ...

لەوە بەو لاوە هەر کام لە کوڕەکان دەیانکوت:

گوستیلەی ئەسڵی بە منە و بەو هۆیەوە دایمە شەڕ و کێشەیان  بوو، لە سەر ئەوەی کە گوستیلەی ئەسڵی وا دەبێتە هۆی تەواو  بوونی ئینسانێت لای کامیانە...

تاکوو وای لێ هات بڕیاریان دا بۆ ڕوون بوونەوەی ئەو مەبەستە بچنە لای دادوەر  کاتێ بابەتەکەیان بۆ قازی گێڕاوە و بۆیان شیکردەوە، قازی کوتی: بە بڕوای من ڕەنگە گوستیلەی ئەسڵی ون بووبێ، چوونکێ بڕیار بوو گوستیلەی ئەسڵ لای هەر کەس بێ بە ئینسانێتی تەواو بگا!

بەڵام بە بڕوای من ئێوە هیچ جیاوزیتان نیە و دایمە خەریکی شەڕ و کێشە و قسەی ناخۆش بە یەکتر کوتنن وە ئینسانێت لە ڕۆاڵەتی هیچ کامتان دیار نیە و ئەوەی نەتانبێ ئینسانێتە بەس دڵنیام گوستیلەی ئەسڵی ون بۆ لای هیچ کامتان نەماوە...

---



## کورد و ئەردۆغان؛ دوو ڕوانگە و دوو مێژووی جیاواز

سنە.  پژمان حەبیبی

یەکەم یاسا کە لە ٢١٠٠ ساڵ پێش زایینیدا مرۆڤ نووسی؛ یاسای "ئورنامۆ" سۆمەری(کوردی دەشت) بوو. لەم یاسایەدا؛ لە بری ئازاردان، وەک کاردانەوەیەکی فەرمی، سزای دارایی دانراوە. ئەم یاسا بەویژدان و دادوەرانە زۆر جیاواز بوو لە یاسای حامورابی(سامی ئاخێوران) کە ٣٠٠ ساڵ دوای یاسای ئورنامۆ نووسراوە. یاسای حامورابی دەڵێت: چاو بە چاو و ددان بە ددان.

لە سەدەکانی ناویندا ژنە کوردە ئەیۆبییەکان لە پشتی دروستکردنی پێنج یەکی هەموو تەلارە ئایینیەکان و چارەکی هەموو خوێندنگەکانی شاری دیمەشق بوون.

دوای ٤٢٠٠ ساڵ لە نووسینی یەکەم یاسای مرۆڤایەتی، هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) بە سەرۆکایەتی هاوبەشی ژن و پیاوێک بە ناوەکانی ساڵح موسلیم و ئاسیە عەبدوڵا بونیاتنرا. هەسەدە لە چوارەدە ساڵی پێشوودا بە هاوئاهەنگی لە گەڵ کەمە نەتەوەکانی دیکەی سوریا، نەتەنیا داعشیان لە ناو برد، بەڵکوو کیانێکی سیاسی لێواتلیو لە دیموکراسی، ئاشتی و ئازادیان بۆ باکووری سوریا ساز کرد. ئێستاکە ئەردۆغان لە تورکیاوە، بە نەوەکانی یەکەم نووسەرانی یاسای مرۆڤایەتی و بونیاتنەرانی خوێندنگەکانی دیمەشق لە سوریا دەڵێت: "یان چەکەکانتان دابنێن یان بەو چەکانەوە لە گۆڕتان دەنێن."

ئەمەیە دوو ڕوانگە، دوو دابونەریت و دوو مێژووی جیاواز؛ یەکێک بە درێژایی مێژوو، هەوڵ بۆ بونیاتنانی دونیایەکی لێواتلیو لە ئازادی و ئاشتی دەدات و ئەوی دیکە چاوچنۆکتر لە پێشووەکانیان، هەوڵ بۆ لە گۆڕنانی بونیاتنەرانی ئازادی و ئاشتی دەدات.



## ئەی سارەوان...

شاعیر: سعدی شیرازی

وەرگێڕ: ڕ.ش هاوڕاز. مەهاباد

سەر کارەوان! دەی سووک بڕۆ، ئارامی گیانم ها لە ڕێ
خوێنین دڵێکم بوو کە چی، هاوڕێی ڤیانم ها لە ڕێ
دوور کەفتگم من لەم گوڵە، ئازار و ژانم حاسڵە
چ بکەم لە داخی ئەم دڵە، دڵداری جوانم ها لە ڕێ
ویستم بە سەت فێڵ و دوێن، لێم تێنەگا زامم لە کوێن
ناشاردرێتۆ بۆم کە خوێن، لەو دەرکوبانم ها لە ڕێ
ساتێ بوەستە سارەوان! با توند نەئاژۆی کارەوان
من وا لە تاو سەوڵی ڕەوان، ئێژی ڕەوانم ها لە ڕێ
جێمام لە یاری بایەڵان، جێماوە بۆم ژینێ لە ژان
وا چەشنی ئاگردانە گیان، دووکەڵ لە بانم ها لە ڕێ
دونیایێ زوڵمی کردنە، بێعەهدی دڵمی کردنە
یادی لە دڵ تا مردنە، شیرین زوانم ها لە ڕێ
تۆ بێرەوە بانی چەوم، ئەی ئاسکی سرکی تێژڕەوم
ناڵە و فوغانی هەر شەوم، تا ئاسمانم ها لە ڕێ
شەو تا بە ڕۆ چەو نانوێ، پەندی کەسم ناچێتە گوێ
بێئیختیار، دڵ پڕ لە سوێ و خۆم ناتەوانم ها لە ڕێ
با بێم و من بگریم بە کوڵ، وشتر بمێنێ پێ لە گڵ
نایێ لە دەستم چونکە دڵ، تەک کارەوانم ها لە ڕێ
کوانێ سەبووریم و قەرار، چۆن دەس دەکێشم من لە یار
کەوتوومە ڕێی ناچار و چار، هەردووکیانم ها لە ڕێ
بۆ کاتی ڕوحدەرچوون گەلۆ! هەرکەس بە چەشنێ دێتە گۆ
من دیم بە دوو چاوەلی خۆ، ڕوحی ڕەوانم ها لە ڕێ
ناڵەت لە بەدعەهدی و جەفا، کوا بەش بە ئێمەس بێوەفا!؟
تاقەت لە هاوڕازت بڕا، ناڵە و فوغانم ها لە ڕێ

## زستانە



سنە. عەلی سوهرابی

بارینی بادیههوای برنەوو بارووتە
کرێوەی کەڕی سێحری کرمۆڵی هارووتە
شڵێوەی شڵەژاوی شین و شلکوتی مەرگە
ڕێژنەی ژان و ژارو ژەقنەی ڕۆژگارە
سەهۆڵ بەندانی سیاوێی و پەسڵانە
بەڵێ زستانە...
منیش وەک کۆترە هەڵتووتاوە خەمۆکەکەی ئازادی
بەلای دەلاقەی دەلالی چاوەڕوانییەوە
قاڵاوەمەتۆو
مەراقی بەهارو شادی.



## ماچ

سەقز. بەفراو

لەسەر باڵی پەپوولەیێک
ماچم ناردوە بەدیاری
لەسەر گوڵەنیگای ئەشقت
بیدوێنە بەنازداری
هیواش لەئامێزی بگرە
ئاخر ئەو هێندەنازدارە
ئەگەر بەتۆندی ڕایمووسی
نای بینیتەوە دووبارە
بەفراوچووپانی
گەڕێی بەخت
قەرەجێک هات
دەستی گرتم گوایە بەختم
دەگرێتەوە
چەن بێ ئاگاس،
ئەوەی کەبەخت دەگرێتەوە
ڕۆژنیە خۆی
لەخوێنی خۆی نەتلێتەوە



## شێعر ...

مەهاباد. ئاڕگەش

شێعر دەبێ وەک پەپوولە گەڕا بکا
لە تاریکی شەوا کاری چرا بکا
ئاژاوە بێ خەونی زۆرداران ئاڵۆز کا
بە گێچەڵ بێ دایمە شەڕو هەرا بکا
ئاگر بێ لە زستانی پڕ کرێوە و بەفر
رستەیەکی پیرۆز برا لە برا بکا
ئاگردان بێ مەشخەڵی تین و رزگاری
باگردێن بێ و ورد و خاش کا و خرا بکا
ئاگری نەورۆز داگیرسێنێ لە دوند و کێو
تینی ئەوین لە ناخی دڵی سرا بکا
داگیرکەر بێ، سووتێنەر بێ، ئاشتەوانی
توند و تۆڵ بێ و لە پڕ کاری کورا بکا
مانگ و ڕۆژ بێ و گوڵی گەنم پەروەردە
کۆک و پۆشتەی رووت و رەش و شرا بکا.



# سنە پێتەختی کتێبی ئێران ...

مەهاباد . ئاڕگەش

لە ئاخری و ئۆخری هاوین لە ڕێکەوتی ٢٦ خەرمانان قوڵە سەفەرێکمان بۆ سنەی سەربەرز کرد دەیگێڕمەوە کە هیوادارم سەرەڕای کەم و کۆڕی هۆکاری ڕەزامەندی خوێنەران بێ.

لە موکریانەوە بەرەو کورسان وەڕێکەوتین و دوای بە جێهێشتنی سابڵاغ و زێدی مامۆستا هێمن و هەژار و هونەرمەندان و کەڵە پیاوان و دەشتی شارویران،داشامەجید و زاواکێو ، قوڵقوڵاغ و کەڵکی بەگزادان کە گڵکۆی سارم بەگە و مەلبەندی هونەرمەند ماملێیە:لە سابڵاغێ وەدەرکەوتم، لەگولە زەردان وەسەر کەوتم، وەدوای کۆچی لەیلا کەوتم: خۆمان تەیار کرد و لە ،ئێندرقاش، و فەخرەقا کە ئارامگەی پادشایانی مادە :هۆوەخشەتری دووەم : تێپەڕین و بەرەو شاری بۆکان بە سێڕای بورهان وەڕێ کەوتین.
لە هەورازی، دۆستاڵی، و، تیکانلووجە، و، زگدڕاو، و، قەڕەبڵاغ، بە ناخۆشی وەسەرکەوتین کە ماشێنەکەمان دەتکوت بۆ دواوەی ڕادەکێشن و نیرەی دەگەیشتە تەشقی ئاسمان و هەر لرفەی دەهات لە، دەرمان، و، قزڵجە، کە مەڵبەندی بنەماڵەی بڵیمەتی قزڵجیەکانە تێپەڕین و لە حاستی، کولیجە، ماشێنی بەستەزمان پشوویەکی هاتەوە سەرخۆ و سەربەرەوژێر بۆوە و لە، بورهان، کەمێ هێور بۆوە و لە، قەمتەرە، کە ئاوەدانیمان لێ دیار بوو لامان نەدا کانی قەمتەرێ و ڕوانیمانە کێوی سوڵتان کە دەڵێن گڵکۆی ئەسحابە سەعدی بنی ئەبی وەقاسە و لە قەدیم چوارشەممۆیان خەڵک دەچوونە سەر ئەم چاکە لە نوچکی کێوەکەیە و ئەو ژنانەی منداڵیان نەدەبوو دەچون و نیازی دڵی خۆیان وەردەگرت و گوایە منداڵ نیشانەی دەکەوتێ و خاڵێکی چووکە لەسەر پێستی دەگوورا.
پاشان لە، یالاوا، کە باغ و باغاتێکی خۆشی لێیە ماشێنەکەمان وەک کورە جحێڵەی یالاوا خۆی هەڵداویشت و لە، ئیساکەند، کە مەڵبەندی هونەرمەندی دەنگ خۆش، برایمی قادریە، و بە دیتنی وشتر مریشک و تابلۆی ئەشکەوتی سەهۆڵان کە دوهەمین ئەشکەوتی ئاوی گەورەی ئێرانە و خەڵکی مەحاڵ پێی دەڵێن کونەکۆتر، ئیستێکمان گرت و بەدیتنی داوەڵی هەڵپەرکێی کوردەواری شاگەشکە بووین کە هونەرمەندێکی خۆماڵی ئیساکەندی زۆر وەستایانە سازی کردوون و داوا لە هاووڵاتیان دەکات ئەگەر جل و بەرگی کۆنی کوردیان هەیە بۆی بنێرن کە هەم کەلتووری کوردەواری پێ زیندوو بێتەوە و هەم بەزمی ئەوانیش گەرم بێ و : سێ پێیی،ڕۆینە،چەپی،داغە،گەڕانەوە،چۆکەژەنە،شێخانی و گەڕیانی: پێ بگێڕن و ڕێبواران سەرقاڵ بکاو باغەڵی ئەم هونەرمەندەش سووکە خلە و زرینگەی بێ.
لە پێچە توونەکانی، وەتەمیش، کە لە پێش بۆکان ئەم گوندە قەرەباڵغ بوە و دووکان و بازاڕی لێبوە و تەنانەت خەڵکی گوندەکانی دراوسێ بۆ کرینی کەل و پەل و پێداویستی بە جێی بچنە بۆکان چونەتە ئەم گوندە بەڵام دوای بەجێهێشتنی جولەکە کەمایەسی هێناوە و وەک بەڕە لە تەنکی داوە و ئێستا سێ چل ماڵێکی لێیە و ئاسەواری دوکان و ئاسنگەری لێ بەجێماوە.
بەهۆی ئاوەدان کردنەوەی بۆکان لەلایان سەردار عەزیزخانی موکری، فەرماندەی گشتی سوپای ئێران لە دەوری ناسرەددین شای قەجەر کە زاوای ئەمیرکەبیری گەورە سەرۆک وەزیرانی ئێران بوە و هەوەڵین مامۆستای عەسکەری یەکەم زانستگای ئێران واتە ،دارولفنون، بوە، سەردار بۆکانی لە ماڵە مەردان بەیگێکان کریوە و بە هۆی شوێنی جوغرافی ئەم شارە کە شاڕای سێ پارێزگایە،و بە عەماری گەنمی پارێزگا ناسراوە و هەبوونی حەوزەگەورە کە پڕ ئاوە و وەک چاوی قرژاڵ لە نێوەڕاستی شار هەڵدەقوڵێ جێگای گەشت و گوزار و گڕاو و دڵدار بوە و جێی بووک گۆڕینەوە بوە، کە زوو دابی نەگریسی ژن بە ژنە کە باوبوە و لەم سەرئاوە بوکی گوندەکانی دەوروبەریان گۆڕیوەتەوە، دایمە ئەم شوێنە جێی هەڵپەڕین و بەزم و داوەت و شایی بوە و خوڕێنکی ئەم ئاوە کە ئێستاش لەبەری دەڕوا و پێی دەڵێن کووچەی خوڕێنک کە ماڵی مامۆستا حەسەن قزڵجی لەو کۆڵانەیە، جێگای شوشتن و جێژوانی ئاشقان و دڵداران بوە و ئێوارانە کیژی شل و مل و چاوبەکڵ و گۆزەبەشان ئاویان لێ هەڵجنیوە و دڵی لاوانیان پێ ئەنجنیوە.
ئێستاش ئاوی حەوزەگەورە ئاوەکەی سووک و خۆشە و ئاوی خواردنی زۆرینەی شار دابین دەکا.
حەول و تێکۆشانی سەردارعەزیزخانی موکری ئەم شارەی ئاوەدان کردەوە و ،حەوزەگەورە، قەڵای سەردار،مزگەوتی جامیعە،گومبەزی سەردارانی موکری،تاریکەبازار،قەپان،حەمامی کۆن،کاروانسەرا، ئاسەواری سەردارە و کە لەتارانیش زۆر موڵک و ماڵی هەبوە و ئێستاش لە تاران شەقام و چەندین باڵاخانە بە نێوی ماوەتەوە کە لە هەموان دەستی هەڵگرت و لە ئاکام گەڕاوە باوەشی نیشتمان و لە گومبەزی سەردار ئارامی گرت کە قەدیم گۆڕستان بوە بەڵام ئێستا لە ناوەڕاستی شارە و پارکە و جێی پشوودانە و ئەڵان لە رووی پیشەوەری قسەی هەوەڵی ڕۆژهەڵات دەکا و لە رووی حەشیمەت دووهەمین شاری پارێزگایە.
دوای تێپەرکردنی ،وەتەمیش، و پێچەتوندەکانی وگەیشتینە سێڕای، شەڕەفکەند،و ئاوڕێکمان داوە لە ،خانەقای شێخی بورهان،شەڕەفکەند، زێدی مامۆستای گەورەی کورد مامۆستاهەژار،ئاجیکەند،ئاشی گوڵان،سەردارئاباد،کانی ڕەش،کە ئەم مەڵبەندە وەک بەهەشت خەملیوە و مرۆڤ بە دیتنی ئەم دیمەنانە واقی وڕدەمێنێ وکوردوستان ژینگەی ئاواخۆش و مێرگ و بژوێنی زەمەند و زەوەندی لێیە و دەڵێی کارخانەی گوڵانە و بەسەر دەشت و مەزرادا تۆقیوە و خەملیوە.
ئاشی گوڵان کە سەرتۆپە و باسەفایە و جێی سەیران و گەشت و گوزارە: ئێرە ئاشی گوڵە ئاوی ناوێ، هاڕیوێ بە گوڵ دڵی هەر لاوێ، ئێرە کە خێڵی هەواری دڵانە، دەشتی ڕازاوەیە ئاشی گوڵانە، هەر بەسەر خێڵی گوڵان دا دەکەوێ، دڵ دەبا هەر بەرزی و نزم و نەوێ.
سەردارانی موکریش گوندی سەدراباد واتە سەردارئابادیان بۆ هاوینەهەوار هەڵبژاردوە و گوندی شەڕەفکەندیش کە زێدی مامۆستای گەورەی کورد هەژار بووە و لەم ئاو و خاکە هەڵکەوتوە و بۆ گەلی کورد و ئێران جێگای شانازیە.
دوای سێڕای، شەڕەفکەند، قادراوا، و ،نیسکاوا، کە پێموایە ئەلحان چۆل کراون و دەگەینە، کانی تۆمار، کانێکانی لەسەرێ ڕا وەک تۆمار هاتونەخوارێ کە سەرچاوەکەی ئاوی ئەشکەوتی سەهۆڵانە لامان نەدا و لە گۆلی خوارێی ئەم گوندە لەسەر جادەڕێیە جێی حەسانەوە و تاتەبەردی نوێژی لێیە پشوویەکمان دا و یادێکمان لە ،خەلیفەی کانی تۆمار و مامۆستای بەند و گۆرانی ،مەلاحوسێنی عەبدوڵلازادە، کە وەلەدی کانی تۆمارن کرد و ڕوانیمانە ئاوایی، خوراسانە،لە پشت کانی تۆمار کە ئاوی بابەقەتاری لێیە و قەدیم بۆ چارەسەرکردنی کۆخەڕەشە کەڵکیان لێ وەرگرتوە و ئێستاش بەنداویان لێ ساز کردوە کە بە دۆڵی پڕپڕ دا دێتەخوارێ و دێتە، تازەقەڵا، و بابەتی ڕاوەماسیە و دوایە بەردەوام پێمان پێوەناو گەیشتینە سێڕای، نۆبار، و کێوی تەرەغەی سەربەرزمان لێ وەدیارکەوت و دیسان یادی مامۆستاهەژارمان کرد کە پەروەردەی گوندی تەرەغەیەو تەنانەت خەلکی مەحاڵ لە قەدیم پێیان دەکوت مەلارەحمانی تەرەغە و بۆ مامۆستا دور بوونەوە لە تەرەغە کە مێرمنداڵی ولاوی لەوێ ژیاوە و سێ دانگی تەرەغەیان هەبوە زۆر حەستەم بوە و وەک فەرموویەتی: تەرەغە خۆشی سەرت هەربەرزە، لێک جیابوونەوەمان چەند وەرزە.

ئەمجار گەیشتینە، قەڕەکەند، تەپکی پێش زایینمان لێ وەدیار کەوت کە ئێستا مەکۆی عەسکەری لێیە و بە تەنیشت، ئاختەتەر، و سێوەدینی، سەرێ و خوارێ  کە یادگاری سەیفەددین خانی موکری حاکمی سابلاغ و کوری سەردارعەزیزخانە تێهەڵبوین و گەیشتینە سێڕای، دونگز و، عەمبار، کە گڵکۆی عارف و شاعیر، شێخ ئەحمەدی کۆر، کە بێ خوێندەواری و دەرس و مەکتەب قەسیدەی بۆ خۆشەویستی خوا هۆندۆتەوە و گەیشتینە، حەمامیان، کە تەنیا ژینگەی گەورەترین باڵندەی ئێران واتە، چێرگە، کە لە مەترسی فەوتان دایە و تەنیا لە بۆکان کە پێی دەڵێن ،دەشتە سووتاو، دەژی و تەنیا بیست دەنکی لێماوە و خۆشبەختانە لە ژێر چاوەدێری ئیدارەی ژینگەپارێز دایە و لە پەنای ،حەمامیان، مەڵبەندی گەورە پیاوانی کورد و سەرۆک عێلی دێبۆکری وەکوو، حاجی ڕەحماناغای مۆهتەدی،حاجی بایزاغا،عەلیاغای عەلیار،بنەماڵەی گەورەی ئێلخانی زادە، دا تێپەڕین و یادێکمان کرد لە گڵکۆی یەکەمین شاعیری شێعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵات، کاک سوارەی ئێلخانی زادە، لە حەمامیان و یادێکمان لە مزگەوت و حەمامی مێژوویی حەمامیان کرد کە ئاسەواری دەوری سەفەویەکانە و پاشان گەیشتینە گوندی، شێخلەر، کە لەگەڵ شاری بۆکان بووکی موکریان تێکەل بۆتەوەو و شێخ و بووک بەیەک گەیشتوون و شێخ بە دیتنی بووک تۆبەی شکاندوە، گەیشتینە جەمسەری شار کە لەوبەڕرا لەگەڵ، کەرێزەی گڵی، سەر رێی خەلیفان و رێی سەردەشت تێکەڵ بۆتەوە و گەیشتینە میراوا و پردی کۆن کە دەستکردی رووسەکانە لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی کە ماوەتەوە و ئەلحانیش کەڵکی لێ وەردەگیرێ.
لە دور ڕا کێوی ناڵەشکێنە دیارە کە وەک شێر لە پشت شار راوەستاوە و دوای شکاندنی ناڵی ئەسپی چەنگیزخانی موغول کە گوایە لە لەشکەرکەشی ناڵی ئەسپی شکاوە و ئەم ناوەی بەسەردابڕیوە ئێستاش قورس و قایم بەبەرزی وێستاوە و ڕۆڵەی نیشتمانی وەک زیرەک لە ئامێز گرتوە و بە ناڵەشکێنە هەموو کوردێک وەبیر کەڵە هونەرمەندی کورد، باوکی تەرانەی کوردی زیرەکی نەمر دەکەوێتەوە و تێپەڕین بەتەنیشت باغی چڕوپڕی میراوا وەبیر گۆرانی زیرەک دەکەوینەوە کەدەڵێ: بۆکان چەند خۆشە باغی میراوا  شوێنەکەی زیرەک دەست لێ نەدراوە، تێهەڵبوین و یادێک دەکەین لە هونەرمەندانی ئەم شارە وەکوو: تایەرخەلیلی،حەسەن دەرزی،و بەند بێژانی وەکوو ،عەلی خەندان،عەبەدەرێژێ، و بەیت بێژی وەکوو، عەلی کەردار، حەمەجان، و شمشاڵ ژەنی سێحراوی، قالەمەڕە، و نایەی،عوسمانەسوور، و زەربی عەبەچکۆل،و یادێک لە ئەدیبانی ئەم شارە وەکوو: مامۆستایان ئەدەب،هێدی،حەقیقی،ئەحمەدی کۆر،سەید کامیل ئیمامی،ئەفخەمی،مووحەممەدی نووری،سوارە،ئاسۆ،ئەمین گەردیلانی،عومەری وەفا،ناسری مەولانی،سەعدوڵڵا مەجیدی و نووسەرانی وەکوو ،حەسەن قزڵجی،هەوەڵین چیرۆک نووسی ڕۆژهەڵات،فەتاح ئەمیری،حوسێن شێربەگی،ناسر وەحیدی، موحەممەدیان، شار بە جێ دەهێڵین و یادێک دەکەین لە ،قەڵایچی، لە پێنج کیلۆمتری شار کە قەڵای لێیە و پێتەختی ماناکان بوە و کاشی و نەخش و ڕەسمەکانی ئاوێتەی خەیاڵ و ئەفسووناوین و گەیشتۆتە لوتکەی هۆنەر و لەسەر کاشی ئاوەزێر کراون و پێی دەڵێن تەمەددۆنی ئیزیرتوو.
بۆکان بە جێ دەهێڵین و بەڕەو شاری کۆنی سەقز وەڕێ دەکەوین و بە سێڕای، زەمبیل، دا تێپەڕین و یادێک دەکەین لە شێخانی گەورەی زەمبیل و گوندی، تورجان،  کە جێگای مامۆستایانی تورجانی زادەیە و گەورەزانستگای کوردوستان بوە.
بە تەنیشت، حەسار، و ،تبت، کوچک، دا ڕۆیشتین و گەیشتینە،سەرا، و هەڵکشاین و بەستەنی سەراوسەرچاوەمان بێ ئەنگۆ ناخۆش نۆشی گیان کردو فێنکایی کەوتە دڵ و دەروونمان.
مەلبەندی، مرخوزمان، بە جێهێشت و گەیشتینە شاری پیشەی سەقز و ئاوایی، ئاڵتوون، کە خۆشبەختانە بە هۆی لێدانی ڕێی تایبەتی بە پشتی شاردا بۆ، دیواندەرە، بەداخەوە نەمانتوانی بچینە نێو شاری سەقز، ئەمە شارەکەی سەقزە و پای حەقق و حەساو، بۆمان نەڕەخسا گەشتێک بە، قازاخانە،بەرپران،چەم وەلی خان،بازاڕ، بەر مەیان،بلوار و شەقامی شاناز، واتە هەوەلین ئافرەتی پۆلیسی هات وچۆی کورد، لێدەین و پیاسە بکەین و لە کاشی دا دۆی سارد و قەزوان بخۆینەوە و بیرەوەری دەورانی لاوی نوێ کەینەوە.
لە سەقز کەمێک دوور بوینەوە چاومان بە تابلۆی زێویەی سەقز کەوت کە مەلبەندێکی گرینگ و مێژوویی و پێتەخت بوە و جامی زێری زێویە بەنێوبانگە و نیشاندەری مێژووی کۆنی ئەم شارەیە.
جامی زێری حەسەنیانی نەغەدە لە دەشتی سندووس لەگەل فەخرەقای مهاباد لە دەشتی شارویران،قەڵایچی بۆکان و تەپکە کۆنەکانی مەحاڵ و فەیزوڵڵابەگی و زێویەی سەقز دەسەلمێنێ کە کوردوستان خاوەنی مێژوو و شارستانییەتێکی کۆنە و لە کۆنەوە تاکوو ئێستا ژینگەو جێی ژیان و و کشت و کاڵ و کەلتوور و فەرهەنگ وهونەرە و ڕۆڵەی بەنرخی لێ هەڵدەکەوێ.
لە سەقز را بەرەو دیواندەرە ڕویشتین کە جادە دەتکوت کایەی مندالانە جارێک یەک هێڵ بوو و جارێک دەبۆوە دوو هێڵ کە سەری لە ئێمەو لە ماشێنەکەشمان دەشێواند تا گەیشتینە شاری، ساحەب، و وەبیر ئەشکەوتی، کەرەفتوو، کەوتینەوە کە سێ نهۆمەو یەکێک لە گەورەترین ئەشکەوتەکانی ئێرانە و گەیشتینە مەنتیقەی، تیلەکۆ، و شاری، زەڕرینە، بلیندترین و ساردترین شوێنی ئێرانە کە سەرچاوەی چۆمی زەڕرینەیەی بۆکانە و لەگەل چۆمی ،سیمینە، واتە، تەتەهوو و جەغەتوو، بە نێو بۆکان دا دەخوشێن و لە چۆمی مەجیدخان و ،سارووقامیش و گوێگجەلی، لە شاری، میاندواو، وەک دەستە خوشک یەکتر دەگرنەوە و بە چەقڵەسەما و قەڵبەزە دەڕژێنە بەحری ورمێ.
دوای نیوەڕۆ کە بەرەو دیواندەرە وەڕێکەوتین لە سەربەرەوژێرەکانی وەکو جاددەی سەردەشت دەچوو بەڵام شاخی زەبەڵاح و بەردی سەرسوورهێنەری لێبوو کە نیشاندەری مێژووی کۆنی ئەم مەلبەندەیە و زۆر سەرسوڕێنەر بوو کە هەتا نیزیک سنە دێهاتی کەمی لێبوو کە ئەم شاخە ڕژد وهەڵەمووتانە و ئەم تاتە بەردە سەیرو سەمەرانە لێمان ببوو بە دێو و درنج و ڕمووزنات، ناشارەزایی و نابەڵەدی و نامۆیی ئێمە هەڵکشانی کەڕە نیسێی ئێوارێ بۆ مە ترسێنەر بوو و وەکمامۆستا هەژار گوتەنی:  داخم ئەم رازە لەبن سەرپۆشە  سەفەری نابەڵەدی ناخۆشە، کەمێک مات و کزی کردبووین بەڵام جاروبارە بەدەگمەن کەپرێک یان ادراعێکمان
چادراغێکمان لێ وەدیار دەکەوت کە گرکەی دێمەکاریان لێ دەفرۆشت و پێموایە ئاوایی لێبوو بەڵام لە ئێمە ڕا نەدیو بوو.
بەنزیک بوونەوە لە سنە بەسەر چەند شارەدێی گەورە و ئاوەدان دا کەوتین و ترسمان کە لێ غاڵب ببوو وەکوو جندۆکە ئەگەر بسمڵڵایی لێبکەن ترس غەیب بوو و بەسەر فەرعانە دا کەوتین بە دیتنی، حەسەناوا، مەلبەندی هەوەڵین ئافرەتی گۆرانیبێژی کورد یادمان کرد لە خاتوون فەتانە وەلیدی کە هیوای لەش ساغی بۆ بە ئاوات دەخوازم. بەنزیک بوونەوە لە سنە دڵمان وە تەپەتەپ کەوت و چاومان ڕوون بۆوە : شاری کۆن و زێدی سنە   ڕووگەو قیبلەوهێمای منە، شارو زێدی باپیرانم،  قەڵای کۆنی نیشتمانم، بە دیتنی ئەم شارە شاگەشکە بووین و وەپەلەقاژە کەوتین و چاوێکمان کردە چوار چاوو بەولاو بەم لادا دەمانڕوانی کە لە زارکی شار تابلۆیەکی گەورە بە خەت و شێوازی کوردی زۆر جوان نووسرابوو، بەخێر بێن بۆ شاری سنە، کە چاوو دڵمان ڕوون بۆوە و ماندوویەتی ڕێگاو بانمان حەساوە.
لە شوێنێکی دیکە نووسرابوو، پێتەختی کتێبی ئێران، کە ئەمە بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ دەوڵەمەندی کەلتوور وفەرهەنگی ئەم شارە و مەکۆی کتێب و کتێب خوێندنەوەیە : هەتا لاو بووم دراو نەبوو، چاوو دڵم خراو نەبوو ، کتێب کرم بیخوێنمەوە،   ڕێگای ون بووم ببینمەوە ،.
لە هەر شەقام و مەیدان و چوارڕێیانێک، داوەڵێک ئاوێتە لەگەڵ خەیاڵ کە هێمای فولکلۆر و ڕەسەنایەتی کوردی وەبەر چاودەکەوێ کەهەریەک نیگارێک و ئەفسوونێکی تێدابەدی دەکرێ کە مرۆڤ بە چاولێ کردنی هەوەڵ  دەیکێشێتە ناخی خۆی و مێشکی ودڵی مرۆڤ داگیردەکا و بۆ چەن چرکەیەک دەیباتە دونیای خۆی کە جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە هونەرمەندی مەزنی کورد هادی زیائوددینی بکەین کە ئەم شارەی ڕازاندۆتەوە و نەخشاندوویەتی و هونەری تێکەل بە

خەیاڵ بە هەوێنی کوردەواری کردوە کە بە جۆرێک بۆتە ناسنامەی ئەم شارە و گەلی کورد وەک کورد گوتەنی: دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بکا، کە بۆ مامۆستا هیوای تەمەن درێژی و چوون بەرەو دوندی نادیاری لووتکەی هونەر بۆ بە ئاوات دەخوازم.

شارێکی گەورە و خاوێن و خاوەن باڵاخانەی بەرز و شەقام و مەیدانی گەورە حەشیمەتێکی قەرەباڵغ و کوردی وێژ و کوردی پۆش و زمان خۆش بە زاراوەی سنەیی کە بە پێی ڕاگەیاندراوەکان نزیکەی یەک ملیۆن نەفەر نیشتەجێی ئەم شارەن کە لە هەوەڵی وت و وێژ و ئاخاوتن لەتەکیانا هەست بە جیاوازی زمان دەکرێ بەڵام لە درێژەی قسان و دواندن دا وەدەردەکەوێ زمانیان پڕاوپڕە لە وشەی کوردی ڕەسەن و بێگەرد کە ئاوێتە بە جل و بەرگی کوردی و نەجابەت و ڕەسەنایەتی وفەرهەنگ و شارستانیەتی ئەم شارە بۆتە هێما و پێتەختی پارێزگای کوردوستان.

شارێکی ئەدەب دۆست و هونەرپەروەر و میوانگری تێدایە بۆیە بۆتە مەکۆی گەشتیاران کە لە سەرانسەری وڵات را رووی تێدەکەن و لێی دەمێننەوە.

سەرەڕای ئەم تایبەتمەندگەلە، ماڵی کورد یان ماڵی ئاسەف خان، بۆتە مووزە و شوێنێکی گەشتیاری و مێژوویی. بازاڕی کۆن،قەیسەری، تاریکەبازار،گۆڕەپانی ئێقباڵ،شەقامی فیردەوسی، کە ڕێی هات و چۆی ماشێنیان بەستوە و پڕە لە کاسب کار و وردەواڵە فرۆش کە ئێواران حەشیمەتێکی هەزاربەهەزاری لێیە کە بۆخۆی بەقەت شارێک دەبێ و تا مرۆڤ بە چاوی خۆی نەیبینێ باوەر ناکا کە ئەم هەموو حەشیمەتە کۆ بۆتەوە و بازاڕ وەک دڵی شار زیندوە و لێدەدا و هەر جمەی دێ و بە هۆی هەرزانی کەل و پەل گەشتیارێکی زۆری لێیە.

جێگایەکی دیکە کە گەشتیار و جەماعەت ڕووی تێدەکا سەیرانگای، ئاویەر، یان ئابیدەرە کە شاخێکی تەنیشت شارە و زۆر بە مشوور کردویانەتە سەیرانگاو و قاوەخانە و چێشت خانە کە گەورەترین پەردەی سینەمای ڕووئاواڵەی وڵاتە وچەندین کانیاو و کەپر و جێی پشوودانی لێیە کە بۆتەجێی وەرزشی بەیانی بنەماڵەیی و تاکەکەسی. پردێکی هەڵواسراوی جۆلانەی نزیک ٨٥ متر بلیندایی لێیە کە نزیکەی دووسەد میتر بەسەر ئەم پردە دا دەبێ بڕۆی و بگەڕییەوە کە لەوحەوایە وەکوو جۆلانە ڕادەژێ و جەرگ و دڵت دێتە دەرێ کە زۆر کەس ناوێرێ و قسەی خۆمان بێ ئەمنیش کەمێک ڕۆیشتم زاتم نەبوو گەڕامەوەو کوتم حاشا لە شیری وشتر و دیداری عەرەب.

سەیرانگاو پارک و جێی حەسانەوەی زۆرە کەشەوانی هاوین هەتا بەرەبەیان قەرەباڵغن و عالەم لە دەرێن و هات و هاوارێکە باب ئاگای لە کور نیە کە ئەم جم وجۆڵ وسەرزیندووییە لە شارەکانی دیکەی کوردوستان وەبەرچاو نایا و زۆرکەمترە.

خاڵێکی دیکە کەسەرنجی ڕێبواران ڕادەکێشێ هەبوونی کتێبخانەی گەورە و دەولەمەند و هەبوونی دەستفرۆشی کتێب لەسەر شەقامە کە بە پێتەختی کتێبی ئێران نێودێرکراوە کە لەم سەردەمە کە تێکنۆلۆژیا و موبایل گوشاری خستۆتە سەر هەموو شتێک و تەنانەت کتێبیش کەم کەس لە کتێب و کتێب خوێندنەوە وەکوو قەدیم چێژ وەردەگرێ، بەڵام کتێبخانەکانی ئەم شارە دەسەلمێنێ سنە بەردەوام لە کتێب خوێندنەوە دایە کە لە زۆر کتێبفرۆشێکان نووسرابو سەرجەمی کتێبەکانتان لێ دەکرینەوە کە جێی سەرنج و دڵخۆشی و بەڵگەیەکە بۆ فەرهەنگ وهونەری دەولەمەند و ڕەسەنی سنە کە وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە شەوی قاقڕ و تاریک دا دەدرەوشێتەوە.

لە بواری مۆسیقا و گۆرانیش دا سنە پێشەنگەو مەکۆی هونەرمەندانێکی گەورەیە وەکوو : سەیدعەلی ئەسغەری کوردوستانی، خالقی،خاتوون فەتتانە وەلیدی، سەدیق تەعریف،ناسرڕەززازی،نەجمەی غوڵامی،عەباس کەمەندی،عەلی زەندی،بنەماڵەی کامکارەکان و دەیان کەڵە هونەرمەند کە شوێن وجێ پەنجەیان بەسەر مۆسیقای کوردێوە دیارە و بەرچاوەو مۆسیقای کوردیان دەوڵەمەند کردوە.

سنە ناوەندی سازکردنی ئامێری مۆسیقا بەتایبەت دەفە کەناوبانگی جیهانی هەیە و هەروەها ئامێرەکانی وەکوو سەنتور،تار و سێ تاریش بە جوانی و حێرفەیی ساز دەکرێن.

هەروەها مەلبەندی سازکردنی تەختەنەردە کە لە ئێران و کوردوستان یاری پێدەکەن و بۆ وڵات و دەرەوەی وڵات هەنارده دەکرێ.

پارێزگای کوردوستان جێگای پەروەردە کردنی تووت فەڕەنگی یان دوودڕکە کە بۆ تەواوی وڵات بەرێ دەکرێ.

سنە پێتەختی بابانەکان بوە و پێتەختی کوردوستانە و بە پێی هەڵکەوتنی لە مابەینی پارێزگا کوردەکانی وەکوو ئازەربایجانی ڕۆژاوا،کرماشان و ئیلام کە لە باری زمانی و ڕەسەنایەتی و متمانەبەخۆبوون بۆ تاکێکی کورد کە هەست بە شارومەندی پلەی یەک نەکا زۆر گرینگە و سنە وەک عالقەی مام ناوەندی ئەم زنجیرە جێگەو پێگەی بۆ زمانی کوردی زۆر حاستەمە چون ئەم پارێزگایانەی دیکە و هەروەها وڵاتی ئێران پارێزگای سنە و شاری سنە بە نوێنەری ڕاستەقینەی کورد دەزانن وهەموو تاکێکی کوردی ڕۆژهەڵاتیش سنە بە ماڵی خۆی دەزانێ کە پێویستە لە رووی فەرهەنگیەوە کوردوستان لەسەر ئەم خاڵە گرینگە کار بکا و دەشێ کەلتووری کوردی پارێزگاکانی دیکەش بپارێزن و وەبەر چاو بگیرێ و بە زیندوویی بۆ بەرەی داهاتوو بمێنێتەوە، یان لانیکەم پێشانگایەک بۆ کەلتووری بەشەکانی دیکەی کوردوستانیش پێک بێ تا کەلتووری پارێزگاکانی دیکەش گەشەو نەشە بکا و زمان کە گرینگترین سەرمایەی هەر نەتەوەیەکە بەرەو پێش و بەرەو زمانێکی یەکگرتوو و ئێستاندارد بڕوا و هەموو زاراوەگەلی جۆراوجۆری کوردوستان لەیەک تێبگەن و بۆ دانانی دەستەواژەی نوێ و پێویست تێکرا و وێکرا کار بکەن و خەونی مامۆستا هەژاری مەزن بۆ زمانی یەکگرتوو وەدی بێنن.

ئەمە کورتە باسێکی ساوا و کاڵ و پڕ هەڵە بوو لە تایبەتمەندی و کەسایەتی و جێگەو پێگەی سنە و ئەم پارێزگایە کە پێویستە پسپۆڕان و شارەزایان لە بوارگەلی جۆراوجۆر لەسەری بدوێن و بنووسن و ئەمنی کاڵ و کڵۆڵ هەر ئەوەندەم لە دەست دێ و وەک کوتویانە، دیاری شوان ئاڵەکۆکە بۆیە با چیدی لەسەری نەڕۆم و درێژدادڕی نەکەم، هیوادارم لە هەڵەو پەلەم چاوپۆشی بکەن و بیبڕمەوە وەک کوتوویانە زۆر کوتن قورعان خۆشە.

هیوادارم ئەم چەند دێرە هاندەرێک بێ بۆ زانایان و قەڵەم بەدەستان و شارەزایانی هەمو بوارێک بە تایبەتی لە رووی زمان تا لە سەر ئەم شارە و شارەکانی تری کورد بدوێن و لێکۆڵینەوە بکەن و بۆ نەوە و بەرەی داهاتووی بناسێنن و بەرەو زمانی یەک گرتوو و ئێستاندارد هەنگاو هەڵێنن.



سەردەشت. ئەوین ڕەحمانی

دایکی خەم دیسان مەلۆتکەی لە دڵم پێچاوە
لێرە لەم قاقڕە تەنیام و نییە فریاڕەس
نووری دوو چاوم لە من بوونە کەلەمچەی دەست و
دڵ لە پێ کەوتووە ماندوویە لە پێناوی ژین
باڵەفڕ نابێ هەڵۆی بەختی منی بێچارە
گەردەلوول دێت و دەچێ ناسرەوێ بۆ ساتێکیش
چاوی جوانی غەزەلم بۆتەوە گۆمیلکەی خوێن

پێکەنینێ بوو ئەویش هێز و وزەی ڕووخاوە
تا ببینێ کە گوڵی باخی "ئەوین" ژاکاوە
دڕک و داڵێ لە قژی شێعری تەڕم هاڵاوە
هێندی هەوراز و نشیو ، شاخ و تەلان پێواوە
نیمە ڕێگایەکی ڕزگاریێ لەم زەلکاوە
چون لە کاروانی ئەوین تفلێ دڵم جێ ماوە
وامدەزانی کە دڵی من لە خەمان ڕەخساوە

## دەریای خەیاڵ



بانە. بەیان خدری

دوور کەوتنەوە لە تۆ مەحاڵە
خەیاڵاتێکی ناخۆش و
خەونێکی بەتاڵە.....
هۆگری تۆم
زاممم سارێژە لە بۆنی بوونت...
ژین بێ تۆ ژانێکی تاڵە
خەمی ڕابردووم وەلانا
دڵ لە تاوت مەلەوانی نێو دەریای خەیاڵە
چ هەستێ لەوە شیرینتر؟
کەوا کانی چاوەکانم
لێو ڕێژی ئەوینێکی زوڵاڵە....



پاوە. ئالان ڕەحمانی

ناشارەزا
هاتووم بەرەو شاری دڵت
بە بێ جانتا و شتی سەفەر
لەوێ ون بووم؛
لە خۆمەوە
کردوومە تامەزرۆی گوڵت
شاری تۆ ئێجگار پڕە لە
کووچە و کۆڵان!
سەرتاسەری دیوارەکان
سەرتاسەری داڵانەکان
سەرتاسەری پەنجەرەکان
نوێ و سپین
بە تەمای شاعیرێکن بێت..
بیاننوسێ!.
شار خملێوە
بە بۆنی خۆشی مێخەکت
دوو خۆری هەیە ئەم شارە
بە چاوانی وەکوو کەڵت.



جوانڕۆ. فەلاح وەیسی

تا تۆ بە کراسە خەردەلییەکەتەوە
بێی و بچی
کیمیاباران نابڕێ لە هەڵەبجەی دڵم
نابڕێ لە منی کورد
نابڕێ لە پێتەختی ئەنفال
سەردەشتی دووە دڵ
دوای ئەو نیوەشەوەی
بۆردمان کریا بە قینی تۆ
سپی سەردەشت مەکۆی شەهیدە و
دڵ پارێزگەی ئەوینی تۆ...
ڕووممەتم ئێسقانەکانی
ماندووی پێی پیرەژنێکە
لە تاکەوشێکی دوای زینووبەچاڵی
کۆچتا....،
نهێنی ماوە ئاشکرا نەبێ بۆ گشت؟
چاوم گوڵێکە بە چوارپەلکەی کچێکی
ئێزەدیی کۆبانیماوا
چی ماوە نەیدرکێنم دەی؟
لە سەنگەری مان و نەمان
سوورترین هێڵی نیشتمان
لە ڕۆژاوای چاوەکانتا
قەنناسبەدەستی ئەوینم...
منی بێخەو بە بالاتۆ
خەونی سەربەستی ئەبینم...
هەر منی بێخەوی باخەوان ئەزانم
عەتری شکۆفەی ئەم باخەم لێ دزراوە
ڕێبوارەکان چووزانن پاییز وا ناکا
دوکتورەکان نازانن دڵتەنگی تۆم لەیل
زۆر دڵتەنگم
هێندەی شەقام
پڕ بێ لە سیخوڕ و پاسەوان و خائن
ئەوەندەی باوکێ خەمخۆری خاکە و
کوڕەکەی سەرکردەی دوژمن!

دەردەدار و دەیری و کز و
نەخۆشترین نەخۆشی شار
منم وەختێ تۆ نیت...!
ئەکەومەوە سەرپێ
شیفا ئەدرێم
ئەگەر بێژی چۆنیت...
بێژی ئازیز ،
خۆ نە کەس لێمان تێ ئەگا
نە لە شەکەتی و غوباری
ئەم غوربەتەمان کەم ئەکا ،
نارۆم!
خۆتی لەیلێ
هەوێنی ئەشقی بێرادەم...
چای ئەوینرێژی دەستی تۆ و
ڕۆژێکی کوردستان
بە خۆشیی ئەم دونیا نادەم...
کوێم هەیە بڕۆم بێجگە لە...؟
باشترین داڵدەی منی شێت
کوێستانی قەندیلی مەمت
کوردە و هەر چیاکانی...
کێ نازانێ....؟
ئەم جیهانە نالەبارە
سەربەستی بەم کوردەوارە
ئاشتی بە خاوەرمیانە و
تۆیە بە من قەرزدارە...
تۆیە کە کاتێ ناسیتم
نێچیرێ بووم پڕ لە برین...
وەفاداریت
بوو بە ئاوی پێش سەربرین!
هاتی نەویت لە چەقۆ و بیسمیللاییت کرد...
قەسابێ بووی
ئەو وەختەی ماڵاواییت کرد...



# مێژوو ئەمانەتێکە بە لامانەوە، دەبێ بەشێوەی نووسین و بەپێی بەڵگەنامەکان بیانپارێزین

## چوارەمین ودوایین بەش، لە مێژووی حەکیمانی سەبەتڵووی بانە



ڕۆژنامە ئتلاعات لاپەرەی ١٠ ، سێ شەممە٢٦/ ٧ / ١٣٤٥ ی هەتاوی، بەژمارەی١٢١٠٩

نووسینی، حەمید ڕفاعی. بانە

لەبەشەکانی پێشوو، یەکەم، دووهەم وسێهەم دا، سەبارەت بەمێژووی حەکیمانی سەبەتڵووی بانە، بەکورتی باسمان لێکردو ئاماژەمان کرد بەحاجی عەبدوڵڵا، وەک دامەزرێنەرو یەکەم مامۆستا لەفێرگەی زانستیی حەکیمی سوونەتی، کە بە پێی ئەزموونە حەکیمیەکانی خۆی لەسەردەمی قاجارەکان و پێوندییە حەکیمیەکانی لەگەڵ پزیشکە هیندییەکان، لە بانە بەدەستی هێنابوو؛ کەلەکتێبی"مێژووی بانە "لە نووسینی"محەممەد ڕەئووف تەوەکولی"، لەلاپەرەی٩٦بەپێی دیکۆمێنت(بەڵگەنامە)، لەسەردەمی قاجارییەکان، لەئارشیڤی"مەجلسی شورای ملی" بەتێر وتەسەلی باسی لێکراوە.


سازمان اسناد ملی ایران
تاریخ ۱۳۸۰/۶/۲۲
شماره ۴۸۸۰/د
پیوست:
بسمه تعالی
استاد گرامی جناب آقای حاج محمد رفاعی
با احترام
اکنون که به خواست ایزد یگانه ، قدمی دیگر در جهت گردآوری و حفاظت دست مایه های علمی پژوهشی تاریخ معاصر ایران برداشته شده است ، بدین وسیله از شرکت جنابعالی در مصاحبه آرشیو شفاهی سازمان اسناد ملی ایران سپاسگزاری نموده ، سلامت ، طول عمر و توفیق روز افزون شما را آرزومند است.
بی تردید حاصل این تلاش روشنایی بخش راه پژوهشگران تاریخ وفرهنگ این سرزمین خواهد بود.
علی تقی شهسواری
مدیر سازمان ... غرب کشور

حاجی عەبدوڵڵا، خاوەنی چوارکوڕ بووە بەناوەکانی: کوێخا ڕەحمان، مام ڕەحیم، میرزاسادق، حاجی حەمەڕەزا. هەریەک لەو کوڕانەی درێژەدەری ڕێبازی حەکیمی باوکیان بوون، کە لە بەشەکانی ڕابردوو دا باسمان لێکرد.

لێرەدا باسەکەمان لەسەرچوارەمین کوڕی"حاجی عەبدوڵڵا"، بەناوی"حاجی حەمەڕەزا"و نەوەکانیەتی.حاجی حەمەڕەزا، خاوەنی سێ کوڕ بووە بە ناوەکانی"میرزاکەریم"، "حاجی فەقێ قادر"، "حاجی فەقێ یوێنس"وچوارکچ بەناوەکانی خاتوو"فاتمە"، "ئایشە"، "مەنیجە" و"خانمێ".سەبارەت بە میرزاکەریم، لەبەشی سێهەمدا چڕوپڕ باسمان لێکرد.

- "حاجی فەقێ قادر"، دووهەم کوڕی حاجی حەمەڕەزابووە، کەدرێژەدەری پیشەی حەکیمی باوکی بووە. حاجیفەقێ قادر، حەکیمێکی کارزان و لێزان و بە ناوبانگ بووە. لە ئاستی خوێندەواریی بەتوانا بووە بە سەردیوانەکانی سەعدی شیرازی، حافز، شانامە وکتێبە حەکیمەمێژوییەکان، کە وەک گەنجێک و یادگارێک، هەموو دەم لەئارشیڤی بنەماڵەدا بوون. زۆرێک لە کەسانی خوێندەوار، کە دەهاتنە سەردانی، کتێبی شانامە، گوڵستان و بۆستانیان بە دیاری بۆ دەهێنا. حاجی فەقێ قادر، خاوەنی دیوەخانێکی گەورەبووە بۆ حەوانەوەی نەخۆشەکان وتیمارکردنی زامدارەکان(ساختومانی پزیشکانی سوونەتی). ئەو باسە، لەلاپەڕەی ژمارە٩٨ کتێبی"مێژووی بانە "لەنووسینی"محەممەد ڕئووف تەوەکولی" ئاماژەی پێکراوە. حاجی فەقێ قادر، لە باروودۆخ و هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستان و دەسەڵاتی میرنشینە عەشایرییەکان، بە داخوازی خەڵکی گەورکی مەهاباد، بۆکاری حەکیمی، ماوەی چەن ساڵێک لەگوندی"گڵۆلان"، دەمێنێتەوە. سەرەنجام، بەنەخۆشیەوە دەگەڕێتەوە بەرەو زێدی باوباپیرانی لەگوندی سەبەتڵوو. بەداخەوە، کاتێک ئەگاتە ئەو بەرزاییانەی کە ئەڕوانە گوند و دەشتوبەری سەبەتڵوو، دوای کورتە وچانێک لەبن سێبەری دارێکدا، کە ئێستاش بە"دارکێویلەی حاجی قادر"ناویدەبەن، هەر لەو شوێنێ وچان و شادبوونەوەی بە دوادیداری زێدی خۆی، ماڵاوایی لەژیان و پیشەی حەکیمی دەکات و بەبەشداریی جماوەرێکی زۆر، لەگۆڕستانی حەکیمانی سەبەتڵووبەخاکی دەسپێردرێت. حاجی فەقێ قادر، خاوەنی پێنج کوڕ و دوو کچ بووە بەناوەکانی:"حاجی حەکیم ڕەزایی"، "میرزامحەممەد ڕفاعی"، "میرزاحسێن سادقی"، "میرزاحەمەمین وەفایی"، "میرزا ئەحمەد ڕفاعی". "خاتوو تەمینە"، "خاتوو ڕابیعە".

- "حاجی حەکیم"، یەکەم کوڕی حاجی فەقێ قادر بووە. دیوەخانی حاجی حەکیم، پەناگایەک بووە بۆ نەخۆش و لێقەوماو وزامداران. لەنێوخەڵکدا زۆرخۆشەویست بووە. بەبانگهێشتی ڕێزدار"حەمەڕەشیدخان" ماوەیەکی زۆرلەگوندی"وێنەوداروخان"، وەک حەکیمی سوونەتی، خەریکی تیمارکردنیی نەخۆش و زامدارەکان بووە. لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران، لەساڵی١٣٥٩ی هەتاوی، لەگەڵ داخوازی بەرپرسانی بانە، بۆچەکدارکردنی زۆرەملێی گوندەکان لەلایەن دوڵەتەوە، پیاوانی دەڤەری سەبەتڵوو پەنا دەبەن بۆحاجی حەکیم کە چارەسەرێکیان بۆ وەدۆزێت، بۆ ئەوەی لە هەڵگرتنی چەکی زۆرەملێ ڕزگاریان بێت. حاجی حەکیم لەگەڵ چەن کەسێکی خەڵکی سەبەتڵوو و دەوروبەر، بەرەوشاری "تاران" وەڕێدەکەون. پاش مانەوەی مانگێک لە"هوتێل شەرافەتی" تاران، حاجی حەکیم خۆی دەگەیێنێتە "هاشمی ڕەفسنجانی"، سەرۆکی پەرلمانی ئەوکاتەی ئێران، .لەوێ پێداگری دەکات لەسەرئەوەی کە ئێمەخەریکی کاروباری حەکیمی وکشتوکاڵین و توانای ئەوەمان نییە چەک هەڵبگرین. دواجار، بەفەرمانی هاشمی ڕەفسنجانی، ڕزگاریان دەبێت لەهەڵگرتنی چەکی زۆرەملێ.

- "میرزامحەممەد ڕفاعی"، دووهەم کوڕی حاجی فەقێ قادر بووە. میرزا محەممەد، بەکەڵک وەرگرتن لە گۆڤارە پزیشکیەکانی سەردەم، تێکەڵەیەک لە دووقۆناخی دەسکەوتەکانی حەکیمی سوونەتی و پزیشکیی مودێرن دەهێنێتە ئاراوە. ئەو بەهرەی لەم کتێب و گۆڤارە و سەرچاوە زانستییەکان وەردەگرت: ئابوونمان کردنی خۆی لەگۆڤاری زانستیی مانگانەی پزشکیی تاران، بەناوی"(طب دارو)"، لەساڵی ١٣٤٥ ی هەتاوی.ناوەرۆکی ئەوگۆڤارە بریتیی بوو لە ئەزموونە پزیشکییەکانی سەردەم، کە لە سەرانسەری ئێران بڵاو دەبوەوە وئاستی زانستیی پزیشکی دەبردە سەر. کتێبەحەکیمیە مێژووییەکان"، وەک (مخزنالادویه)" وکتێبیە ناوبانگی "قانون درتب"ی ابن سینا.لێرەدا، بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئەم نووسراوە، لەشوبهەی پروپاگەندا وتاریف کردن بچنەدەر ودەرخستنی ڕاستیەکان، بە ڕوونی پشت ڕاست بکرێنەوە، بەپێویستی دەزانم ئاماژە بە دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکان بکەم. ئەو بەڵگەنامانەی کە بە ڕوونی، شاکارە حەکیمیەکانی میرزامحەممەد نیشان دەدەن ودەیسەلمێنن. ڕۆژنامەی"اطلاعات"ی سەردەمی پەهلەوی، بەژمارەی١٢٠٨بەرواری١٣٤٥/٧/٢٦ی هەتاوی، لاپەڕەی١٠، ئاماژەیکردووەبەناوی"عەلی ڕەحیمی"، کریکاری ڕێگەوبانی بانە، کە:

«کاتی خۆی، لەساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لەکەلیخانی بانە، دەستی دەکەوێتە ژێر زنجیری بولدزێرو شیرزە دەبێت.ئەو بریندارە بەهەلیکۆپتەردەبەن بۆتاران. لە"نەخۆشخانەی تورفە"ی ئەوکاتە دەیخەوێنن. پزیشکانی نەخۆشخانەکە بۆچارەسەرکردنی نەخۆشەکە، شورای پزیشکی بۆدەگرن و دواجار بڕیاردەدەن کە چارەسەری نییە و دەبێ دەستی ببڕنەوە. چاوەڕوانی کەسوکاری نەخۆش دەبن، کەئیزن بدەن بۆ بڕینەوەی دەستی. میرزامحەممەد خۆی دەگەیێنێتێ وئیجازە نادات کە دەستی ببڕنەوە و خۆی بەڵێن دەدات و چارەسەریی نەخۆشەکە لە ئەستۆ دەگرێت. میرزا محەممەد، نەخۆشەکە(عەلی ڕەحیمی)، دەهێنێتەوە بۆبانە. پاش چوارمانگ نەشتەرگەری و دەرمان، دەستی شیرزەی تیمار دەکات، وەک جاران، ساخ و سلامەت و بێ عەیب. هەواڵی ئەو نەشتەرگەرییە ناوازە، دەگاتە شورای پزیشکی بیمارستانی تورفەی تاران. شاندێک لە هەواڵنێران، لە تارانەوە بەرەو بانە وەڕێدەکەون و دێنە گوندی سەبەتڵوو و باس دەبێتە باسی ئەوشاکارە پزشکیە و، دوایی لەڕۆژنامەی"اطلاعات"ی ئەوسەردەمە کە (پێشتر ئاماژەم پێکرد)، بڵاودەبێتەوە.»

یەکی دی لە شاکارە پزیشکیەکانیی میرزا محەممەد رفاعی، لەگۆڤاری کوردیی"سروە"، ژمارەی ٣١ لاپەڕەی ٥٣ بەرواری١٣٦٧/٧/٢ی هەتاوی بە وردی باسی لێکراوە:«کیژەلاوێکی خەڵکی گوندی"لیلانێ" ی"سەردەشت"، کاتێک دەچێتە سەرکانی، بە هەر هۆکارێک بێت، شێلاوی باران، گشت جەستەی دەخووسێنێت و هێلاک و شەکەت، گیرۆدەی نەخۆشینێکی نامۆ و نەناسراو دەبێت. ئەو کیژۆڵە، دوای ڕووداوەکە، بۆ ماوەی حەوت ساڵ، وەک مردوو،چاوقونجاو و بێحەرەکە لە جێدا دەکەوێت. لە ماوەی ئە حەوت ساڵەدا، زۆری دەگێڕن بۆ چارەسەر. دەیبەن بۆ شارەکانی ورمێ و تەورێزو تاران، بەڵام چاری ناکرێت. دەیبەن بۆسلێمانی،هەولێر،کەرکووک وبەغدا، هەر چارەسەر ناکرێت. دیهێننەوە بۆ سەردەشت. دواجار، بەپێشنیار و ڕاسپاردەی"شێخەمینی" گوندی"بێژوێ"ی سەردەشت" کەعارفێکی گەورەبووە، دەچنەدووی میرزامحەممەدی سەبەتڵوو. کاتێک میرزامحەممەد کیژە نەخۆشەکە دەبینێت، بە پێی زانست و ئەزموونی خۆی، لەکورسی گەرم کەڵک وەردەگرێت. وای لێدەکات کە، بەرەبەرە ئارەقەیێکی زۆر دەردەدات. گەرما و هەڵمی ئارەقەی لەش، هەموو لەشی دەخووسێنێت. جەستەی کچە، لە دەردانی ئارەقە بەردەوام دەبێت. کچە چەن لیترێک عارەقە دەردات و لە پڕچاوانی هەڵدینێت و، دوای ٧ساڵ، کە بەناوی خۆیەوە بانگی دەکەن، وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: بەڵێ. نەخۆش چاک بۆوە و کەوتەوە سەر ژیانیی ئاسایی. ئەوئافرەتە، شووی کرد و بووە خاوەنی ژیان و مێرد و ماڵ و منداڵی خۆی.»

میرزامحەممەد رفاعی، خاوەنی بەرهەمی نووسراوەش بوو. کتێبێکی نووسی بەناوی"دەرمان بەگوڵ وبەگیا"، کە بەتیراژی٢٠٠٠بەرگ لە چاپ درا. لەو کتێبەدا باس لە ئەزموونە حەکیمیەکانی سەردەمی ژیانی دەکات. ئەو کتێبە بە ناو کتێبخانەو بنکە فەرهەنگیەکان وهۆگرانی کتێب بڵاوبۆوە. سەرتای کتێبەکە، بەدێڕێک لەشێعرەکانی سەعدی شیرازی دەست پێدەکات: (عبادت بەجزخدمت خلق نیست، بەتسبیح وسجادە و دلق نیست). میرزا محەممەد، لەبواری ئەدەبیشدا بەتوانابووە و شارەزای زمانەکانی، فارسی و عەرەبی وکوردی بووە. لە کۆمەڵە شێعرەکانیدا، باس لە ئێش وئازارە کۆمەڵایەتییەکان وداکۆکی کردن لەزانستی مۆدێرن وکێشە ئایینیەکانی هاوچەرخ دەکات. هیوادارم بتوانم ڕێ لە فەوتانیان بگرم و لەکاتی گونجاو، لە توێی کتێبێکدا، لە چاپیان بدەم.

"ناوەندی بەڵگەنامەکانی ئێران"(مرکزاسناد ملی ایران)، وتووێژێکی چڕوپڕ و تایبەتی لەگەڵ میرزامحەممەد، سەبارەت بەپیشە و شێوە و نموونەی کارە پزیشکییە سوونەتییەکانی گوندی سەبەتڵوو، پێک هێنا. دەقی ئەو وتووێژە، لە چاپ درا و،بە"ژمارەی٥/٤٨٨٠ بڕواری١٣٨٠/٦/٢٥ی هەتاوی"، بەفەرمی چووە نێوبەڵگەنامە فەرمییەکانی مێژووی ئێرانەوە.

لە وتووێژێکی دیکەدا، میرزا محەممەد، لە گەڵ تلەفیزیۆنی مەهاباد، شێوەی سوونەتیی چارەسەریی نەخۆشەکانی، بە تێرو تەسەلی شرۆڤە کردووە، کە کاتی خۆی ئەویش، پەخش وبڵاوبۆتەوە.

میرزا محەممەد، کاتی خۆی کە لە تەمەنی لاوەتیدا دەستی کردبووبە پیشەی حەکیمی، لەگەڵ شۆڕشی قازیدا لە پێوەندیدا بوو. میرزا محەممەد، لەگەڵ دۆستی دێرینی خۆی مامۆستامحەممەدی مامڵێ، لەگوندی"گلۆلان"ی گەورکی مەهاباد، لەژێرچاوەدێری کەسێک بەناوی"میرزاهاشمی مهابادی"(دوکتورشیرازی)، پێوەندی لەگەڵ شۆڕش دا هەبوو.

- "میرزاحسێن"،سێهەم کوڕی حاجی فەقێ قادربووە. ئەویش لە ئەزموونەکانی باوکی فێر بووە و کەڵکی وەرگرتووە. ئەو،بەکەڵک وەرگرتن لەدرمانی خۆماڵی،سەرقاڵی تیمار و ڕەواندنەوەی ئێش وئازارەکانیدان بووە.

- "میرزاحەمەمین وەفایی"،چوارەم کوڕی حاجی فەقێ قادربووە. کەسایەتییەکی بەناوبانگ وخۆشەویست لە نێوکۆمەڵگەدا.لەساڵی١٣٣٥ی هەتاوی لە نەخۆشخانەی بانە(بیمارستان)، وەک فەرمانبەر دادەمەزرێت و یاریدەدەیی پزیشکی بووە. میرزا حەمەمین، پاش نزیکەی دەساڵ خزمەت لەنەخۆشخانەی بانە، بەهۆی چالاکیی سیاسی ژێرزەوی(شاراوە)، لەساڵی١٣٤٢ی هەتاوی، لە کاتێکدا زۆربەی هەڤاڵان وهاوڕێیانی لەلایەن ساواکەوە دەستبەسەر دەبن،کۆچ دەکات بەرەو باشوری کوردستان و،لە ناوچەی پێنجوێن،بە کەڵک وەرگرتن لە زانستی حەکیمیی سوونەتی، بژیوی ژیانی خۆی دابین دەکات. لەوێش زۆر خۆشەویست بووە لەنێوخەڵکدا و دەبێتە هاوکارێکی دڵسۆز بۆ شۆڕشی بارزانی و، لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە چەندین خەڵاتی پێبخشراوە. جارێکیش لە لە گوندی"گەوڕان"ی سەر بە شارۆچکەی"پێنجوێن"، لە بۆسەیەکی تیرۆر، کە لەلایەن "ساواک"ەوە بۆی داڕێژرابوو، رزگاری دەبێی . پاش ٢٨ساڵ دەربەدەری و دووری لە زێد و کەسوکار، لەگەڵ کۆڕەوە بەناوبانگەکەی کوردانی باشوری کوردستان، لەساڵی١٩٩١زایینی، ١٣٧٠ی هەتاوی، دەگەڕێتەوە بۆزیدی باو و باپیران و لە سەبەتڵوو نیشتەجێ دەبێت و پاش سێ ساڵ مانەوەی لەگوندی سەبەتڵوو،دڵە گەورەکەی لەلێداندەکەوێت ومالاوایی لەژیان دەکات ولە گۆرستانی حەکیمانی سەبەتڵوو، بە بەشداری جەماوەرێکی زۆر لە کوردانی باشورو رۆژهەڵاتی کوردستان بەخاک دەسپێردرێت.

- "میرزا ئەحمەد رفاعی"،پێنجەم کوڕی حاجی فەقێ قادربووە. میرزا ئەحمەد، بە هۆی پێداویستی دەڤەری بانە ودەور وبەر بە دەواودەرمان، لەساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی دەرمانخانەیەک بەناوی"سینا"لەبانە دەکاتەوە. خاوەنی دەرمانخانەکە، بەرێز"میرزا ئەسعەد محەممەدی" بووە، کە پلەی خویندنی کارناسیی زیندەوەرناسی بووە، ئەو دووکانەکەی بەچەند قەڵەم دەوای سوونەتی و عەتتارییەوە، دەفرۆشێت بەمیرزائەحمەد رفاعی. پاشان پەروانەی فەرمی وزارەتی تەندروستی بەناوی (داروخانە رفاعی و برادران)، بەژمارەی١٨٢١٨ ، بەرواری ١٣٣٧/٩/٨ی هەتاوی، بۆوەردەگیرێت. میرزا ئەحمەد بەگشت جۆری دەوا و دەرمانەکانی سەردەم، کەلەلایەن شەریکە و کۆمپانیا دەرمان سازەکانەوە بەشێوی مودێڕن، بەزمانی ئینگلیزی دەنووسرا، شارەزا بوو. میرا ئەحمەد، ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەت کردنی خەڵک ودابین کردنی پێداویستیە دەرمانییەکانیان.

- "حاجی فەقێ یونس"،سێهەم کوڕی حاجی حەمەڕەزابووە. حەکیمێکی شارەزا ولێزان لەکاریدەرمان و چارەسەری نەخۆشەکاندا. درێژەدەری ڕێبازی باوکی بووە. پیاوێکی بەئەزموون وقسەخۆش وشوخی باز. هەر زامدارێک بۆ چارەسەر دەچوو بۆلای، پێش تیمارکردن،بە قسەی خۆش، وەک وتار دەرمانێکی لێهاتوو، هەوڵی ئەدا بۆ ڕەواندنەوەی ئێش و ئازارەکانی نەخۆشەکەی. بەهۆی ئەوە کەحاجی حەمەڕەزای باوکی ماوەیەکی زۆر، حەکیمی دۆڵی"نەمەشیر"و"نجنێ" بووە،پاش مردنی باوکی، لەلایەن خەڵکی ئەو دڤەرەوە بۆئەنجامدانی کاروباری حەکیمی بانگهێشت دەکرێت. ماوەیەکی زۆر، لەگوندی"نجنێی سەروو" وگوندەکانی دەوروبەر، سەرقاڵی حەکیمی دەبێت. دیوەخانەکەی، جیالە ئامرازی تیمارکردنی زامداران،ڕازابۆوە بە کتێبی مێژووی ئەدەبی،حەکیمی، گوڵستان و بۆستان و...ئەوانەی دەچوونە سەردانی،کتێبیان بەدیاری بۆدەهێنا. دەست وپەنجەیەکی ڕەنگینی هەبووەلە هونەری جوان نووسیدا، خاوەنی حەوت کوڕ بووە بەناوەکانی،"حاجی فەقێ سەعید"،"میرزامستەفا"،"میرزاصدیق"،"کاک حەمید"،"کاک مەجید"،"کاکرەسوڵ"،"کاک سەلیم"،ودووکچ بەناوەکانی، "خاتوو ئامینە"و"خاتوو زیبا". دوای تەمەنی ٨٥ساڵان، ماڵاوایی لەژیان دەکات و لەگۆرستانی سلێمان بەگی بانە بەبشداری جەماوەرێکی زۆربەخاکی دەسپێردرێت.

- "حاجی فەقێ سەعید"و میرزامستەفا،درێژەدەری پیشەی حەکیمی باوکیان بوون. حاجی فەقێ سەعید، حەکیمێکی بەتواناو زانا و شارەزا، دانیشتووی نێوشاری بانەبوو. ماڵ و دیوەخانی هەمیشەی لانەو پەنای نەخۆش و برینداەکان بوو. بە هۆی کاریگەریی زۆر باشی دەرمانە خۆسازەکان و کارەحەکیمیەکانی وەک داهێنان و نوێکاری، بەتایبەت گیادەرمانییەکانی،ناوبانگی لە بانە و ناوچەی خۆمان تێپەڕیبوو. دەرمانێکی بەشێوەی مەڵهەم دروست دەکرد،بەناوی"دەرمانی حەوت گیا"،کەلەماوەیەکی کەمدا،برینەکانی گۆشتەزوون و ساڕێژدەکرد. زۆرجار، کەسانێک کەلەشارەکانی دیکەچارەسەریان بۆنەدکرا، دەهاتنە لای و بەکەڵک وەرگرتن لەدەرمانی خۆماڵی چارەسەریانبۆ دەکرا.

- "میرزامستەفا"، یەکیدی لەکوڕەکانی حاجی فەقی یونس بووە، کە سەرقاڵی پیشەی بەرزی حەکیمی بووە.ئەو دوای ماوەیک کار و پیشەی حەکیمی لەگوندەکانی پاش ئاربەبا، بەهۆی چالاکیی سیاسی، ناوچەی بانە ی جێهێشت و ڕووی لە باشووری کوردستان کرد. لەوێ، لە گوندەکانی"دارۆخان" و"بێماوە"ی دەفەری پێنجوین، گیرسایەوە و بوو بە حەکیمی ئەو دەڤەرە.لە نێوخەڵک وسەرۆک عەشیرەتەکان، خاوەن ڕێز و خۆشەویستی بوو. لە"شۆڕشی ئەیلوول" ی بارزانی، وەک یاریدەدەرێکی پزیشکی سوونەتی،ڕۆڵێکی باشی هەبووە و، چەن خەڵاتی لە لایەن شۆڕشی بارزانییەوە پێبەخشراوە.

## چەند وێنەی حەکیمانی سەبەتڵوو:


حاجی حەکیمی ڕەضائی کوڕی حاجی فەقێ قادر (١٢٨٤ ـ ١٣٦٨)


میرزامحەمەدی رفاعی کوری حاجی،فەقی قادر ( ١٢٩٥ ـ ١٣٨٨ )


میرزاحمەمینی وفای کوری حاجی فەقی قادر (١٣٠٥ ـ ١٣٧٢)


میرزامستەفا ی سادقی کوری حاجی فەقی یونس ( ١٣١٥ ـ ١٣٩٩ )


حاجی فەقی قادرکوری حاجی حمەرەزا (١٣٢٦ ـ ١٣٤٥)


حاجی محەمەدی مینایی کوری درویش صالح (١٣٠٠ ـ ١٣٧٧)


حاجی فەقی سەعید کوری حاجی فەقی یونس (١٣٠٥ ـ ١٣٩١)


حاجی فەقی یونس کوری حاجی حمەرەزا (١٢٦٧ ـ ١٣٥٣)


میرزاحسین صادقی کوری حاجی فەقی قادر ( ١٣٠٢ ـ ١٣٧٧)


میرزائەحمەدی رفاعی کوری حاجی فەقی قادر ( ١٣١٠ ـ ١٣٨٣)

## هاواری ژینگە



**پاوە**
**عوسمان ڕە حیمی هەجیجی**

بابوت بنووسم بە خەتی جوانم
هاواری ژینگەی بەڕوو قەسوانم
جەماوەریان کەم بیکەم بەنامە
بابن بە مێژووی نمایش نامە
ئەڵێن شای داران نەو بەهارانین
جێگای سەیران و سەفای یارانین
لەو ڕۆژەی خولقاین لەو بیابانە
زێکری بۆئەکەین ئەو مێهرەبانە
لەو کەژە چۆڵەی ئەژین بێ ئاوێ
غەیر لە بارانێک بباری تاوێ
بەو هەموو گەرماو سۆڵەو سەرماوە
هێشتا سێبەری جوانمان ماوە
چەتری خۆرەتاو گەرمای هاوێنین
جێ حەسانەوەو پاکوو خاوێنین
بە عام ئەزانن سەمەر پڕ بارین
بەڵام لە دەستی زاڵم بێزارین
دانەیێک سەمەر کەوێتە خوارێ
بە ئیرادەی حەق ئەبێتە بەدارێ
لەناکاو دەستی چەپەڵی بەد کار
ئاگر بەر ئەدا ڕیشەی پیرە دار

بێ تاوان بێدەنگ لەکەژێ دوور دا
ئەسووتێن لە نێو ئاگری سووردا
هەر لە بێ ڕەحمی ئەو ئاگرەی سوور
هەردوو دۆڵ ئەکا بە چاڵە تەنوور
ئاخ لە هەناسەو بڵێسەی داران
فەریاد لە قیژەی دەنگی گیان داران
ئاخۆ کەی بگرێت یەخەی بەد کردار
بەسزای خۆیان ببن گرفتار
بەڵام بەو زامەی سەرا پای لەشم
بە بێ باخەوان هەر ماوم گەشم
سەیری کە باڵاو گەڵای سێبەرم
حەیرانی ئە کات دڵی دڵبەرم
بە قەدو قامەت سەوزو سەر حاڵم
سەفا بەخشێکم بۆ ژینگەی کاڵم
بۆ خاس و عامە سەیبەری پۆڕم
سەمەری جوانو بەگەڵای شۆڕم
کام پاچوو بێڵێ دا لە بن داران
کام جۆگەی ئاوت برد بۆ گوڵزاران
کام پاکیت کردم کام بنت ماڵی
کام تۆمت چەقاند ناو عەرزی خاڵی

کامە دیوارت لە دەورم چنیت
کام تۆڕ و تەل بەن بۆ داران تەنیت
دیارە دوور لە شوکرو سپاسی
قەدری ژینگەکەت هەرگیس ناناسی
پام بە تەورەت دەم هێنی لەرزە
پام ئەم سووتێنی بەو شێوەو تەرزە
خەیاڵت خاوە ئەرچی سووتاوم
هەم سەوز دەبمەوەو لەریشە ماوم
نازانی ژینگە سفرەی ژیانە
ژیان بێ ژینگە ژان و نەمانە
شەرت بێ رسوات کەم لەم ڕەنجوو جەورە
شکاتت ئە بەم دیوانە گەورە
شەهیدان داران شاهێدن بۆتان
کەوا بەخشیتان بۆیان گیانتان
ئێوە شەهیدی ژینگە پارێزن
گیان فیدای خاکی پاکوو ئازیزن



**سەقز. فەریدەکاکی**

خۆشەویستیت تەواو نابێ
لە دڵمدا ..
هەموو ئایینەکانی ئاڵۆزاندووە
شێعرەکانم و
دێڕ بە دێڕ بە نوێژ خوێندن وێستاون،
بۆ نۆشدەرمانێ
کە وا ئاگری حەسرەت و
دڵتەنگی نەبوونت
بداتە دەستی خامۆشی ..
نیگاکانم
بۆ داخوازی چاوەکانت
لە تۆتۆی چیرۆکی هەزارو یەک شەودا
مۆم و پەپوولەی زۆری
لە ئەشق گوزەراندووە..
تۆ ڕۆیشتووی و من ماومەتەوە
لەگەڵ دڵێ
وا کە لەنێو لێدانەکانی بێقەراریدا
هەناسە کێشانی لە بیر چووەتەوە...

## یاد



**سەقز. ژاڵە سەفییاری**

غەزەڵ غەزەڵ کە یادی تۆ دەبێتە نەوبەهاری من
بە یادی یادەکـانی تۆ، تێـپەڕە ڕۆژگــاری من

بە ڕێوەم و لە ڕێگەدا هیــلاکە هەستی بێکەسیم
سوپای کرێوە بوو ئەوین کە هات بەرەو هەواری من

هەناسە ماندووە و دڵم شـکاوی تیــر و تانــەیە
قەراری قەلبی عاشـقم، نــەماوە بۆت قەراری من

بە کۆچی تۆ لە کۆچی خاک نزیکترە دڵم کەچی
پڕی هیوایە ئەم دڵە کــە دێی بەرەو دیاری من

ئەتۆ لە خێڵی واعێزان، ئەمن شەکەت لە تاسەتم
وەرە لە ڕۆچـنی خــەوێ، میوانـــەکەی شەواری من

لە قامووسی مەدا نەبــوو، خــەڵاتی کەن جەفا و جەور
بە کوردی هەر دەمــێنم و ئەویــنە وێردی زاری من...

## کتێو



**سنە. گوڵاڵەسەڵواتی" گوڵیار"**

لە نێو کۆڵانی چۆڵی بیرۆڕاکانم لە بۆ ئاسوودەیی
ڕۆحی هەڵوەداوم
و پەیجۆری پەرستاری لە باڵی
برینی زانیاریم تینی ئامێزم تەنیا
لەگەڵ تۆ،دابەش ئەکەم ئەی کتێو.
ئەی پەرەستگەی تاکەسواری مێژوو،
ئەی دەرخەری ڕووناکی لەشەوەزەنگی
ڕۆژگاران
تۆبەزمانی بەسزمانی خۆت بۆم باس ئەکەی:
لەسەرەتای ژیان ئەوەی هەبووە دەیەوێت بێت ،ماوە لە گەڕان زەوین
لەقووڵایی دەریاکان وبێ سنووری ئاسمان،
لە با و باران و هەورەکانی سەرگەردان
لەتەختان بەندان و لەیلان
لەگەڵ ئاڵتوونەکانی خەزان،
لەمێژینەو بنچینەو نیشتمان
لە حەماسە و خەبات و بەرخۆدان
لەگەورە پیاوان و ئاسەواران و یادە هەتاهەتاییەکان
لەئێوارەی شار و چاوەنواری بەرەو کۆڵانی دڵۆڤانی
لە یاسی جێ ژوان و دڵخۆشی و جوانی
لە شێعر و دلدار و بۆنی بەیانی
لە دووروەڵاتانی عاشق لە حەشارگای غەریبی

لەهەژاری، کرێکاری، نەداری
لەخاوەن ماڵانی بێ ماڤی نادیاری!!
لە شەوەزەنگی هەڵواسراوی شادی
لە زەردەخەنەی خنکاوی ئازادی!!

لەباڵی فڕین هەتا لووتکەی واستن
بەرەو هەورازی شاری ئاوات
لە ئەوین لە خوڵقێنەر و خوڵقاندن...
....ئاخ ئەی کتێو ،زمانم ئەوندەیش بەهێز نییە
لەهێزت
لەدەربرینی ناوت،لەباسی ڕەنگامەیی پیتەکانت تێماوم
لە بارودۆخت لە هەناوت
وەها لێڵم لە نێوانت،
کەهەڵبەت بەتەواوی ڕۆحم تێکەڵی قاڵبی تۆیە
منی داژداری دایمە میوانت، بیرم هەڵئەفرێتە هەرشوێنێک کە ئەتەوێت
لە پاڵپشتی ئەلف و بێ وەکوو هێلانەت
لەگەڵت هەتا شەو دەچم
هەتا هەسارەکان، مانگ بە ئامێز ئەکێشم
لێوەکانت وەکوو ئاسمان سوورە
دەستەکانت دڵۆڤانە وەکوو باوک بەخێو ئەکەی
وەکوو دایک،
تینی وەکوو ڕووجیارت هیوات دڵخۆشیەکانت
پیشاندەری ئەوینە
یەکمین ئاخاوتەت وتەی خودایی هەتا تەختی مەزنە
دێربەدێری تۆ عەتراوی لە زانست،ئەی تۆ
سەرزیندوویی زانیاری بمێنە هەتا پێشاندەری ڕێگەی بەهەشتی هەستم .



## من لێرەم

سەقز. مریەم  یەتیمی

من لێرەم لەم شارە کە
شار پڕە لە سایەقەی
شەوی سارد و سڕ و
شەختەی مانگی تەزیو و
سارد و سڕی چاوم لێیە
گوڵ ئەستێرە تریفەی
ئەوەڕێ بە سەر زوقمی
ئەم شارە کەسیرەدا
هەناسەی ساردی ڕۆژەکەی
لە دایک بوونی فرمێسکی
گریاناوی منە
لەم شارە سارد و سڕەدا
پەنجەکانم گۆ ناکا
شێعرم لە کەلەوای
سەر شەقام  سارد و سڕتر
چ هەوایەکی زردەڵ و نزۆکە!
ئەڵێی دنیا
مێهرەبانی خاک کراوە
ئەڵێی دنیا برینەکانی
بەستوویەتی!
من لێرەم و شار پڕە
لە بێکەسی دایکم
لە بێکەسی دایکتان
لە بێکەسی کەستان
لە بێکەسی چەن شاعیرێکی
دەروون کەیلی دەرد
لە گوێی دوورترین ڕۆژەکان
من لێرەم و خەونەکانم
وەک باڵندەکانی دەم با وەیلان
وەک فرمێسکی هەورەکان
دەبنە پۆل پۆل پەرەسیلکەی بێ لانە
من لێرەم و بەرانبەرم
عەکسی هەر چی مێهر و مێهرەبانیە
خێسە لە سەرکەوتووترینی
بێدەنگیم ئەکا
من لێرەم و هیوا لە بەهار نزیک تر
 لە گۆنای قەڵەمەکەم
گەڵا گەڵای هیوام ئەژییەتەوە
من لێرەم و خەونە ون
بووەکانی زارۆکیم
بانگم ئەکا...
من بە تاڵێک شێعرەوە
شۆڕئەبمەوە
باوشی دایکم و
لە ناو بزەی خەماویەکانیدا
خەونە ون بووەکانم
ئەدۆزمەوە و
هیواکانم باڵا ئەکا بەکاتی زستان وبووکەبەفرینە



## بۆ یادی کاک فەتاح ئەمیری

بۆکان. ناتق مەجیدی(سۆران)

لای مەنیچەر تەمتوومانە و "گێژەڵووکە" و بادەوە
دڵ دەڵێ ساقی مەڕۆ نیزیک بەوە وا بادەوە
خەم هەمیسان ماڵی کوردی پڕ لە شین کرد داخەکەم
دەنگی "میرزا" دێ لە دووڕا بەو دڵەی ناشادەوە
هەر "خەیاڵ"ە و "خەم" بە دووی‌دا دێ بە یادی بێ ئەوی
سەر دەشێوێ، قوڕ دەپێوێ نیشتمان بەو یادەوە
مەی ڕژا، مەیخانە چۆڵ بوو، ساقیا بۆ کوێ دەچی؟
گەرمەشینت خستە کۆڕی نیشتەجێی ئەو جادەوە
ڕەش دەپۆشن شار و لادێ دێن بەرەو شینگەت بە کۆ
دەتخەنە ئامێزی گەرمی شین و ڕۆی بێ‌ڕادەوە
"هێمن" و "نووری" و "حەقیقی"ش چاو بە گریان چاوەڕێن
ڕاچەنی گۆڕخانە بەو گریان و بەو فەریادەوە
خاڵۆ چیرۆکی گەلی کورد، ئۆغرت خێر بێ، بڕۆ
هەر دەمێنی تۆ لە بەر چاو بەو قەدەی شمشادەوە
نامرن بێ شک ئەوانەی چەشنی تۆ بۆ گەل ژیان
دیارە شانازی دەکا ئەو خاکە بەو ئەولادەوە
شێعری "سۆران " شینە بۆ تۆ و بۆ ئەوەی لەو زێدەدا
پڕبەدڵ نووسی بە یادی گۆی زەوی ئازادەوە



## ئەفسانەی عەشق

هەولێر. ڕەمەزانی ئەحمەد میرزا(بێدەر)

شەپۆلی پرچی شەورەنگت، بۆتەی زاخاوی چاوانە
دوو قوببەی بارزی مەرمەڕ دەڵێی پشکۆژی ساوانە
لەفیستیڤاڵی پێشبڕکێی، ناوی ناوازەیی ناوان
عەزیزم ناوی شیرینت، سەرچۆپی کێشی ناوانە
بەساکاری چۆنی ئەوها، گوڵی من شای جووانانی
چ پێویستت نییە بەخوا بەگەردانەو بەپاوانە
کەجار جار چاو بەرەڵلاکەم لەبۆ خۆراک و زاخاوی
بێگومان ڕوویی بێگەردت بژوێن ترینی پاوانە
دەری ئەفسانەیی عیشقی من و تۆ واز ببێ ڕەنگە
هەزاران عاشقی دوای مە لەئێمە وەرگرن وانە
بلا ماندی نەکەن خۆیان ئەوانەی ڕێگری عیشقن
کەچونکە مەجنوونی عیشقی نەباکی بەندو داوانە
لەواری خۆشەویستیتا تاجی عیشقم لەسەرناوە
لەدەریای شادی پێل دەدەم لەکێدێ میرو شا وانە

# حاجی مەلا موحەمەد ڕەسووڵ ڕەشیدی حەمامیان



سەقز.غەفور کەسنەزانی" ژاکاو"

شەوی هەینی ڕێکەوتی ١٤/١٠/١٤٠٣هەتـاوی مـن و حـاجی مامۆستا مەلا عوسمان حەیـدەری و کـاک عەلـی بـرای دەعـوەتی میـرزا موحـەمەدی دەروێشـان بـووین له شەهرەکی بۆکان.

دوای شام هەستاین چووینه خـزمەت مامۆستا مەلا موحەمەد ڕەسووڵ ڕەشیدی حەمامیان بۆ هەواڵپرسی و سەردان.

مامۆستایەکی پیری خوێن شیرین و دەم و دوو خـۆش، خـوی و خێزانـی به تەنیـا له مـاڵێکی گەورەو بەرفەراوان دانیشـتبوون، دوای به خێرهـاتن و هێنـدێ قسـەی خۆش له ژیان و بەسەر هاتیمان پرسی، ئەویش به جوانی و له سەرەخۆ سەربردەی ژیانی بۆ گێڕاینەوە.

مەلا موحەمەد ڕەسووڵ ڕەشیدی کوڕی عەبدوڵلا له ساڵی ١٣١٦هەتاوی له گوندی حەمامیانی سەر به شـاری بۆکـان له بنەمـاڵەیەکی هەژار هـاتۆتە دنیـاوە، باوکی مجێوری مزگەوتی گوندەکه بووە، ئەمیش وەک هەموو منداڵانی ئەو سەردەمه گەورە بووە تا تەمەنی گەیشتوەتە ١٢ساڵان، لەو ماوەیەدا تا ڕادەیـێ له خزمەت فەقێکانی ئەوێ قورئانی خوێندووە، دواتر له سەر پێشنیاری مەحموود ئاغای ئیلخانی زادە دەبێتە بەردەستی چاپەزی مـاڵی ئاغـای، نـزیکەی سـاڵێ بەوەو سەرقاڵ دەبێ، باوکی زۆری پێخۆشبووە بچێتە خوێندن. هەر چۆن بێ لەو بـارو دۆخە خـۆ دەدزێـتەوەو سـەری خـۆی هەڵـدەگرێ، سـاڵی ١٣٢٩دەڕواتە بانه و لەوێ به خزمەت مەلا موستەفای برۆ سپی پێنجوێنی دەگات(١)، ئەویش پێشتر له حوجرەی گوندی حـاجی کەنـد له خـزمەت مامۆستا مەلا موحەمەدی کوڕی مەلا عەلی وەلژی فەقێ بووە دەیناسێتەوە، پێی دەڵێ: بۆ کوێ دەچی؟ دەڵێ: دەمەوێ بچمه مەریوان بۆ خوێندن، ئەویش دەڵێ: نا بچۆ پێنجوێن و ماڵی ئێمه تا من دێمەوە، بەرەو پێنجوێن دەڕوات و له مزگەوتی جامێعه دەگرسێتەوە لەوێیش به خـزمەت مەلا موحـەمەدی بـانەیی دەگـات که ئەویش له خـزمەت مامۆستا ئیسماعیل مەلای مزگەوتی جامێعەی پێنجـوێن دەخـوێنێ، بەڵام نـامێنێتەوە و بەرەو مەریـوان و گونـدی(بێلـوو)دەڕوات، دەچێـتە خـزمەت مەلا عەلـی پووره بەڵقیس که مامۆستای بێلوو بووەو خەڵکی حەمامیـان، لەوێ دەمێنێتەوەو له خـزمەت مامۆستا دا دەس دەکـات به زانسـته سـەرەتاییەکانی عەرەبـی، ماوەی پێنج ساڵ واته تا ١٣٣٤هەتاوی درێژە به خوێندن دەدات تا دەگاته (سیوطی) و باسی (مبتداء خبر).

پاشان هەر لەوێ دڵی دەچێته سەر کچێک و ناچـار دەیهێنـێ و هەر ئەو ڕووداوە دەبێـته هـۆی ئەوەی بگەڕێـتەوە بۆ حەمامیان،مـاوەیێ هەر له حەمامیـان له خــزمەت مەلا مەسـعوود وەلـزی دەخـوێنێ و پاشـان له خــزمەت مەلا سـەید عـومەر حوسـێنی و مەلا ئەبـووبەکر حەسـەنزادە(متـرجم) درێـژە به خوێندنی(ملطقه)دەدات.

به هۆی ئەوەی کاتی سەربازی دەگـاتێ له لایەن حـوکمەتەوە دەگیـرێ و دەیـبەنه قەڵای سـەردار، لەوێ دەرفەت دێنـێ و هەڵـدێ، پاشان ڕوو دەکـاته گونـدی (جەمیان) و خۆ دەشـارێتەوە تـا چەن وەختـێ، ئەوجـار دەچێـته خـزمەت مامۆستا مەلا ئەبـووبەکری شـەفیعی و دەس دەکـات به (مطول)، دیسـان له ترسـی سەربازی دەڕوات بۆ قارەوا بۆ خزمەت مامۆستا مەلا عەبدوڵلا تاهیری و لەوێوە دەڕوات بـۆ خـزمەت مەلا موحەمەدی مەدینی له گونـدی سوننەتەی سـەقز ، بەڵام لا هیچیان گل ناخواتەوە.

دوای ئەوە دەڕوات بۆ شاری شنۆ(له بیری نەمابوو له خزمەت کێ و له کـام مـزگەوت بـووە)، پاشـان دەڕواته دزەی مەرگەوەڕ بـۆ خـزمەت کـوڕی مامۆسـتای حەمامیان و یەک ساڵ دەمێنێتەوە، پاشان دێتەوە عەمبارو له خزمەت مامۆستا مەلا موحەمەد ئەمین ئەشعەری درێژە به خوێنـدن دەدات، لەوێـوە بـۆ دواجـار دەڕواته خزمەت مامۆستا مەلا عەلی ڕەببانی له بوغدەکەندی و چوارسـاڵی تەواو له خـزمەت ئەودا خوێنـدن تەواو دەکـات، بەڵام ئیجازەنـامەکەی له خـزمەت مامۆستا مەلا جەلال شافعی سەقز وەردەگرێ،

دەورانی مەلایەتی لەم شوێنانه بووە ، ماوەی ٥ساڵ له گوندی (قۆچاخ)مەلایەتی کردووە. پاشان دەڕوات بۆ گونـدی (نـوێژگە)ی نـاوچەی دەشـتەتاڵی بـانه و ساڵێ لەوێ دەمێنێتەوە، دیسان لەوێوە بارگەوبنه دەپێچێتەوەو دێته گوندی (مەندیل بەسەر) و دوای ساڵێ لەوێیش دەڕوات بـۆ گونـدی (کەرێـزەی سـەردار) و پێنج ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، ساڵی ١٣٥٢هەتاوی هەر له کەرێزە له ڕێگەی عێراقەوە سەفەری پیرۆزی حەج دەکات.

(هەر لەو ماوەدا سێ جار سەردانی جەزیـرەی خـارکی کـردووە ) له کەرێـزەوە دەڕوات بـۆ گونـدی (خوردەلـووکی) له نـاوچەی سەرشـیوی سـەقزو دوای سـاڵێ دێتەوە بۆکان و دەس له مەلایەتی هەڵدەگرێت، پاشان له سەر داخوازی دۆستان دەڕواتەوە بۆ مەلایەتی و ئەوجـار له نـاوچەی چـۆمی مەجیـد خـان و گونـدی (کولبەی ڕزاخان) دەگرسێتەوە. سێ ساڵ لەوێیش مەلا دەبێ، تا سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران،ئەمرا بۆ هەمیشه دەس له مەلایەتی هەڵـدەگرێ و له بۆکـان نیشته جێ دەبێ.

مامۆستا له خوێندنەوەی قورئان و زانستی تەجوید به ناوبانگە، هەر وەها ٢٥وشەی قورئانی دەسنیشان کردووە که زۆرینەی خەڵک به هەڵه دەیخـوێننەوە، مامۆستا مەلا ڕەسووڵ له دەورانی دانیشتنی دا له بۆکان چوار نامیلکەی بەم ناوانه نووسیوە.

١ ـ ناڵێم شاعیرم
٢ ـ ڕوون کردنەوەو ڕاست خوێندنەوە
٣ ـ چارەسەری دەردی دەروون
٤ ـ راه خدا

مامۆستا خاوەنی چوار کوڕ بووە، یەکیان له شەڕی عێراق ئێران که سەرباز بووە شەهید بـووەو کـوڕی گەورەیشـی پـارەکە به نەخۆشـینی شـێرپەنجە کـۆچی دوایی کردووە

(١) مەلا موستەفا مەحموود ناسراو به
مەلا مستەفا برۆسپی له ساڵی ١٩٣٠زایینـی له قەزای پێنجـوێن له داییکبـووە، له ١٩٥٩بـۆ ١٩٦٠له خـزمەت مامۆسـتا مەلا عەبـدولکەریم مـودەڕیس له بەغدا بڕوانامەی مەلایەتی وەرگرتووە، له ئەزهەری میسر خوێندنی ماستەری تەواو کردووە، له ١٣/٧/٢٠٢٢له سلێمانی کۆچی دوایی کردووە



## کزیم کزیۆوە

هەورامان. ئامینە ڕەحیمی "ژوان"

ئەرەجیۆم هەرگیز
- تا ئا ڕادە -
باوڕوو بیەیم
جە خەلەپووچ بیەی
نەریا بێ،
ئەرەجیۆم
بێنا
حەقیقیەتەر چا مشتا
سی سالێ
کێشتێم دیواراره،
حەقیقیەتەر چا قسا
ماساینە گلۆیم و
حەقیقیەتەر
جە غوربەتوو
سەرە ئێشەکام...!

ئەرەجیۆم هەرگیز
پا گردوو گالتەیوە
سەیروو مەرگیم
نەکەردەبێ،
ئەرەجیۆم
کەیلەو ژیوای بێنا
چەنی ڕێحان کەیلوو بوێش
چەنی شاباز کەیلوو فرای
چەنی زەمان کەیلوو
لوای...!

ئاە...
پاییز بێ پاییز ڕاشا!
ئەرەجیۆم هەرگیز
نەواتەبێما:
"وادەما
وەختوو پاوایو هەنگووره
دەیما"
بەڵام
دیای و
هەزاران خۆمێ ئەساتیرێ
نێگاتنە سراویەی بێنێ
دیانێ و
وجوودم بێ
ڕەستاخیزوو
مەسی و ڕسوایی!

مەگەر چا ساتێ
گجیە چەرمەکەت یاوانۆ
چننە ویەردەن؟

مەگەر ماتەمی دووکەڵینوو
دماهەمین جگەرەیما
جە چن سلوولام درێخ بیەن؟
مەگەر سەفەر
چننۆمین زاموو
ئی ڕۆحە هیلاکەی بێ؟
کە تا ماچوو ڕاشا
بە شێتە و
لێوێم زانا...!

مەگەر گەرمی هەناسەیت
مشۆم
چننە شۆڵێ وزۆنە گیانم؟
کە تا نامێت بەروو
ئەرەجیۆشا وەهنینی
مەگەر چننە؟
مەگەر چننە؟
دە جوابم
هەو تەنیا یەقینوو
ژیوای گوماناوی...!

ئەرەجیۆم هەرگیز
- تا ئی ڕادە -
باوڕوو عەشقیم
جە عابادی نەریان،
ئەرەجیۆم ئاشقەنا
فیشتەر جە مریچیڵێ
فیشتەر جە پایزی،
بەڵام
کزیم کزیۆوە
ترنجنەمنە باوشیت
ڕاشا گیان!
گرد کەس
وەتەنوو وێشنە قوزا!



هەورامان. عەباس غەریبی

تاتە گیان ئەر تۆ نەبینە ئی هەوارە چۆڵە ڕۆ
ئەی ئەدا بێ هەڵمەت و تۆ ساج و نان و دۆڵە ڕۆ

ئای چە وەش بێ عانوو  وەرمی لیفەکەی دیندێ سەرم
بێ سوینوو ئا دەساتا لێف و هەم سەککۆڵە ڕۆ

عاڵەمێ بێ تووڕەییتا عانوو تۆزوو پەچچەکا
تۆزوو پانتۆڵ و گجیم و چڵک و ئا سەر قۆڵە ڕۆ

چن مەکین بێ کەپر و تۆختان یا چراوی و شۆڵەکەش
ئیسە ماچوو کەپر و تۆختان و چراو و شۆڵە ڕۆ

بەخ ئەچا پاییزی هۆڵ وەز بێ بە مێمانوو دەسا
تا قیامەت ماچوو پاییز و وەز و ئا هۆڵە ڕۆ

سەوزێ گیانە واڵەکێم بێ و من کورە کۆڵەکەتا
ئیسە هەرویما هەتیمێ سەوزێ گیانە و کۆڵە ڕۆ

ئەر مروونە مەرگەکەیچم "نادیار"ا پێسە وێم
کێ بە دڵ شۆنیمرە واچۆ ڕۆڵە گیانم ڕۆڵە ڕۆ

## ترجمه غزلی از قانع به فارسی



خانەگای پاوە. سەیید ڕەحمان مەحموودی

این غرور است توی چشمت یا خماری کاری است؟!
خشم و نفرت یا که ناز است ، یا که از خون خواری است؟!
غم ز من دیوانه تر شد زخم دل آنگونه دید
زخم دل آغاز درد است، علتش هم ساری است
نقش خون است روی سینه م آتشی از داغ دل
اشک خونین جگر از سرخی گلناری است
نگذرد عاشق ز اشک خون خود ، بی غم که نیست
عاشق و دردش قرینند روزگارش زاری است
در مسیر راه خونین یافتم دل را بسی
کی شکار از دید صیاد گم شود ؟!خون جاری است
قانع و سید شبانگاه چشم غم بندند؟ خیر
عادت آتاس دارند شب که شد بیداری است



سەقز. ئەوین ئەڵڵامورادی(کچۆڵەی مانگ)

بەڵام خودا نووسەرێکی سەیر و لێهاتووە...
٨ ملیار چیرۆکی جیاواز بۆ هەر مرۆڤێک لەسەر ئەم زەوییە، ٨ ملیار چیرۆک کە بە هیچ شێوەیەک لە یەکتر ناچن و هەریەکەیان ژانری تایبەتی خۆیان هەیە. یەکێکیان خەمینە، یەکێکیان دڵخۆشە، یەکێکیان ترسناکە، یەکێکیان هەناسەبڕکێیە و ئەوی دیکەیان تێکەڵەیەک لە هەموو ئەمانە..
جگە لەوەش هەر مرۆڤێک لە مێشکیدا جیهانێکی پڕ لە ڕووداوی وروووژێنەر دروست دەکات و هەر جارێک بیر دەکاتەوە چیرۆکێکی نوێ دروست دەکات. هەریەکەمان بەشێکین لە چیرۆکی کەسانی دەوروبەرمان و لەگەڵ هەر جوڵەیەکدا کاریگەری لەسەر چیرۆکەکەیان دروست دەکەین!هەندێکجار باش و هەندێکجاریش خراپ... هەر جوڵەیەک کە لە جیهانی دەوروبەرمان ئەنجامی دەدەین، دەتوانێت چیرۆکی ژیانی کەسانی دەوروبەرمان جوان، ناشرین یان پڕ لە تەحەددا و خەم و پەژارە بکات.
هەندێک جار بیر دەکەمەوە چ نهێنیەک لە پشت هەریەکێک لەم چیرۆکانەدایە.
پێم وایە خودا ژیانی هەندێک کەسی پڕ لە خەم و پەشیمانی نووسیوە، بەڵام لە کۆتایی چیرۆکەکەدا هەموو شتێک جوانتر دەکات، بەپێی توانای کارەکتەری چیرۆکەکە بەرزی دەکاتەوە یان دەکەوێتە سەر زەوی لە بەرزایی بەختەوەریدا...
بە هەموو دادپەروەرییەک...
دادپەروەری وشەیەکی سەیرە، هەمووومان شەو و ڕۆژ گلەیی دەکەین کە دادپەروەری نییە، بەڵام هەیە و هەستی پێناکەین، هەموومان وا فێربووین ئەو شتانە بژمێرین کە نییە و سوپاسی خوا نەکەین بۆ ئەوەی کە هەمانە.
پێم وایە ئەگەر سەد لە سەدی‌دادپەروەری هەبێت، لە کۆتاییدا هەر ٨ملیار چیرۆکەکە دەبووە یەک چیرۆک، ژیانی هەموو کەسێک وەک یەک دەبوو بەبێ ئەوەی یەک تۆز جیاوازی هەبێت...
بەڵام ئایا هەموو ئەم جیاوازیانە نین کە ژیان جوانتر دەکەن؟؟؟..
ئەگەر دادپەروەری خودا لەسەدا سەد بوایە، دەبوو هەموو خەم و کێشە و تەحەددا و خۆشی و مردن و دابڕانی هەموو مرۆڤەکانی سەر ئەم هەسارەیە ئەزموون بکەین.
خۆت بەراورد مەکە بە کەس و هەمیشە باشترین کارەکتەری ژیانت بە. دونیا بەم شێوەیە کاردەکات!
پارە دەدات بە کەسێک، حیکمەتی پێ نادات، حیکمەت دەدات بە کەسێک، پارە نادات،بە کەسێک حیکمەت و پارە ئەدات بەڵام کەسێکی پێ نادات لەگەڵیدا بژی ، حیکمەت و پارە و کەسێک دەبەخشێت لەگەڵیدا بژی، بەڵام ئازیزترین کەس ژیانی لێ دەسەنێتەوە و بۆ هەمیشە پەشیمانییەک لە دڵیدا بەجێدەهێڵێت. دەزانی دەمەوێت چی بڵێم!؟
کەس...!کەس بە ڕەهایی هەموو شتێکی نییە و خۆشبەختییەکی بێ مەرج نییە. تەنها بمێنەوە و ژیانت بەرە سەر!

---



شێعری: سعاد الصباح

وەرگێڕان ـ نادرمستەفازادە ـ ڕەحیمخان

دەمهەوێ وێنەی دەریایەک
بکێشمەوە
لە گەڵ کۆلکە زێرینەیەکی جوان
بەڵام ناتوانم
هەوڵ دەدەم
دوڕگەیەک پەیدا کەم
کە لەوێ دارەکان
بە تاوانی نۆکەری
نادرێن لە دار
وە شەمشەمە کوێرەکان
بە تاوانی خوێندنەوەی شێعر
ناخرێنە ناو زیندان
بەڵام ناتوانم
هەوڵ دەدەم
ئەو ئەسپانە بکێشمەوە
وا لە دەشتی ئازادیدا غار دەکەن

بە بێ وچان
بەڵام ناتوانم
دەمهەوێ لۆتکەیەک
بکێشمەوە
گەر لە گەڵ تۆ
بمباتە ئاخری جیهان
بەڵام ناتوانم
من دەمهەوێ
نیشتمانێک بخوڵقێنم
بە تاوانی
خۆشەویستیت
پەنچاە زەربە
شەلاقم لێ نەدا
بەبێ تاوان
بەڵام ناتوانم



بۆکان. خالند ئەحمەدی

## کتێب

بۆ ژیان وەک چرایە
چیرۆکی خۆشی تیایە

پێمان دەدا هۆشیاری
سەرچاوە بۆ زانیاری

پڕە لە نیگارەی جوان
شێعر و هۆنراوە و پەخشان

بۆ هێزی بیر و هۆشە
گوڵی جوان و بۆن خۆشە

لە لامان خۆشەویستە
کانگای عیلم و زانستە

وتەی وێنەی شەربەتە
وەکوو زێڕ بە قیمەتە

منالان بە دەنگی خۆش
دەڵێن گۆرانی بە جۆش

هەر یەک بەویتر دەڵێ:
"کتێب باشترین هاوڕێ"



## بەڕوو

وەکوو برامە
لە کێو ڕواوە
چەترێکی سەوزە
دار بەڕووی ناوە

سۆما و ڕووناکی
هەر دوو چاوەمە
دۆست و ڕەفیقی
خوا پێداوەمە

هەم برای منەوە
هەم برای ئێوە
مایەی شانازی
بۆ دەشت و کێوە

بووکی زاگرۆس
داییۆشی کوێستان
بۆتە ناسنامەی
خاکی کوردستان

نەکەی بە کایە و
هەوای منداڵی
بە تەور و تەشوێ
بدەی لە باڵی



## قوتابخانە

ساکەکەم هەڵگرت
ڕووم لە ڕێگایە
بە شادی و خۆشی
بۆ قوتابخانە
جێگای شانازیم بۆ بابە و دایە
***
ئەم شوێنە خۆشە
ماڵی دووهەمەو
جێی هاوالانە
جێگای فێربوونی
وانەی ژیانە
***
بۆ وەی بە جوانی
فێری زانست بم
ڕێزی هاوپۆلان
ڕێزی مامۆستا
هەر دەم ڕادەگرم
***
بۆ وەی کە فێر بم
زانست و پیشە
زۆر باش دەخوێنم
بۆی تێدەکۆشم
هەر کات هەمیشە
***
قوتابخانە بۆم
جێگای وەرزشەو
یاری ڕەفیقان
خوشترین جێیە
بۆیە بە دایم
دڵم لەوێیە




## دایە

دەنگی فریشتە
بۆنی بەهەشتە، لە ماڵم دایە
ئەو دەمەی خۆشە کە ناوی دێنم
هەرای لێدەکەم
پێی دەڵێم دایە
***
کەسێک بە دایم لە لام وەستاوە
وێنەی قەلایەک
دەستی من دەگری و
پاڵی وێم داوە
وەک باخچەی گوڵان
جوانە و ڕازاوە
***
دەنگی کە پڕە
لە لایە لایە
جوانترین دیاری لە لای خودایە
فریشەی عەرزەو
چرای ماڵمە
بۆم ڕێنمایە
ئەو کەسە دایم
بۆ منی کورپەی، پشت و پەنایە
هەر بە خۆیەتی
دایە گیان، دایە

